# ئامالّی ڕەخنە و داهێنان

ناوی کتێب: ئامالّی ڕەخنەو داهێنان

نووسینی: ڕزگار سەعید

بابەت: لێکۆڵینەوەی هونەریی

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

هەڵەچنی: سازان قادر

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٢٥٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٢٨ ی ٢٠٠٧

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

کوردستان -سلێمانی

www.sardamco.com

# ئامالّی ڕەخنە و داهێنان

## ڕزگار سەعید

سلێمانی ۲۰۰۸

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٢٠)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

ئێمە نە بەشێوەی ڕاست دەبینین..
نە بەشێوەی ڕاست دەبیستین..
وە نە بەشێوەی ڕاستیش بیردەکەینەوە...

مارسیل دیوشان

## پێشەکی:

ئەم بەرهەمە بە مەبەستی فراوانکردنی پانتایی ڕاژەی کەسی دووەمە، تابواری قسەکردن و دایەلۆگ لەسەر چۆنیەتی دەربڕینی وێنا قەتیس ماوەکان لە هونەری شێوەکاری کوردیدا بڕەخسێت.

بەدرێژایی مێژوو، وێنە بەشێکی زیندوو بووە لەو پاشینە هونەرییە کە نەوەکان گوزارشتی جیاواز و نوێ و بەردەوامی بە دوای خۆیدا هێناوە.

بەرهەمی هونەریی پێگەیەکە لە نێوان هونەرمەند و وەرگر (بینەر) بۆ دەربڕینی پەیام. گەر ئەو پەیامە بۆ نەمری و دەربڕینی تواناو دەسەلات بێت، یاخود هەڵچونێکی ناخ و پەیوەندی ئینسانی و پەروەردەیی بێت

لەدووڕیانی دوو ئاڕاستەدا هێلێکی هاوبەش بەناوی ڕەخنەوە هەردووکیان گرێ دەدات ٠

کەواتە ڕەخنە هەوڵدەدات کۆنتراستێك لە نێوان هونەرمەند و بینەردا بخولقێنێ بۆ گفتوگۆکردن لە تەونی چەمکەکان. ئەم پرۆسەیە، پرۆسیسێکی جەنجاڵ و تێکئالاوە، تێکڕای بوارەکانی زانستی لە خۆگرتووە، بەتایبەتی بواری دەرونی و پەروەردەیی.

ئەوەندەی هەوڵم داوە بەشێوەیەکی زانستی لەم چەمکە بدوێم و جیاوازی نێوان بۆچونەکان دەربخەم.

مەبەست لە جیاوازیەکان، دەرخستنی جیاوازی فیکریە بۆ کاری هونەریی، بەهیچ شێوەیەك جەختم لەسەر گەورەکردنی میتۆدێك نەکردوەتەوە تاهێڵی گشتی نوسینەکە بەو ئاڕاستەیەدا ببەم، بەڵکو ویستومە پێگەی شیکاریە جیاوازەکان بخەمە ڕوو، نەك تەنها میتۆدو ستایلەکان بەیان بکەم.

لەلایەکی دیکەوە گرنگی دراوە بە داهێنان و شیکارە دەرونیەکان لە ژێر وردەکاریە فەلسەفیەکان، تالەو ڕێگەیەوە پێگەی ناساندنی هەوڵەکان ئاشکرابن چۆن داهێنەران توانیویانە شاکارەکانیان دەربخەن و بە چ قۆناغێکی دەرونی و فیکریدا تێپەڕیون، بە تێکڕای کاریگەریە دەرەکیەکانی فەرهەنگ و تەکنەلۆژیاوە، یاخود ئەو ئاستەنگیانە چین دەبنە بەربەست لەبەردەم خەفەکردنی داهێنەراندا! هەر لە سەرەتای منداڵیەتیەوە تا بەرەو سەرەوە؟.

کاتێك باس لە هونەر دەکەین بەشێوەی تایبەتی مەبەستمان هونەری شێوەکاریە، زۆرجار ئەوتایبەتمەندیانەی ئەم هونەرە هەڵیگرتووە جیاوازە لەگەڵ تایبەتمەندی بەشەکانی دیکە.

بەواتایەکی دی هونەر خانەوادەیەکە و بەشەکانی هونەر ئەندامانی خانەوادەکەن، هەریەکەیان بەپێی تەمەن و فۆرم و چۆنیەتی بیروسایکۆلۆژ یانەوە دەگۆڕین، وەك ئەو ڕەخنەو داهێنانانەی زۆرجار تێکڕای پرەنسیپ و میتۆدەکان ئاوەژوو دەکات و لە ستراکتۆری ماناکان هەوڵی نوێ و نەناسراو کەشف دەکات، بەپێچەوانەی ئەو بەرنامە زانستیانەی کە فۆرمەلەکراون. ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەرکراوە، هەوڵی زانستیە و بەو ئاراستە زانستیەش پێگەی شیکردنەوەکانی فراوان کردووە، چونکە داهێنان بە هیچ شێوەیەك هاوکێشەیەکی ماتماتیکی نیە تا بە پێوەری ژمارە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ...

بەهیوام سودمەندبێت..

**بەهاری -٢٠٠٦ –ئەڵمانیا**


# بەشی یەکەم

## ١:١ خوێندنەوەی ڕەخنە

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ڕەخنە توانی ستراکتۆری زۆر چەمك و میتۆد هەڵوردە بکات و بەدارِشتنێکی هاوچەرخانەو نوێوە ڕۆشنایی بخاتە ناو ستایلە فەلسەفی و هزریەکانی بونیاتگەراو هەڵوەشانگەرا تا ڕەخنە سۆسیۆلۆژییە نوێیەکان.

ئیدی ڕەخنە بەو ستایلەوە داکشایە جیهانی هونەر و دەرگاکانی بە جۆرێك والاکرد گۆڕانکاری لەسەر چەمکی خودی هونەر و بەتایبەت شێوەکاری دروستکرد. کاریگەری گۆڕانکاریەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەرەگەزە دەرەکیەکان کە جەخت لەسەر بەیەکەوە بەستنی و ئاڵوگۆڕی تێکڕای پەیوەندیەکانی یەکتردەکەنەوە وەك دەبینین:

**پەیوەندی ڕەگەزە دەرەکیەکانی هونەرمەند**





هونەرمەند لەو دەسەڵاتە ڕەهایەی کە خاوەنیەتی ئەویش نەخشاندنە (مەبەست لە نەخشاندن نوسینی تێکستی وێنەییە وەك کاروبەرهەمی شێوەکاری) پێویستی بە ئاڵوگۆڕی دیدو پرسیار و وەڵامی وەرگرە تا لەو پێگەیەوە ئاگایی خۆی دەستنیشان

بکات لەچۆنایەتی چەمکی پەیامەکەی.

کارێکی نەگونجاوە پانتایی چەمك لە کارو بەرهەمێکی هونەری یان ستایلێکی تایبەتدا سنورداربکەین، چونکە هەرکارێك وەك بەرهەمی هونەریی چ وەك ناسنامە چ وەك شێوازی تایبەت (نەك گشتی) لە خۆدەگرێت تا ئاستی ناساندن.

ئەم بۆچونە هەڵگری پەیام و ئاشکراکردنی قەیرانێکی مەعریفییە لە چەمك و فۆرمی ڕەخنەی شێوەکاری کوردیماندا ئامادەگی هەیە، چونکە ڕەخنە (وەك کاری نوسین) لە پرۆسەی پراکتیکیدا گرنگی و پێزانینی بەپێشخانی مێژووی ئەدەبیەوەیەو ناکرێت پرۆسەکە (وەك کاری مێژوویی) دەقاودەق بگوازرێتەوە، بەڵکودەکرێت ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی مێژوو تێکەڵ بەهاوکێشە ڕەخنەییەکە ببێت و ڕوکارێکی ئاشکرای پێ ببەخشێ.

**ڕوکاری نوسینی ڕەخنەی شێوەکاری دەتوانین بەم ئاڕاستانەدا بەرین:**



لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی دیراسەکردنی خودی هونەریی بە هونەرمەندەوە پێویستە بەجیا ڕاڤەبکرێت لەگەڵ دیراسەکردنی پێوانە هونەریەکان، هەرچەندە ڕەخنەی هونەریی لەگەڵ نیۆری ستایلە هونەریەکاندا هەنگاو بە هەنگاو هاتونەتە نمایشکردن کەچی لە مێژووی هونەریی شێوەکاریدا روکارێکی جیاوازتر و تاڕادەیەك نوێی بە جیهانی هونەر بەخشیوە.

## ٢:١ ڕەخنەی شێوەکاریی چیە؟

ڕەخنە بەواتای کۆن بەشێك بووە لە زانست و هونەر و دەربارەی روداوە ڕاستەقینەکان دواوە، بەڵام بەواتای نوێ خودی ڕەخنە هونەرە. لە ئەدەبدا واتاو فۆرمی جیاوازتری هەیە، قەسیدەکانی هۆراس و فیداویوب نموونەی زیندوی سەردەمی خۆیانن، پەخشانە ئەبستراکتیەکانی فریدریك شلیغل بەهەمان شێوە. لە سەرەتای سیەکانی سەدەی نۆزدەدا ڕاگەیاندنە ڕامیاریە ئەورپیەکان وشەی ڕەخنەیان بە مەبەستی کاتی خستە گەڕو بەکاریان هێنا.

مێژوونووسی فەرەنسی (فرانسوا فوریە) یەکەم کەس لە نوسینەکانیدا وشەی ڕەخنەی بەکارهێنا، بەڵام بەجۆرێکی دی دەینوسییەوەو بەڕەخنەی دەوت (سەر لە نوێ بیرکردنەوە).

بەڵام (رینیە ویلیك) هەمیشە ئەو باوەڕە نوێیەی ڕەتدەکردەوە کە ڕەخنە هونەربێت یان ڕەخنەگر هونەرمەند بێت، چونکە ئامانجەکانی ڕەخنە مەعریفەی هزرن و ناتوانێت جیهانێکی خەیاڵی جیاواز وەك شاعیر و مۆزیکیەکان بونیات بنێن. ڕەخنەی هونەریی پەیوەستە بە هەستی هونەریی و شارەزابون لە ستایل و قوتابخانە هونەریەکان.

(نورترب فرای )له شیکاری ڕەخنەدا دەلێـت ((ڕەخنــەگر ئـەو هونەرمەنـدە نیـە هێشتا هونەرەکەی " تەواونەکردبێ)) وەك دیـارە بونیـاتی ڕەخنـە لەسـەر فیکـر و مەعریفە دادەمەزرێ و بونی تایبەتی هەیە.

ئیدی ڕەخنە لە سەرەتای چلەکانی سـەدەی بیـستەوە لەلایەکـەوە گرنگیـدا بـە ئەزمون و ڕوداوەکان و پاشخانی مێژوویی وەلانا، لەبواری ئەدەب و هونەریشدا ئـەم شێوازە پەیڕەوکرا، هەرچەندە هەنوکە پۆشاکی ڕەخنەی ئەزمونگەری پۆشیوە، بـەڵام درێژکراوەی هەر هەمان ستایلە.

وەك دەبینرێت لە مێژووی هونەری هاوچەرخدا ئەو ڕەخنانەی دەربـارەی هونـەری شێوەکاری نوسراون هیچ گرنگیەك بە مێژووی هونەر نەدراوەو تێیدا مێژوو نابینرێت بە واتایەك لە واتاکان مێژووی هونەر ئامادەگی نیە و غائیبە.

بەڵام هونەرمەند بابەتە هەڵبژاردەکانی ناو تابلۆکانی سەرچاوەی بەشـێکیانی لـە کەلـەپور (چـونکە خـودی هونەرمەنـد هـەڵگری ناسـنامەیەکی تایبەتـە لـەڕوی نەتەوەییەوە)ەوە وەردەگرێ و ئاوێتەی کێشەو بابەتی هاوچەرخی دەکات. لێرەوە بـە نامۆیش بێت ئەتمۆ سفیری مێژوو بە جۆرێك لە جۆرەکـان کاریگەریـەك دەخـولقێنێ لەسەر ڕەوتی بونیاتی تابلۆ.

تابلۆ هەمیشە وەك وێنە سـەیردەکرێت، لای ڕەخنـەگر هـەرخودی ئـەو وێنەیـە دەبێتە پرسیار و پێویست بە وەڵامدانەوە دەکات.

لەلاکەی دیکەوە ڕەخنە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارە مێژووییەکانەوە تەفسیردەکرا، بەمانایـەکی دی گـەر مێـژوو خرایـە پـەراوێزەوە ئیـدی خوێندنـەوەی بەرهەمـە هونەریەکان دەشێوێنرێت.

دەربارەی ئەم بۆچونە ڕای جیاواز هەیە، مێژوونووس سەرچاوەی گێرانەوەی پێکهاتە مێژوویەکەی لە ڕوداو، داستان، شایەت، بینینی کەسانی تایبەت بەڕوداوەکان، وەك سەرچاوە وەردەگرێت.

ئەم پرۆسەیە لای لێکۆڵەرەوەیەك بە جۆرێکی جیاوازە کە لە بەرهەمێکی هونەریی دەکۆڵێتەوە، بەوەی کارەکە بەرهەمێکی هونەریە و مێژووی بەرهەمە هونەریەکە لەڕووی تەمەنەوە دەستنیشان دەکات.

بەڵام پرۆسەی کارکردن لای پێشکەوتنخوازەکان بەکاریگەریە دەرەکی و ناوەکیەکانەوە لەڕووی پرەنسیپەوە بەسێ ڕووکاردا ڕێدەکات (ڕابردوو ← وەك بیرەوەری) ، بەڵام (ئێستا + ئایندە ← لە ئەنجامی ئەگەر و پلان و هیواکانەوە ڕێدەگرێت).

کۆی ڕووکارەکان بەرەو ڕابردوو یان دورترین کاتی مێژووی مرۆڤایەکی دەگەڕێتەوە، وەك چۆن هونەرمەند دەتوانێ بە چەندین ساڵ بۆ تەمەنێك کە هەستی پێدەکات بگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕووی گوزارشت کردنەوە بە جۆرێکی جیاواز دەری دەبڕێ ئەم گەڕانەوەو هەڵبژاردنەی هونەرمەند بۆ بە بەرز ڕاگرتنی نرخ و بەهای کارە هونەریەکەیەتی و زۆرجار ڕەخنەگر ئەم دەرگایە لە ڕووی ئەو بۆ چونانە والآدەکات(١).

ڕەخنە لە ڕووی وەزیفیشەوە ڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێك پێیانوایە وەزیفەکانی ڕەخنە لێکۆڵینەوەیە لە فەلسەفەی دەرونی و ناساندنی ئەو فەلسەفەیە لە دەرخستن و کەسایەتی هونەرمەند، پاشان کار و بەرهەمەکانی.. لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی هەر بەرهەمێك لێکۆڵینەوەیەکی دەرونی لە خۆدەگرێت لە ڕەخنەی هونەریدا، بەڵام ئەوە

ناگەیەنێت کە تەنهایەك دید و یەك ئاڕاستە هەبێت بـۆ هەڵـسەنگاندن. هەردیـدێك یەك لایەنیە و بەلایـەنی سـایکۆلۆژیش نـاوزەد دەکرێـت، بۆیـە لایەنـەکانی دیکـە بەدەرناکەون.

بۆچونێکی دی سەبارەت بەبابەتی ڕەخنەیی دەڵێت پێویستە:

أـ هونەرمەند لەڕووی دەرونیەوە لەگەڵ بەرهەمەکەی جودابکرێتەوە.

ب ـ بەرهەمی هونەریی (وەك یەکەیەکی یەکگرتوو تەواو) سەیربکرێ، ئاسـانترە بۆ تێگەیشتن و تێگەیشتن لە خـاوەن (هونەرمەنـد)ەکـەی. بـەڵام سـتراکتۆری دۆزی ڕەخنە دەرونیەکاندا شێوازی ڕەخنە دەگۆڕێ، کارە هونەرییەکان دابەشی شەش خاڵی سەرەکی دەکات.

١ـ تەفسیرکردنی خودی کارە هونەرییەکە.

٢ـ لە دایکبونی ناشعوری کاری هونەریی.

٣ـ ژیانی هونەرمەند و تەفسیرکردنی هونەرەکەی.

٤ـ زانستە دەرونیەکان لە نێوان ڕەخنەگر و هونەرمەند.

٥ـ چارەسەرکردنی حوکمی چێژ وەرگرتن.

٦ـ هەموکارێکی هونەری بۆ شیکاری دەرونی گونجاوە.

بۆ هەریەك لـەم خاڵانـە پایـەی توێژینـەوەکانی نوسـەر (ڕەخنـەگر) بـەهێزتر و گەیاندنی پەیامیشی ئاسانتر دەبێت. ڕەخنەگر زیاتر جەخت لەسەر پرۆسەی داهێنـان دەکاتەوە نەك گرنگی بەکەسایەتی و ناسنامەی هونەرمەند بدات(٢)، تێکڕای کاری هونەریی چالاکی ناخن و هێمای پەنگ خواردوی ناشعورە. ژیانی هونەرمەند گرنگـە

له كەشف كردن و تەفسیركردنی بەشـێكی سـونبوله بـەكارهاتوەكان (نـەك تێكـڕای بەرهەم) چونكه هەر بەرهەمێك خوێندنەوەی جیاواز جیاواز له خۆدەگرێت.


ڕەخنەگر كه شارەزایی دەرخستنی نیشانەو هێما بێت ئیدی مەرج نیه زانایـەكی شیكاری دەرونی بێت یاخود به پێچەوانەوه زانایـەكی دەرونـی ناتوانێـت بابـەتێكی هونەری دابڕێژێت. لەڕاستیدا دەستەواژه و زاراوەی دەرونی بـۆ نـاو جیهـانی هونـەر بەشێك له ئاڵۆزی پەیدا كردووه، وەك (تەفسیر.. شـیكردنەوه و كـاری شـیكاری .. بڕیاردان.. پشت بەستن به زانستی سایكۆلۆژی.. دوركەوتنەوه له بڕیارەكانی چێژ).

ئەم زاراوانه ئەو پانتاییەن ڕەخنەی دەرونییان پیادا گوزەر دەكات. ڕەخنەگر زیاتر ئەو هێماو ڕەگەزانـه ئاشـكرا دەكـات بـه پـەنهانی حەشـار دراون. بۆیـه قۆنـاغی تەفسیركردن له قۆنـاغی بڕیاردانـەوه زۆر دورنیـەو پرۆسـەی تەفـسیركردنی ڕاسـت تێگەیشتنی ڕاستمان بۆ ئاشكرا دەكات.

ڕەخنـەگر بـەردەوام گونجـاوتره وشـەی (دەكرێـت) ، (پێدەچـێت)، (لەوانەیـە)، (دەشـێت)... تـاد بـەكاربهێنێ. ئـەوەش لـەو بـاوەڕەوه سەرچـاوه دەگـرێ، هـیچ ڕەخنەیەكی هونەریی دەقاودەق لەگەڵ تێكڕای بەرهەمی هونەریدا یەك ناگرێتەوه.

ڕەخنه هەوڵ و ئەزمونی تاكه كەسیه، زۆرجار ڕەخنـەی لاواز بـه ئاشـكرا لـەناو فەرهەنگی ڕوناكبیریدا حزوری هەیه بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین خاڵە لاوازەكان بەم جۆره كۆبكەینەوه.

## فاکتەرە لاوازەکانی ڕەخنەی هونەریی




کاتێك نوسین و بەرهەم بلاّودەبێتەوە بەبەردەوامی پێویستە بە ئاڕاستەی هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی هێماو تەفسیرکردنی کارەکان بێت لەڕوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سۆزداریەوە بۆ ئەوەی خودی هونەر ببێتە فاکتەری ڕەخنەگرتن.

ڕەخنەی هونەریی بەشێکە لە چالاکی فیکری گشتی و باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، لەسەر پایەی ئەدەب و هونەر دادەمەزرێت. بەواتایەکی دی گەر ئەدەب و هونەر ئامادەباشیان نەبێت دەرگای ڕەخنە بەکلۆمکراوی دەمێنێتەوە.

**ڕەخنەگر پێویستە ئاستی پرۆسەی کارکردنی دابمەزرێنێ لەسەر:-**

**ـ ئاستی ناوەڕۆك:**

ئەو بابەتانەی لە بونیاتی کارێکدا نمایشدەکرێت، کاری ڕەخنەگردەبێتە کاری شیکردنەوەو تەفسیرکردن تا بۆ وەرگر ئاسان بێت و بتوانێ کاریگەریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و مێژوویەکانی لێوە ببینێت. جگە لە شیکردنەوەی ڕەگەزە سەرەتاییەکان و چۆنیەتی پەیوەندیکردنی چالاکی (بەش بە گشت (تێکرا)) وپاراستنی یەکێتی بابەت. ئەم بەدواداچونە ئەوە ناگەیەنێت کە کارێکی مێژوویی پێشکەش بکات. هەموو کارێکی هونەریی لە دایکبوی سات و سەردەمی خۆیەتی، ڕابردوو بە هەنوکەوە پەیوەست دەکات، ڕابردوو فاکتەرە بۆ پەیوەندیکردن، بۆیە دەبینین تێکڕای کارە هونەرییەکان لە ڕووی وەزیفەو سروشت و ئامانجەوە جیاوازن.

نمایشکردنی ڕوداوی هەربابەتێکی مێژوویی نمایشکردنی کارێکی مێژوویی نیە کە لە ڕابردوودا ڕویدابێت تا جارێکی دی ئاشکرابکرێتەوە بەڵکو گرنگیەکەی لەوەدایە کە ڕابردوو بە ئێستاوە گرێ دەدات. ڕۆڵی ئەم گرێدانەش وەك ڕۆڵی ئامرازی پەیوەندییە. دەکرێت بە ئاسمانی ئەو جیاوازیە بخوێنرێتەوە بەبەراوردکردنی مادەی کتێبێکی مێژوویی لەگەڵ کارێکی هونەریی مێژوویی(٣).

**ـ ئاستی هزری:**

ڕەخنەگر هەوڵی ئاشکراکردنی هزری هونەرمەند دەدات تا ئاستی بونیاتی کارە هونەرییەکان لەسەر چ بیرۆکەیەك دامەزراوە. ئەمە ڕەگ و بناغەیە بۆ چونە ناو کەشفکردنی پەیوەندی هێما نمایشکراوەکان.

هونەرمەند ناتوانێ هیچ هێمایەك بەكاربهێنێ تانەزانێت ئایا لەگەڵ یەكێتی بابەتدا چ هەماهەنگیەك دەبینێتەوە بۆ گوزارشت كردن. لە بەرهەمە مێژووییەكاندا چەندین هێما دەبینرێت كە هەر یەكێكیان بەهۆی كاریگەری تایبەتیەوە لەڕووی كات و شوێنەوە هاتونەتە مەیدان بەهەمان شێوەی گێڕانەوەی جیاواز و چەند جۆری ڕوداوەكان.

**ـ ئاستی ڕووداوە هونەرییەكان:**


لەم پرۆسەیەدا ڕەخنەگر موتوربەكاری دەكات، بونیاتی بەرهەمە هونەریەكە شیدەكاتەوە بە تێكەڵكردنی بەشێك لە هزر و دیدی خۆی.

كۆی گشتی كارەكە دیاریدەكات وەك (ستایل + ڕوداو + شێوازی گوزارشتكردن + زەمەن).

لێكدانەوە و گرێدانی ئەو چەمكانە بەیەكەوە، یەك واتا دەبەخشێ، ئەویش گێڕانەوەی ئەو سیناریۆ نومایشكراوەیە كە پێشكەش كراوە. بەڵام لە گێڕانەوەی سیناریۆی ناخی هونەرمەنددا بونیاتی زەمەن تێكدەشكێت چونكە دووكار ئاوێتەی یەكدی دەبن لەیەك بەرهەمدا ئەویش كات و شوێنە.

هەمیشە ڕەخنەگر لە ئاستی ڕوداوە هونەرییەكاندا هەڵدەستێت بەكاری بەراوردكردن. بەرهەمە دیاریكراوەكە لە ڕووی ستایل و كەسێتیەوە بەراوردكرد دەكات لەگەڵ ستایل و كەسێتیەكی دیكەدا و بەیەك چاو ناڕوانێتە جوانی چونكە خودی جوانی بۆكاری هونەریی چەند جۆرێكە وەك:

## جوانی کاری هونەریی




هەرچەندە (کانت) باس لە جوانیەکی تر دەکات وەك جوانی (گوڵ، منداڵ، خوا)، بەهەمان شێوەش جوانیەکی تر هەیە پێی دەوترێ (جـوانی سەربەسـت). بۆیـە پێـی دەوترێ سەربەست چونکە حوکم دانە لە سەر خودی خۆی، بەڵام هونەرمەند لـەبواری ستاتیکا هۆشی هونەرە جوانەکان لای ئەو کەسـانە دروسـت دەکـات کـە بەرامبــەر سروشت ڕاماون بێ پاشینەو بێ بیرکردنەوە(٤)، هەندێکی دی بە جۆرێکی دی باسی جوانی دەکەن و دەڵـێن:"خـودی ناشـرین بەهایـەکی جـوانی هەیـە چـونکە هونـەر گوزارشتی لێدەکات بەوەی بارە دەرونی و ڕاستی جوانیەکەی ئاشکرا دەبێت".

ئیدی ئەم جیاوازیانە دەبنە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو بۆچونەکە و دەرخستنی خاڵە ناکۆکەکان.

(ئەم پنتە زۆر گرنگە، پێویـستە لـە فەرهـەنگی هونـەری کوردیـدا ئـەم کـاری بەراوردکاریە ڕۆشنایی بەخۆیەوە ببینێ.

## ٣:١ کێشەی ڕەخنە:

چەمکی ڕەخنە ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کـە هـەژاری مـەعریفی لـە خـۆدەگرن. ڕەخنەی هونەریی تەنها ناساندنی هونەرمەند نیە وەك ڕەگەز یان چ جـۆرە سـتایلێك پەیڕەودەکات، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەیە کە ژیانی کۆمەڵگـەو پـەروەردە و ترادیسۆن چ جیاوازیەکیان خستوەتە ناو پەیوەندیەکانی هونەرمەنـدەوە، هونەرمەنـد کەسێکی ژێرە دورنیە ئەو سنور بەزاندنەی ژیریش دەیکـات، لـە ڕوانگـەی زانـستی ئاکارەوە، تاڕادەیەك کێشەی کلۆڵی و بەد بەختیشی لێبکەوێتەوە.

ژیری مرۆڤ، سەرەڕای ئەوتواناو هێز و لێهاتوییەی، ڕێگای بەخۆیـداوە لـە چـەند بابەتێکەوە بگلێنێ کە لە توانایدا نیـە بـە لایەکیانـدا بخـات، چـونکە لـە سـنور و دەسەڵاتەکەی بەدورن. ئەگەر بیەوێ لێکیان بداتەوە دەکەوێتە نێو چـاڵی نـاکۆکی و ناتەبایی، کەچی وازناهێنێ و بەردەوام خۆیان پێوە خەریك دەکـات ئەمانـە بابـەتی میتافیزیکین(٥).

بۆ نموونە بزوتنەوەی هونەری شێوەکاری کوردی بەردەوام لە کاری نومایـشکردنی کاری هونەریدایە وەك کردنەوەی پێشانگەی تایبەت و هاوبەش و گشتی تـا دەگـات بە ڤیستیفاڵەکان، ئەم بەردەوامیە نـەیتوانیوە سـتایلی نومایـشکردنەکانی بگـۆڕێ بەوەی هەرجارەی. ڕەخنەگرێك (نوسەرێك + هونەرمەنـدێك + بینـەرێك) بـاس لـە کارو چۆنیەتی بەردەوامی ڕەوتی هونەری ئەو هونەرمەندە بکات کـە پێـشانگەکەی کردوەتەوە.

ئـەم بەدواداچـونە ڕاسـتکردنەوەی ئـەو بۆچـونە هەڵانەیـە کـەلای هونەرمەنـدە بێئەزمونەکان دروست بووە. کاتێك دەڵێین هونەرمەندی بێئەزمون و ئـەماتۆر ئـەوە

ناگەیەنێت هونەرمەندانی دیکە کە ڕێگەو تەمەن و بزوتنەوەی درێژ یان بڕیوە ڕاستن، نەخێر. ڕەخنە و خودی ڕەخنە هیچ ئاستێکی دیاریکراوی نیە، چونکە ئەو هونەرمەندانەش بوارێکی باش یاخود خوێندنەوەیەکی ورد بۆ کارەکانیان نەکراوە تا لەوڕێییەوە ئامالّی ڕەنگەکانیان و ئەزمونەکانیان بدرکێنن(٦).

(ئیدوارد سەعید) لە پراکتیزەکردنی ڕەخنەدا چوارشێوازی سەرەکی دیاری دەکات:

١ـ ڕەخنەی زانستی: سەرچاوەکەی لە کتێب و ڕاگەیاندنە ئەدەبیەکاندا دەبینرێ+

٢ـ مێژووی ئەدەبی ئەکادیمی: سەرچاوەی ئەدەبی کلاسیکی، فیلولوجیا، مێژووی شارستانی سەدەی نۆزدەهەم دەگرێتەوە.

٣ـ ڕۆژ ژمێر و تەئویل لە گۆشە نیگای ئەدەبەوە: لێرەدا ڕۆژژمێر بەواتای فێربون و گەیاندنی پەیامی زانستیە لەلایەن مامۆستاوە بۆ خوێندکارانی زانکۆ، یاخود ئەو نوسەر و ڕەخنەگران دەگرێتەوە کە بە ماوەیەکی کەم پانتاییەك داگیردەکەن.

٤ـ دۆزی ئەدەبی: لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و شەعبیە، ئاستی ڕێژەیی لە خۆدەگرێت، سەرەتا لە ئەمەریکا سەری هەڵدا و پاشان لە ئەوروپادا دەرکەوت.


ئەم شەپۆلە ڕەخنەییە لە فەرهەنگی نوێی هونەری شێوەکاریی ڕۆژهەڵاتدا لە سەرەتادایە و سەرەتاکەشی ڕۆشنایی کەمی کەوتوەتە سەر تا چێژ لە بەها بە پێزەکەی وەربگیرێت. گەر چێژ و کاریگەریی بە یەکێك لە پایەکانی بناغەی ڕەخنە قبوڵبکرێت، کارێکی ئەستەمە بتوانرێت بەرهەمێکی هونەریی چێژی لێ نەگیرێت و نەکەوینە ژێر کاریگەرییەوە تابتوانرێت ڕەخنەی لەسەر بنوسرێ. ڕەخنەگر کاتێك

دەکەوێتە هەڵەوە، کە نەتوانێت بونیادی ڕەنگ و هێڵی بابەتەکەی تێکەڵ بە باری (کۆمەڵایەتی، ژینگە، کەلەپور، فەرهەنگی گشتی هونەر) بکات، گرنگی بداتە فۆرم نەك ناوەڕۆك (ناوەڕۆك پێکدێت لە چەند فیکرێك، هەر فیکرە فۆرم و شوناسی خۆی هەیە تا هەڵگری ناسنامەی تایبەت).

دەکرێت لە بواری (یەکەی گشتیدا) بە تەواوکەری یەکتریان دابنێین، چۆن هیچ بەرهەمێك بێ فیکرنابێت بەهەمان شێوە هیچ فیکرێك بێ سنور و شێواز نایەتە ناساندن.

کارە هونەریەکان لە چاوێکەوە بۆ چاوێکی دی لە فیکرێکەوە بۆ فیکرێکی دی لە ڕەفز و قبوڵەوە بۆ بڕیارێکی دی جیاوازن.

**لەدیدی هونەرمەندەوە دەتوانین سێ ئاڕاستە بخوێنینەوە:**



## ٤:١ ڕەخنە لە پرۆسەی شیکاریدا:

گەر بۆ هونەر بینین و بیستن دوو ئامرازی گەیاندنبن ئەوە ڕەخنە لە پرۆسەی شیکاریدا ئەودوو ئامرازە گرێدەدات لەگەڵ ڕەگەزی (بابەتی) و ڕەگەزی (مرۆڤ)دا.

ڕەگەزی بابەتی ——نومایشی——◄ ڕەخنەدەكات.

ڕەگەزی مرۆڤ ——نومایشی——◄ ڕەخنەگر دەكات.

لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا گەلێك خاڵی هاوبەش هەیە، وەك (كاری هونەری)، (چەمكی ڕەخنە)، (چۆنیەتی ڕەخنە)، (ڕێگەی ڕەخنە)،.... هتد ڕەخنە وەك مانا، تەنها دەرخستنی لایەنی نەنگی و بێهێزی و پێچەوانەكەی نیە، بەڵكو جیهانێكە لە زانستی (مرۆڤایەتی، ئەدەبی، فیكری) و هەریەك لەم چەمكانەش بەجیا(٧).

ڕەخنەی هونەریی ڕووبەڕووی كاری هونەریی دەبێتەوە لەدوای قۆناغی (چێژ)، پاشان ڕۆڵی شیكاریی فیكر و عەقڵ بە دوایدادێت.

**لە پرۆسەی تیۆری و پراكتیكی ڕەخنەیدا، دەتوانین دووجۆر پێوەر پەیڕەوبكەین بۆ هەڵسەنگاندن:**

١ـ ڕوكاری ئینتباعی: ئەم پێوەرە ڕاستەوخۆ لە شعورەوە هەڵدەقوڵێ.

٢ـ ڕوكاری كلاسیكی: ئەم پێوەرە پشت بە پرانسیپی گریكی و ڕۆمانتیكی دەبەستێ.

لە تێكڕای پرۆسەكەدا پێویستیمان بەو بابەتانە هەیە كەكاری هونەریی لەسەر دادەمەزرێت چ لەڕووی ئەو سونبولانەی لە بونیاتی كارەكەدا دەردەكەون یاخود ئەو پێكهاتەو ڕەگەزانەی دیارنین و شاراوەن.

بۆ ئاسانکاری و درێژنەبونەوەی بابەتەکە و گەیاندنی چەمکەکە، لەم خشتەیەدا کورتمان کردەوە. ئیدی هونەرمەند پەیوەست ناکات گرنگی بە پرۆسەی کاری تەقلیدیبدات بەڵکو هونەر دەگۆڕێت بۆ چالاکی و گڕوتینی دەداتێ(٨).

## بابەتەکانی کاری هونەریی

| زەمەن | سروشت | نێرینە | مێینە | شوێن | کۆمەڵگە | فیکر | سونبولی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زەمەنی هاوچەرخ | | | | شوێنی واقیعی | | | ئایین |
| زەمەنی کۆن | | | | شوێنی سونبوڵی | | | شوێنەوار |
| ڕۆژ | | | | شوێنی ئیقتراحکراو | | | میتۆلۆژیا |
| شەو | | | | شوێنی خەیاڵی | | | مردن |
| بەیانی | | | | شوێن وەک بابەت | | | ژیان |
| ئێوارە | | | | شوێن وەک بەها | | | |
| زەمەنی ناوەوە | | | | شوێنی هونەری | | | |
| زەمەنی دەرەوە | | | | شوێن وەک پانتایی | | | |
| زەمەن وەک سونبول وەک بەها | | | | | | | |

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ڕەخنەی هونەری لە کۆمەڵگەلێك ڕەخنەی تردا بەدی بکەین:

١ـ ڕەخنەی ئەدەبی.

٢ـ ڕەخنەی ئایدۆلۆژی.

٣ـ ڕەخنەی ئینتباعی.

٤ـ ڕەخنەی کەسێتی.

٥ـ ڕەخنەی (المسیاقی).

٦ـ ڕەخنەی ئاشکرا (کەشفکردن).

٧ـ ڕەخنەی فەلسەفی.

٨ـ ڕەخنەی فۆرمی.

٩ـ ڕەخنەی بونیاتی.

١٠ـ ڕەخنەی فێرکاری.

١١ـ ڕەخنە لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا.

بەڵام ڕەخنەی هونەریی وەك مێژووی هونەر لە ڕێی ئەکادیمیا هونەرییەکانەوە نەشونمای نەکرد بەڵکو سەرەتا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە سەرچاوەی گرت، دەزگا ڕاگەیاندنەکان بانگەشەی نوسەرانیان دەکرد چۆن دەتوانن تەفسیری جوان پێشکەش بەبینەران بکەن بۆ کارە هونەرییەکان، بەمەرجێ پشت بەسەرچاوە فەلسەفیەکان ببەسترێ، بە دروستبونی قوتابخانەو ڕێبازە هونەرییەکان پێویستی زیاتر لەسەر پەیدابون و گەشەکردنی چەمك و فەلسەفەکانی هونەر لای ڕەخنەگر دورست بوو.

ئیدی بە تەنها کاری هونەری گوزارشتی لە واقیع نەکرد، بەڵکو ڕەخنەگریش

ڕۆڵی گرنگی هەبو لە یارمەتیدانی جەماوەر بۆ چێژ و تێگەیشتن بینینی واقیع.

## ١:٥ گرنکی ڕەخنە:

ڕەخنە بەواتا ئەوروپییەکەی لەگەڵ وشەی (**Critisism**) یەك دەگرێتەوە، ئەمیش لەگەڵ ناوە یۆنانیەکەیدا هاوشێوەیە و بەواتای جیاکردنەوە یان دەستنیشانکردن دێت. ڕەخنە پرۆسەیەکی ئاوێتەدارە لە ڕەگەزەکانی (ڕێکخستن و پلان دانان، کەشفکردنی ڕاستی و نەنگی بەرهەمی هونەری، دەست نیشان کردنی ئاستی هونەریی) دەکۆڵێتەوە ٠


ئەم چەمکە لە زۆربەی پرۆسەی کارکردنی ڕەخنەگردا دەبینرێت و بەهەند دەگیرێت و پایەی نوسینەکەی لەسەر دادەمەزرێنێت. کاری ڕەخنەی هونەریی نوێژینەوەیەکی هونەریە بەشیکردنەوەو تەفسیرکردن و بەیان کردنی ئامانج و ڕەهەندەکانی، تاشێوازی بونیاتنان و کاریگەریەکان لەسەرستایلی هونەریی.

ڕەخنەی هونەریی (**Art Criticism**) بەرەگەزێکی پەروەردەیی لە هونەری هاوچەرخدا دێتە ناساندن و لە ڕێی گفتوگۆ و نوسینەوە کارە هونەرییەکان هەڵدەسەنگێنێ و شیکاری و پێناسەیان بۆ دەکات بەمەبەستی ئاشکرا و نزیکبونەوە لە وەرگر. گرنگی ڕەخنەی شێوەکاریی هەڵسانی ئەو شیکاریە ورد و هەمە لایەنانەی کاری شێوەکاریە بۆ وەرگر تا لایەنە ستاتیکی و داهێنانەکەی بدۆزێتەوە و سروشتی ڕەگەزەکان لە بونیات و مادەی بەکارهاتودا کەشف بکات.

لەلایەکی دیکەوە ڕەخنە کۆمەڵگەلێك لە ڕەگەز و هێما و کات لە خۆدەگرێت، کە کار لە تێکڕای بونیاتی بەرهەمی هونەرمەندا کردووە و هەوڵی لەیەك جوداکردنەوەی هێماکان دەدات. ڕەخنە ڕێگەیەکی جوداکردنەوەی هێماکان دەدات.

ڕەخنە ڕێگەیەکی کورتە بۆ چونە ناو فەزای شێوەکاری و ئاستەنگەکانی بەپێی میتۆدەکانی (واقیعی + دەرونی + سونبولی + کۆمەڵایەتی)

## ڕەخنەی هونەری دابەشی ئەم ڕەگەزانە دەبێت





هەریەك لەو ڕەگەزانە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشێکن لەو پێکهاتە گشتییەی کە بە زمانێکی تەواو گوزارشت لە جوانیەکان دەکەن و گرنگی پێدەدەن. بۆیە هونەر دەبێتە زمانێك تا لەگەڵ ویژداندا بپەیڤێت بەپیتی تایبەتی خۆی و بەرهەمە هونەریەکەیش دەبێتە ئەو پەیامەی هونەرمەند کە مەبەستیەتی بیگەیەنێ.

## ٦:١ ئافەریدەکانی بەرهەمی شێوەکاریی:

**تێکڕای بەرهەمە شێوەکاریەکان لە جیهاندا بەم جۆرەن:**

### ئافەریدەکان




**٦:١ -١ بینەر**، وەرگر یاخود چێژوەرگر ئەوکەسەیە بەرامبەر کارێکی هونەری دەکەوێتە گفتوگۆ. بینەر دەیەوێت جەخت یان تەرکیز بکاتە سەر ئەو پنتەی هونەرمەند بۆی کێشاوە و دەستنیشانی کردووە تا ئەو پنتە ببێتە پەنجەرەیەك لێوەی بنوارێتە ئەو پرۆسە تەکنیکیە مەعنەویە زهنیە کە چۆن خودی هونەرمەند لە کاتی ئەنجامدانی کارە شێوەکاریەکەدا پێیدا تێپەڕیوە.

چێژی شێوەکاری لە ئەنجام گەیاندنی بەرهەمە شێوەکاریەکەی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرێت. کارە شێوەکاریەکە لای وەرگر تەنها لە کۆتایی کارەکەدا پەی بە تێکەڵاوبونی هەست و ڕۆشنبیری خۆی دەکات.


**١:٦- ٢ هونەرمەند**، بەرهەمهێنەر یاخود داهێنەر ئەو کەسەیە داهێنان لە چوارچێوەی کارێکی شێوەکاریدا دادەڕێژێ، لە بۆشاییەوە دەست پێدەکات، سندوقێك دەکاتەوە پڕە لە ڕەنگی جیاواز و فیکر و بابەت، چۆنی بوێت ئابەو جۆرە دروستی دەکات، ئەم کارە هەوڵ و کۆششی بەردەوام و ڕووناکی پێویستە. هونەرمەند مرۆڤێکە بەندە بە مرۆڤایەتیەوە، ئەزمونەکانی لە کۆمەڵگەوە بەدەست دەهێنێ، بەشدارە لەگەڵ کەسانی دیکە، بەکەسێکی ناو کۆمەڵگە ئەژمار دەکرێت(٩).

هونەرمەند پێویستە بەسەر ئەزمونەکاندا زاڵ بێت، بەژیانی تایبەتی خۆشیەوە، کاتێك کاردەکات جێ پەنجەی خۆیی و کەسێتی لەسەر کارەکە جێدەهێڵێ. لە پایانی کارەکەدا تێکڕای ڕەنگی کارەکە ڕەنگ و تواناو خەیاڵ و جوانی و خەسڵەتی هونەرمەندی لە خۆگرتووە. ئیدی هونەرمەند ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە خولقاندن و داهێنانی پنتی هونەر.

## ١:٦-٣ ڕەخنەگر یاخود ناوبژیوان دەکەوێتە نێوان هونەرمەند و بینەر

(وەرگر)ەوە بینەری سادە کاتێك ڕەخنەدەگرێت (ڕەخنەکان زیاتر پەیوەستن بەچێژی باوەوە)، بەڵام ڕەخنەگری شێوەکاریی کەسێکی ڕووناکبیرە، بە ئاگایە لە گۆڕانکاریەکانی جیهانی هونەر، پشو درێژە بۆ بەراوردکاری و وردبوونەوە، (هەست) وەردەگێڕێت، لە کارێکی شێوەکاریەوە دەیکاتە تێکست، زمانیش بۆ گفتوگۆ بەکاردەهێنێ. بەزاراوەی هاوچەرخ هەڵدەستێ بە (وەسفکردن، تەفسیرکردن، هەڵسەنگاندن، هەستی شیعریی، بڕیاردان). لە چەند گۆشەیەکەوە دەڕوانێت، بۆیە گرنگە ڕوشنبیریەکی هونەریی هەمەلایەنەو ئەدەبیی هەبێ. بە مانایەك لەماناکان ڕەخنەگری شێوەکاریی

تێکەڵگەلێکە لـە هونەرمەنـد + نوسـەر + مێـژوونوس + وەرگـر. بـەردەوام دەگـەڕێت بەشوێن ئەتمۆسفیری کارە هونەریەکان، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت(١٠):




## ١-٧:١ ڕەخنەگر کێیە؟..

زۆربەی هونەرمەندان دان بەو کێشەیەدا دەنێن ڕەخنـەگران لـە نوسـەرانن، بـەزمانی نوسینە ئەدەبیەکەیان دەنوسن، نوسینەکان زیاتر لەکاری ئەدەبی نزیك دەبنـەوە نـەك لـە هونـەر. تاڕادەیـەکی زۆر ئـەم بۆچـونەی سـەرەوە جێـی بەهەندگرتنـە. ڕەخنـەگر وشـە شیعرییەکانی دەربارەی وێنە ناخاتـە چوارچـێوەی تابلۆیەکـەوە وەك هونەرمەنـد، تـەنها زمانی وشەی هەیە و بێ وشە ناتوانێ گوزارشت بکات، نە نیگارکێشەو نە پەیکـەرتاش. بەڵام خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان زمانی ئەدەب و شـێوەکاری ئـەو لـەو خاڵـەوە دێتـە ناوەوە هونەر بەگشتی پرۆسەیەکە لەڕێی بیستن و بینینەوە (وەك لە پێـشەوە ئاماژەمـان پێدا) دێتە نمایشکردن، شێوەکاریی جوڵە و بزوانـدنێکی بێدەنگـە، جیاوازیـەکی ئـەوتۆو سەرەکی نیە لە نێوان ڕەخنەی شـێوەکاری و زانـستە هونەریـەکان، کـارێکی زەحمـەت و گرانە . جیاکاری تێدابکرێ، بەڵام لەڕووی چۆنیەتی فۆرمی بەئەنجام گەیاندنـەوە جیـاوازن

وەك (ڕەخنــە ئەدەبییــەکان، ڕەخنــە مێژووییــەکان، ڕەخنــە شــیکارییەکان، ڕەخنــە ستاتیکییەکان). ئەم ڕەخنانە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە ململانێی نێــوان هونــەر و ئاڕاســتە فیکریەکان، بەڵام ناتوانرێت ڕەخنە پێوانەیەکی تەواوی پراکتیکی بدرێتێ چونکە بــەپێوەر و مێتۆدی خاوەنەکەی دەپێورێت وەك (هەڵوێست، کاری جدی، فیکر) ئەم سێ کوچکەیە زمانی پێوانەیەکە بۆ چارەسەرکردنی فۆرم و ناوەڕۆك (کە پاشان لێی دەدوێین) بــەکاردێ. بەزمانی هایدگەر کاتێــك ڕەخنــەگر ئەتمۆســفیری ئــازادی بــۆ نــەخوڵقا تــا لــە خیتــابی هەڵبژاردندا کاری پێ بکات ئەوە ڕاســتیەکانی فیکــر لــە دەســت دەدات چــونکە فیکــر بەواتای یەکەم مانــای مەعریفــە نــادات وەك زانیــاری، فیکــر بــەواتای دووەم بــەمانای حیکمەتی زانستی نایەت و بەمانای ســێیەمیش فیکــر توانــای ئــەوەمان نــاداتێ کــاری ڕاستەوخۆ بکەین هەر بۆیە ئەخلاقە ئەدەبیەکە لە ئازادیدا ئامادە باشی نیە(١١).

## ١:٧ -٢ ڕۆڵی ڕەخنەگر:

ڕەخنەگر دەتوانێ لە چەندین بواربدات، بەڵام زۆر بــە ئاگاییــەوە دەبێــت هــەنگاویان لەسەر هەڵبگرێت. لە فەلسەفەی کاری شێوەکاریدا ڕەخنەگر لەم سەرچــاوانەوە دەکــشێتە ناو کارە هونەرییەکان.

١ـ وەسفکردن — **Describing**

٢ـ تەفسیرکردن — **Interperting**

٣ـ هەڵسەنگاندن — **Evaluating**

٤ـ تیۆریزەکردن — **Theorizing**

ڕەخنەگر پەیوەندی نێوان قوتابخانە هونەریەکان و ڕەوتە هونەرییــەکان ئاشــکرادەکات

به دەستنیشانی سەرچـاوە و تایبەتمەندییەکانیانــەوە. لەلایــەکی تــرەوە ڕۆڵــی مێــژوویی دەبینێت لە ڕوانگەو تەرزە هونەریەکان، بەراوردکاری دەکات لە کاریگەریی هونەریی ئەم شارستانیەتە لەگەڵ شارستانیەتەکانی ڕابردوو، بەواتایەکی دی دەتــوانین بڵــێین ڕەخنــەگر پرۆژەیەکی لە جولانەوە و نوێگەریە پێیە بۆ بەدواداچونی سەرچاوە و ڕەهەندی فیکری لــە قۆناغەکانی ڕابردووتا ئایندە. نوسینی ڕەخنەی گرنگ گرانە، هەربۆیــە ڕەخنــەگر دەبێــت شارەزابێت لە:

١ـ مێژووی هونەر بەرەهەندەکانیەوە.

٢ـ مێژووی ڕەخنەی هونەریی.

٣ـ چەمکی ڕەخنە.

٤ـ زانستی جوانی (ستاتیکا).

٥ـ دارشتنی نوێ و فیکری نوێ.

٦ـ بەردەوامبون لە پێشکەوتنی بەرهەمی نوێ بەلۆکاڵ و جیهانیــەوە، بــەردەوامبون لەسەردانی پێشانگەو موزە هونەریەکان.

جگەلەمانــە ڕەخنــەگر ڕۆڵــی ئامۆژگــاری کــردن دەبێنێــت، هەرچــەندە (ڕەخنــەگر مامۆستانیە تا بەمیتۆدە ستاندارە پەروەردەییەکان لەگەڵ خوێنــدکاردا بەرنامــەی کــاری دابمەزرێنیێ) بەڵکو پشتگیری دەکــات لــە بوژاندنــەوە و دەوڵەمەنــدکردنی ئاڕاســتەیەکی دیاریکراو. ئیدی واڵە وەرگر (بینەر) دەکات باشتر و زیاتر درك بەنهێنی کارە هونەریەکــە بکات، ئەو هێماو سونبولانەی لەبونیادی بەرهەمدا دەبینــێ جــارێکی دیکــە لــە دەقــی تێکستێکدا گوزارشتیان لێدەکات.

گەر ڕەخنەی شێوەکاری پێویست بێت، ڕەخنەگرتن لە چەمك و بابەتە گوزارشت لێکراوەکان دەبێتە کاری سەرەکی. ئەم یاسە لابەلا دەمانباتە ناو کێشەی ڕەخنەی شێوەکاری کوردییەوە. دەپرسین داخۆ ڕەخنەی شێوەکاری کوردیی بونی هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێین:

"بۆ دامەزراندنی هەر فیکرێك لە پشتیەوە فەلسەفەیەك خۆی حەشارداوە، لەبەرئەوەی خاوەنی فەلسەفەیەکی ئاشکرانین، ئیدی دامەزراندنی ڕەخنەی شێوەکاری کوردی لەسەر بنەمای فەلسەفی سەختە، وەك دەبینین ئەو بەرهەمانەی هەن دەرئەنجامی قوتابخانە هونەریە ئەوروپییەکان لە دایکبون بەستایل و ئامرازەکانیانەوە تەنها ئێمە کارەکتەری جێبەجێکاربوین. ئەم قەیرانەش بۆ ئەو خەلفیەتە مەعریفیەی هونەری شێوەکاریی کوردی دەگەڕێتەوە کە ئامادەگی نیە".

زۆربەی ستایلەکان کۆپی دەکرێن، هەرچەندە (بەشێکی هونەرمەندان ئەم باوەڕە ڕەت دەکەنەوە) یاخود پەیامی ستایلەکان بە ناتەواوی گەیشتوە. ئەو بەشەی گەشتووە درەنگ وەختە و ئێمە لەو درەنگ وەختیەدا تەنها نۆتەکان دەنوسینەوە.

هەر چەندە ئەم پەلەکردنە بۆ گەیشتن بەو فارغۆنی پێشکەوتنەیە کە دەمانەوێت زوو پێی بگەین و نایگەینێ. لەم نێوانی ئەم سەفەرکردن بەپەلەیەدا زۆرشت لە دەست دەچێت، (ناسنامە دەشێوێت)، دووبارەبونەوە بەردەوامی دەنوێنێ) پەرت و بڵاوی و لەیەك ترازانی جەمسەرەکان پەیدادەبن).

ڕەخنەی هونەریی شێوەکاری پەیوەندیەکی تەواوی بەپێوەرەکانی ڕەخنەی دەرەوەی جیهانی شێوەکاری کوردیەوە هەیە. کەواتە چۆن دەتوانین ڕەخنەی هونەری شێوەکاری لە کۆمەڵگەیەکدا دابمەزرێنین کە فەلسەفەی تێدا نیە!!.

ئایا پرۆسەیەکی مەعریفی دیاریکراومان هەیە تا دەستنیشانی ستایلی ڕەخنە شێوەکاریە کە بکات؟. بێگومان نەخێر!. لە ئەدەبدا نوسەرمان زۆرە، بەڵام نوسەری ڕەخنەگر نابینرێت. ڕەخنەیەك ڕەهەندەکان بدۆزێنێت، ئاخافتنێك هەنوکەو ڕابردوو گرێبدات، ڕەخنەگربە (تێکست + ئاخافتنی جیاواز) چەمکەکان واڵادەکات.

دامەزراندنی ڕەخنەی شێوەکاری کوردی گرنگە، بەو ئایندەیەی ڕەخنەی شێوەکاری کوردی ئایندەی هونەری کوردی ڕۆشنایی دەکەوێتەسەر.

## ٨:١ تابلۆی ڕووناکبیریی:-

ڕەخنەگر کاتێك ڕەنگەکان واڵادەکات، هەڵوەستە لەسەر چەند تابلۆیەکی ڕووناکبیریی تردەکات، وەك:

١ـ خاڵیبوون (ئەو کەسانە دەگرێتەوە هەمیشە لە میدیاکاندا دەردەکەون و لە فەرهەنگی ڕووناکبیریشدا هەژارن).

٢ـ چەق بەستن (ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە زمانی واقیع نازانن).

٣ـ گرێدان (ئەو ڕووناکبیرانە دەگرێتەوە بە دەسەڵاتەوە خۆیان گرێداوە).

٤ـ خۆپەرست (ئەو ڕووناکبیرە خۆفرۆش و لادەرانە دەگرێتەوە کە لە پێناو بەرژەوەندی تاکی خۆیان پێوەندە مرۆڤایەتیەکان لە بیردەکەن).

٥ـ پەراوێزبون (ئەو ڕووناکبیرە ماهیەت پاکانە دەگرێتەوە کە پەراوێز کەوتون و لەناو ململانێکاندا جێگەیان نەبۆتەوە)..

ئەم دیاردانە دیاردەی واقیعی سەردەمن و بەبڵاوی لە ناو کۆمەڵگەدا درێژەیان هەیە. دیکارت ئەم دیاردەیە بە (واقیعی ناشایستە) دەداتە قەڵەم(١٢). لێرەوە ڕەخنەگر لەناو

ئەم واقیعە ناشایستەدا هەنگاو هەڵدەگرێ بۆ زمانی عەقڵ و هۆش و بیر، هەوڵی بوژاندنەوەیان دەدات بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژی قەیرانە فیکریەکان، زۆرجار ئەو قەیرانە فیکریانە دەگەنە ئاستێك دەزگا مەعریفیەکانیش لە ئاستی بینین و ڕێرەویاندا کە بەبەشێك لە فەرهەنگی نەتەوەیی ئەژمارد دەکرێت لە زمانی ڕژێمێکی سیاسیدا دەتوێتەوە. لەم کاتەدا خەلفیەتە فیکریەکەی ڕەخنەگر دەبێت بەئاگا بێت لە دەست نیشانکردنی ڕەهەندی بڕیاری سیاسی و ڕای گشتی و ئەزمونی سیاسی و ئینسانی.

ئەم فەوزایە چەند هێڵێکی پانی عەقڵانی ساردی لێدەکەوێتەوە، دەبێتە هۆی بزربونی توانای هونەرمەندان. بە مانایەك لە ماناکان ئەم بزربونە داکشانە یاخود دەرچونە لەو پێناسەیەی بەرامبەر هونەرمەندێکی ڕووناکبیر دەکرێت بۆ نمونە (ئەو هونەرمەندانە دەگرێتەوە تەنها گرنگی بەیەك ستایل دەدەن یان ئەو نوسەرانە دەگرێتەوە لە بڵاوکراوەکاندا تەنها ئەو نوسینانە دەخوێنێتەوە کە خۆی نوسیونی ئیدی بەئاگانیە لە گۆڕانکاریەکانی و چواردەوری).

ئەمە بۆ شێوەکار چەندە گرنگە ئەوەندەش لای ئەدیب گرنگ دەبێت. ئەدیب ئەو ئافەریدەیەیە کە هەوڵی گێڕانەوە و داڕشتنی بون دەکات بەو کێشەمەکێشی و قەیرانە نەرێتیانەی زمانی واقیع کە لە دامەزراندنی بونیاتی مەعریفیدا ماوەی نێوان سەرهەڵدانی هیواو تاریکی واقیع دەپیۆێت بۆ کەشفکردنی تابلۆی واقیع.

ڕەخنەگر چەندە بە ئاگابێت ئەوەندە پایەی پەیامەکەی بەهێز دەبێت و ئامانج دەپێکێ، گەر نەیتوانی ئەو پاپۆرە پڕ لە نەفەرە بەرەو هەڵدێر و نغرۆبون دەبات.

**یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی تابلۆی واقیع، قەیرانی پەروەردەییە، کە چەند فاکتەرێك لە خۆدەگرێت، گرنگترینیان:-**

**١ـ** نائامادەگیبونی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیە، تا بتوانین فەلسەفەی پەروەردەی واقیعی لەسەر دابمەزرێنین.

**٢ـ** هێنانی ستایلی دەرەکی (ڕۆژئاوا) بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە پەروەردەییەکان نەخوێندنەوەی ڕەخنە. بەنەخوێندنەوەی ڕەخنەش، بەلاداخستنی و نەخوێندنەوەی مەرجە کۆمەڵایەتیەکان.

بەواتایەکی دی، گەر لە ڕابردوودا پەیڕەوە پەروەردەییەکان لە سیاقی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەوێکی هێنراو بوبێ بە پۆزەتیڤ ئەژمارد کرابێ، ئەوە لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی نائاسایی و نامۆیە.

**٣ـ** هەوڵدان بۆ دەوڵەمەندبوونی ڕووناکبیرییە پەروەردەییەکان لەسەر بنچینەی ناوەرۆك و بەرنامەی خوێندن.

**٤ـ** ئاوێتەکردنی مەبەست بە ئامانج و هەوڵەکان تا لە سنوری گشتیدا تێکەڵاوبن.

ئەم فاکتەرانە خاڵی سەرەکی ئەو قەیرانە پەروەردەییە دەخەنەڕوو کە درێژبوەتەوە بۆ ناو یەکەکانی کۆمەڵگە، بۆیە دەپرسین! گەر پەروەردەی دەرەوە سەر بە فەلسەفە بێت، ئەوە فیکری پەروەردەیی نوێ دەبێت سەر بەو بەردەوامیەی دەرەوەبێت. ئەمەش قەیرانێکی تری شوناسە، (پاشان دێینە سەر ئەم بابەتە). بۆ گەیشتنەوە بەو ڕێڕەوە دەرەکیە کاری پەرەوەردەکاران، لێکدانی پەروەردەیە بەزانستەکانی (دەرونی، فسیولۆژیا، زمان، کۆمەڵایەتی). جگە لەوەی پەروەردەکاریش پێویستە زانیاریە مەعریفیەکانی خۆی گەشە پێبدات. چونکە هەموو کەسێك دەتوانێ فێرببێت، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت ببێت بە پەروەردەکار.

# بەشی دووەم

## ١:٢ داهێنانی هونەریی:

داهێنان وەك بابەت گرنگییەكی زۆری لای توێژەرەوە و بیرمەندەكان هێناوەتە گۆڕێ و لێكۆڵینەوەكانیان لەبارەی پێكهاتە و ڕەوشت و پێگەیشتن و ستاتیكا باسكردووە.

پزیشك و دەروونناسەكان لە ئەنجامی ئەو ئەزمون و بەدواداچون و گەڕان و پشكنینی كەسایەتیدا لێكۆڵینەوەكانیان بەستۆتەوە بە سایكۆلۆژی كەسێتیەوە، وەك چۆن كەسانی پسپۆڕ و پەروەردەیی گرنگی تەواو دەدەن بە داهێنان ئەوەندەش هەوڵ دەدەن بۆ كەشفكردنی ڕێگەی گونجاو بۆ بوژانەوە و گەشەكردن تا لە پرۆسەی كاروبەرهەمی خوێندندا كاریگەری هەبێت لەسەر هۆشیاركردنەوەی خوێندكاران.

سەرەتای لێكۆڵینەوە فەلسەفیەكان بۆ كاری داهێنان دەگەڕێننەوە بۆ خوێندنگەی ئەفلاتون كە ئایدیالیزمیانە لە هونەری ڕوانیوەو داهێنانی مرۆڤی بە سروشتەوە گرێداوە. واتە سروشتی بەسەرچاوەی داهێنان ئەژماردووە، بەپێچەوانەی ئەرستۆوە كە ڕیالیزمیان بەرهەمە هونەرییەكانی هەڵسەنگاندووە و بەباوەڕی عەقڵ و تەفسیرە عەقلانیە زانستیەكەی نەك كاریگەری سروشت. واتە بەباوەڕێكی بەهێزەوە جەختی لەسەر داهێنان كردووە بەوەی لە ئەنجامی پێكهاتەیەكی ئاڵوگۆڕكردنی نێوان بۆچوون (تصور) و هەستپێكردن (إدراك) دێتە بەرهەم، بەڵام فرۆید داهێنانەكان دەبەستێتەوە بە ناهۆشیارییەوە، واتە داهێنان لە ناهۆشیاریدا (لاوعی) گەشە دەكات.

بە باوەڕێكی بەتینەوە جەختی لەسەر فیكرەی داهێنانە هونەرییەكانی

شـــوبنهاوەریش کردووەتـــەوە و بـــە پێـــشڕەوتری زانیـــوە لـــە داهێنانـــە زانـــستیەکان. داهێنانی زانستی پێویستی بە هەوڵ و کۆششی لۆژیکی هەیە و ماوەی ئەزمونـەکان درێژخایەنن و زۆریان پێدەچێت، بەڵام داهێنانی هونەریی ئامانج ڕاستەوخۆ دەپێکێ، بۆیە زانست پێویستی بـە جـەخت کردنـەوەو بەهرەیـە، بـەڵام داهێنـانی هونـەریی قوڵبونەوەیە لە کارە نەگەتیڤ و سەربەستی دەداتە ئیرادەی کەسێتی بۆ نموونە کاتێك لە پۆرترێتێکدا کارێکی داهێنان دەبینرێت واتە ستایلێکی نوێ هاتۆتە بەرهـەم ئـەم ستایلە نوێیـەش ڕەهەنـدی بابـەتی نادیـار کەشـف دەکـات. بەواتایـەکی دی ئـەو کەشفکردنە ناخ و ڕۆحی کەسایەتیە دروستکراوەکە دەردەخات زیاتر لەو ئاستەی لـە وێنەیەکی فۆتۆگرافیدا دەبینرێت.

بەم جۆرە دەبینین گوزارشت کردنی زهنیی بۆ بۆچونەکان سەرچـاوەی سـەرەکی و ئامرازی یەکەمە بۆ داهێنان، چونکە هەموو بۆچونێك پێش فیکر دەکەوێت.

لای کروس توانای داهێنەر دەبەستێتەوە بەو بەرهەمە شـێوەکاریەی هونەرمەنـد پێشکەشی دەکات و بە (وەرگـر)ی دەسـەلمێنێ کـە توانـا تەعبیریەکـەی ئاسـتێکی داهێنەرانە و خولقێنەرە. بێگومان ڕاوبۆچونی زۆر جیـاوازی دیکـە هەیـە، بـەتێکڕا دەتوانین بڵێین هەموو بۆچونەکان جەخت دەکەن لەسەر ئـەوەی داهێنـان لـە سـنوری هۆش (حدود الوعی)دا گەشە دەکات و پێش دەکەوێت. لە بازنەی هونەر و ئەدەب و زانستدا داهێنان بەشێوەیەکی دیاریکراو فیکر و کاری سەرەتایی بەرهـەم دەهێنـێ، گەرکارەکان (فیزیایی، ئابوری، کۆمەڵایەتی یان دەرونی)بن. ئەم دیاریکردنە دەبێتـە مەرجێکی سەرەکی بۆ قبـوڵکردنی ئەفرانـدن و دەورکەوتنـەوە لـە فیکـر وبۆچـونی غەریب و پێوانە کۆمەڵایەتیەکان.

**بۆ بەیەك گەیشتنی هێڵەكانی ئاسۆی ئەفراندن چەند هێڵێك دەخەینە ڕوو:**

## ٢:١-١ لاساییكردنەوە (تقلید)

سەركەوتن و نمایشكردنی بەرهەم لەسەر ئاستی لاسایكردنەوەدا

أـ جەختكردنەوە لەسەر فیكرەیەكی دیاریكراو..

ب ـ گەڕان لە ناو پرۆگرامێكی مەئلوفدا.

ج ـ وەرگرتنی ستایلێك.

## ٢:١-٢ لێكدان

## بەئەنجام گەیاندنی تەواوی ڕەگەزەكان، واتە:

(تێكڕای بەرهەم = ڕەگەزە لەیەكچوەكان + ڕەگەزەلەیە كنەچوەكان).


## ٢:١-٣ هاوسەنگی:

دانانی هاوسەنگی لە نێوان ڕەگەزە ناكۆكەكان و كۆكردنەوەیان بۆ بەشداربون لەبەرهەمدا.

## ٢:١-٤ زەمینە:

پرۆسەی داهێنان هەر لە خۆوە لە دایك نابێت و پێش ناكەوێت بەڵكو دەبێت زەمینەیەك بڕەخسێ تا كاریگەریەكانی دەربكەوێت.

لەو پێكهاتانەی داهێنان بەپێی بۆچونی (ئەمابیل) دەڵێت:




هەر چەندە (لیستڕن بێرك و لوبارت) داهێنانیان بە پرۆسەی بەرهەمهێنان ناوزەد کردووە و لەو ڕێگەیەشەوە داوای گەڕانەوەی زۆرترین بەها (قازانج) دەکەن(١٣).

ئیدی بەوجۆرە داهێنان پێناسەی زۆری لە خۆگرتووە، دەکرێت کۆیان بکەینەوە بەم جۆرە:

داهێنان توانایەکە بۆ پێکهێنان و بنیاتنان یاخود ڕێکخستنێکی نوێیی تواناکان.

یاخود داهێنان پرۆسەیەکی بەرهەم هێنەری فیکر و بابەتە، لە ڕێکخستن و شێواز و وردبونەوەی بەرهەمی هونەری شێوەکاریدا پشت بە شێوەی کۆتایی کارەکە دەبەسترێ، بەڵام خودی پرۆسەی بەرهەمهێنانەکە چەمکی داهێنان دەستنیشان دەکات.


## ١:٢ داهێنان و گەشەکردن

زۆرێك لە شارەزایان و توێژەرەوەکان جەخت دەکەن لەسەر توانا و لە دایکبونی داهێنان، کە داهێنان لە کەسێکی دیاریکراودا کۆ دەبێتەوە بۆ پانتاییەکی گەورە و فراوانتر لە کەسانی دی.

هەندێکی دی دەڵێن داهێنان تایبەت نیە بەهیچ کەسێك بە لکو توانایەکی پەنهانی و شاراوەیە، لە تێکڕای مرۆڤدا حزوری هەیە، تەنها زروفی دەربڕین و

بلاۆکردنەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، گەر کارە داهێنانیەکە گەورەبێت یان بچوك. ئەم یەقینە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زەوی چی تیا بڕوێنیت چۆن خزمەتی بکەی تا بەرهەمی باشی لێ بێتەبەر، بەپێچەوانەشەوە بێ خزمەتی زەویەکە دەکاتە وێرانە و بێ کەڵك. ئیدی داهێنان مەرگی خۆی دەبینێ و هەنگاوی نوێی بەدوادا نایەت، بۆیە گوژم و تینی یەکەم هەنگاو گرنگە و پانتایی ئەزمونەکان فراوانتر بکات.

گراهام والاس لە کتێبی هونەر و فیکردا قۆناغەکانی پرۆسەی داهێنانی دابەش چوار قۆناغ کردووە.




شارەزایان دەڵێن داهێنەران سیفەتی جیاوازیان هەیە وەك:

١ـ خاوەنی هێزی تایبەتن چونکە هەست بەسەر بەخۆیی بونی خۆیان دەکەن.

٢ـ بە توانان لە گوزارشتکردن و ڕەفزکردنەوەی کاریگەرییە دەرەکییەکان.

٣ـ لەڕاوبۆچون و هەڵوێستدا نەرمی دەنوێنن.

٤ـ هەندێجار داهێنانەکان لە گروپ و هـۆز تـا نەتـەوە درێژدەبێتـەوە و دەبێتـە سیمایەك بۆی.

ئەم سیفەتانە پێویستیان بە ئەتمۆسفیرێکی ئازاد و سەربەخۆیە بـۆ گەشـەکردن و بڵاوبونەوە پێدەچێت چینیەکان یەکەم نەتەوەبوبن کە کاری چـاپکردنیان لـە شـێوەی زەخرەفە بەکارهێناوە لەسەر قوماش جگـە لـە کـاری سـیرامیك، بـە بـەکارهێنانی هەڵکەندن لەسەر تەختە. ئەم ستایلە بۆ شێوەکاری جگە لە قوماش مێژووەکـەی بـۆ (٨٦٨) پ.ز دەگەڕێتەوە. ئەم هونەرە لە ڕۆژئاوادا لە سەدەی چواردە و ڕێنسیانسدا بەدەر کەوت و ڕۆشنایی بینی. لەبەرئەوەی ئەو داهێنانە تایبەتە بـە گـەلی چـین تـا هەنوکە تایبەتمەندیەکانی پارێزراوە و بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

## ٢:٢ تەمەن و داهێنان:

هەموو داهێنانێك کاریگەریی لەسەر دەرونـی وەرگـر دروسـتدەکات هونەرمەنـد بەگێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئاوێتەی ویـژدانی بینـەردەبێت ئیـدی ناکرێـت نـاوەڕۆکی فیکریی لە فۆرمی هونەریی جودا بکەینەوە، چونکە هەردووکیان دەبنـە تەواوکـەری داهێنانی ڕاستەقینە. لێکۆڵەرەوەکان داهێنانە هونەریەکان لە مرۆڤـدا دەگەڕێننـەوە بۆ تەمەنی (١٤) ساڵی، و (١٥ تا ١٦) ساڵی بۆ داهێنانە زانستیەکان. (مۆزارت لە ١٤ ساڵیدا ئۆپیرای میلانـۆی بـەڕێوەبرد، بتهـۆڤن لـە هـەمان تەمەنـدا ئاهـەنگی موزیکی لە گۆڕەپانە گشتیەکاندا دەگێڕا... هتد) لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەندا ناوی داهێنەریش بەرز دەبێتەوە. سـەردەمی مێردمنـداڵی (مراهقـی) سـەردەمی دەسـت

پێکردن و سەرەتای بەردەوامیدا داهێنەرە کە بەرەورووی بەربەستەکان دەبێتەوە و داهێنانەکانی گەورە دەکات.

هەندێ لێکۆڵەرەوەی دیکە داهێنانە هونەرییەکان و گەشەکردنی بۆ ساڵانی نێوان (٣٠، ٤٠) دەگەڕێتەوە. هەندێکی دیکە تا ساڵانی (٤٥) و بەرەسەرەوە ئەژماردەکەن.

دەرئەنجامەکان تەمەنێکی دیاریکراومان ناداتێ تا دەست نیشانی خاڵ و پلەکانی داهێنان لە ڕووی تەمەنەوە بکەین. فێردری لە تەمەنی (٨٠) ساڵیدابوو ئۆپێرای فالستافی کرد، (مارك توین) کتێبی (حەوا)ی لە تەمەنی (٧١) ساڵیدا نوسی، (گراهام بێل) گۆڕانکاری کرد لە تەلەفۆندا لە تەمەنی (٥٥) ساڵ بوو، کێشەی لاسەنگی فڕۆکەی چارەسەرکرد لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا.

بۆیە دەکرێت بڵێین هیچ پێشکەوتنێك بەبێ داهێنان نابێت، ئەو سەردەمە لەبیر نەچوانەی مێژوو هەمان سەردەمن کەکاری داهێنانی تێدا ئەنجام دراوە و ڕەخنە لە فەرهەنگە تەقلیدییەکان گیراوە و ئەو بوارەیان تێپەڕاندووە.

بەلاّم ئەم لێکۆڵینەوانە هیچ سەنەدێکی زانستی و لۆژیکی لەسەرنیە تا دەستنیشانی کێرڤی تەمەن بکات بۆ داهێنان، ژمارەی ئەم تەمەنە بە تەنها لە ڕەوتی ژیانی داهێنەرانەوە وەرگیراوە. زانستی دەروونی لە دوو گۆشەی دیکەوە توێژینەوەکانی خۆی قوڵ دەکاتەوە:

١ـ داهێنان پرۆسەیەکی عەقڵی و ماوەیەکی دیاریکراوە.

٢ـ داهێنان پەیوەستە بە توانای داهێنەرەوە لە چۆنیەتی کەشفکردن.

ئەم دووفاکتەرە پاڵپشتی ئەو بۆچونە دەکات، کە داهێنەر کاتێ خەریکی

پرۆسەی بەرهەم هێنان دەبێت باری کۆمەڵایەتی باش بێت و کاریگەریی پەروەردەیی بۆ فەراهەم کرابێت(١٤).

هەرچەندە زۆرجار ئەم کاریگەریانە نەك فەراهەم کرابێت بەڵکو تێکڕای کۆمەڵگە بەرامبەر داهێنەرو بەرهەمەکەی دەوەستنەوە. پەیوەندی نێوان داهێنـان و پـەروەردە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم گرنگی پێدرا.

**د. منیر بەشیر ئەوسەردەمەی دابەشی دووماوە کردووە:**

## ٢:٢-١ ماوەی ئینتباعی:

ئەم ماوەیە لە ساڵی (١٨٦٩)ەوە دەست پێدەکات. ئینتیباعیەکان خوێندنـەوەی تایبەتیان هەبوو بۆ پاڵەوانەکانیان تا بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاسـتەوخۆ ڕاوبۆچـونیان بڵاوبکەنەوە بۆ ئەم کارەش کەرەستەی لۆجیکی ناوخۆیی (**المنطق الداخلي**)ییـان بەکاردەهێنا.

## ٢:٢-٢ ماوەی ئەزمونگەری:

لەرەوشـتگەریەکانەوە دەسـت پێـدەکات تـا سـەرەتای پـەنجاکان ئـەم ماوەیـە بەپێـچەوانەی ئینتیباعیەکانـەوە پـشتیان بەسـت بـە دائـیرەو سـتافی زیـرەك بـۆ تاقیکردنەوە و قبوڵکردن.

ئەزمونگەرییەکان پێیان وابوو داهێنان تـەنها سـیفەتێك نیـە بـۆ قـۆرخ کردنـی تاکەکەس بـەڵکو هـەموو کۆمـەڵ خاوەنیـەتی ئـەو تایبەتمەندیانـەی کەسـانی نـاو کۆمەڵگـەش هەڵیـدەگرن دەبـێ لـە ڕێگـەی پرۆڤـەوە بگوێزرێتـەوە و گۆڕانکـاری تێدابکرێت. جیـاوازی نێـوان ئـەم دووماوەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاکۆکی فەلـسەفی بەرنامەی کاریان و ڕەنگدانەوەی لە جیاوازی تێزی بیرمەندان. بیرمەنـدی فەرەنـسی

(برجسۆن) دەڵێت"داهێنان گەر عەقڵی بێت ئەوە هەڵچون و گڕوتین دەدات بە ئەفراندن".

بەڵام بیرمەندی ئەڵمانی (هایمەر) بەرِوکارێکی دیکەوە دەڕوانێتە داهێنان و بەپێچەوانەی فرۆیدییەکان کە داهێنان بەپاڵنەری ئارەزووە سێکسیەکانەوە گرێدەدەن، هایمەر هەوڵ دەدات پردی پەیوەندی لە نێوان دەرەوە و ناوەوەدا ببەستێت بۆ ڕزگاربوون لەو هێزە ناوکیانەی دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ و دوودڵی و ناجێگیری.

(ماتیس) دەڵێت:"داهێنان و پرۆسەی داهێنان بەردەوام بێت، پێویستە شارەزای کەسایەتی داهێنەربین لە ڕووی زانستیەوەو بە سنورەکانی تێپەڕاندن ئاشنابین".

## ۱-۳:۲ ناساندنی داهێنان:

داهێنانەکان بەشێوەیەکی گشتی بەپێی (کالفن تیلۆر) کە سەرپەرشتیاری زانکۆی یۆنان بوە بۆ دیراسەی داهێنان و لە دوای (۱۰۰) پێناسەی داهێنانەوە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی داهێنان پێنج ئاستی هەیە وەك:

١ـ ئاستی تەعبیری.

٢ـ ئاستی بەرهەمهێنان.

٣ـ ئاستی دۆزینەوە.

٤ـ ئاستی هەوڵدان.

٥ـ ئاستی گەشەکردن.

بەڵام لەڕووی هەستی و داهێنانی هونەری شێوەکاریدا وەك (فیکتور لوفنفیلد) بە دوو جۆر ئاماژەی بۆ دەکات!.

### ٢:٣-٢ هەستی فیعلی Actual Creativity:

جۆرێکی داهێنانە گوزارشت لەو (هەستە) پەنهان و شاراوەیە دەکات، چۆن گەشە دەکات و بەکارەکانی هەڵدەستێت.

### ٢:٣-٣ هەستی شاراوە Potential Creativity:

گوزارشت لە تێکڕای (توانا) و داهێنانەکانی کەسێك دەکات بیەوێت گەشەی پێ بکات یاخود گەشەی پێنەکات(١٥).

ئەم پرۆسەیە لای بیرمەندە دەرونیەکان بە پانتاییەکی فراوانتر لێی دەڕوانن، پرۆسەی داهێنان بە زنجیرەیەکی بەردەوامی گۆڕانکارییەکانی واقیعی دەزانن و بەدوای یەکەوە گرێدراون. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە دەرونیانەی لەسەر هونەرمەندان ئەنجام دراون لە ڕووی (چەندایەتیەوە) ئەوە دەردەخەن.

١ـ هونەرمەندان زیاتر هەست بە تاوان دەکەن وەك لە کەسانی ئاسایی.

٢ـ هونەرمەندان ناتوانن یان ئارەزووی ئامۆژگاری دایك و باوکان ناکەن.

٣ـ هونەرمەندان لەناخەوە ژیانێکی بەپیتیان چاندووە وەك لە کەسانی ئاسایی.

ئەم سێ جەخت کردنەوەیە ئەوەناگەیەنێت کە هونەرمەند دوژمن کاری و بۆچونەکانی خەفە بکات بەڵکو:

١ـ هەڵچون و دوژمنکاریەکانی کەسانی ئاسایی زیاتر دەردەکەوێ وەك لە هونەرمەندان (چونکە هونەرمەندان لە هونەرەکەیاندا گوزارشت لە دوژمنکارییەکان دەکەن).

٢ـ هونەرمەند بۆچونەکانی بەو ئەنجامە تەفسیر دەکات کە کەسانی دی هاوبەشی گوناهن لەگەڵیدا. ئیدی بۆ دروست بونی ئەم هەڵوێستانە هونەرمەندی داهێنەر

پێویستی بە کەشێکی گونجاو هەیە لە ڕازی بون و لێبوردوییی. ئەم پرۆسە سەرەتاییە پرۆسەیەکی ناشعوریە و گوزارشت لە کەرەستە قەدەغـە کراوەکـان دەکـات تالـەڕێی بەرهەمێکی هونەریەوە بێتە نومایشکردن، ئیدی ئەو بەرهەمە دەبێتە خاڵی هاوبەش و گرێدانی پەیوەندییەکانی هونەرمەندی داهێنەر بە جیهانەوە. هـەر چـەندە دەبێـت ئاگاداری وردی هەڵسەنگاندنەکان بین کاتێك دیراسەی وردی داهێنان دەکرێت چونکە تاهەنوکـە بیرمەنـدانی دەرونـی ڕووبـەڕووی ئـەم کێـشەیە بونەتـەوەو لـە کێـشەی بەردەوامدان. شـێوازی داهێنـەران لـە کاتێکـەوە بـۆ کـاتێکی دی جیـاوازە و ئـەو تاقیکردنەوانەی بەئەنجام گەیشتوون یەك ئەنجامیان نەداوە بەدەستەوە تا جێگیربن.

لەڕاستیدا هەموو مرۆڤێك هونەرمەندە، بەڵام بزواندنی ئەو شـەپۆلە بـۆ دەروەی خۆی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت. ئەوانـە هەڵـچونەکانی نـاخ قـەتیس دەدەن و دەری ناخەن تەنها وەك مرۆڤێکی ئاسایی دەمێننـەوە و چـیدی کـە. بـەڵام کەسانی دیکە هەن لەڕێی ئەو کەرەستانەی ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێ دەتـوانێ کـاری هونەری زۆرجوان و ناوازەی لێ دروست بکات و بهێنێتەوە بەرهەم.

هونەرمەند (جوزیف بوبیس ١٩٢١ – ١٩٨٦) یـەکێك بـوو لـە فرۆکەوانـەکانی جەنگی جیهانی دووەم و بـەهۆی جـۆری کارەکەیـەوە بۆمبـای دەهاویـشت، لەگـەڵ پاککردنەوەی باڵەفرەکاندا هاوسەنگیەکی دروست کـرد، هـەر چـەندە بـویس بەشـی پەیکەرسازی خوێندبوو پاشان ئـەو کـارە هونەریانـەی دەیکـرد هـەمان کەرەسـتەی شەڕبوون وەك (چەوری، خوێن) پاشان بۆیەی دەرگای تێکەڵ دەکردن.

## ٤:٢ پرۆسەی داهێنان و سوریالییەکان

کاتێك باس لە پرۆسەی داهێنان دەکرێت بەواتا سەرەتاییەکەی مەبەست لە بەرهەمە هونەرییەکانی (تابلۆ، پەیکەر، شیعر، ڕۆمان، سەمفۆنیا) هتد... ئەم پرۆسەیە کارێکی شاراوە و تەمومژ نیە تا لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەنجام نەدرێت بەڵکو ناوزەد دەکرێت بە تێکەڵگەلێك لە پرۆسەی سایکۆلۆژی جیاواز و تێك ئالاَو لەگەڵ بەردەوام بون و پرۆڤەکردن و شارەزابوون تاقوڵبونەوە و ڕۆن بەناخدا زیاتر ئاشنای تێکڕای لایەنەکان دەبین.

(ڤان کوخ) پێی وایە شارەزایی تەنها بەس نیە بۆ هونەرمەند بەڵکو خودی هونەرمەند پێویست دەکات بە وردی و قوڵی لەواتای شتەکان بکۆڵێتەوە چونکە لە سەرەتای هەموو هونەرێکدا داهێنەری ڕەسەن حزوری نیە، بەڵکو تەنها ئافەریدەیەکی ئارەزومەندە و چیدی کە، بەڵام کاتێك توانا خۆرسکەکەی کۆدەکاتەوە و تێکەڵ بە چالاکیەکانی دەکات بۆ گەیشتن بەمەبەستێك ئەوکاتە کارێکی هونەریی بەرهەم دێنی ئیدی تواناکان لە خەون و خەیاڵ، هەلوەسە و سەربەستی، عەقڵ و بەهێماکردنی شتەکان، هەڵسەنگاندنیان تاپلەی پڕبون و کاملبوون لەو پرۆسەیەدا کۆدەبێتەوە.

ئەم بۆچونە گەر لەبەر رۆشنایی تیۆری شیکاری دەروونیدا بخوێنینەوە بۆ فیکرو وشە. دەبینین خەون و خەیاڵ دەبنە فاکتەرێکی گەورە و کاریگەر بۆ خولقاندنی هونەر، پێدەچێت ئەم بۆچونە هۆی دەرکەوتنی قوتابخانەی سوریالی بوبێت.

ئەم قوتابخانەیە سەرەتا لەلایەن ئەندریە بریتۆنی شاعیرەوە دامەزرا بە هاوکاری تیرازا کە ئەوکات سەرکردەی بزوتنەوەی دادایییەکان بوو، بەڵام لەبەر عەبەسی و

بەربلاوی دادابیەکان بریتۆن جودابـووەوە و لـە بزوتنەوەیـەکی سـوریالی تایبـەت بـە هونەردجا کۆبونەوە. لە هونەرمەنـدە بەناوبانگـەکانی ئـەم ڕێبـازە (سـلفادۆر دالی، خوان میرۆ، پ. دلوا، ماکس ئەرنست، مارك شاگال) چەندانی دیکە.

ئەم ڕێبازە تێکڕای بە هونەرمەندەکانیەوە جارێکی دیکە جەختیان لەسـەرگرنگی و دووبارەکردنەوەی خەون دەکردەوە لە کارە هونەرییەکانیاندا، بەڵام هەریەکەیان بـە جۆرێك لە جۆرەکان تەفسیریان بۆ کردووە.

کاندنسکی دەڵێت:"هونەرمەند تەنها پێویستی بە پرۆڤەکردنی دەست و چاو نیە، بەڵکو پێویستی بە پرۆڤەکردنی ڕۆحە بۆ پێوانەکردنی ڕەنگەکان بە پێوانەی تایبـەتی خۆی، ئەمانە دەبنە فاکتـەری داهێنـانی هونـەریی، پاشـان هـەر ئـەو بەرهەمەیـە دەکەوێتە دایەلۆگ لەگەڵ تاك و کۆمەڵ بۆ نومایشکردنی ڕەهەنـدە مێژووییـەکان"، بەهەمان شێوەش مایکل ئەنجیلۆ دەڵێت"وێنەکێش وێنە بە عەقڵی دەکێـشێت نـەك بەدەستی".

هەرچەندە مایکل ئەنجیلۆ لە سەردەمی سوریالەکاندا نەژیاوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتـوانین ئـەم خـەون و خـەیاڵ و ئەندێـشەی سـوریالیانە بـە واتـای جـادوو لێکبدەینەوە، چونکە سوریالیەکان میتـافیزیکین و هەمیـشە کاردەکـەن لـە واقیـع دەربچن. لەڕووی فەلسەفیشەوە ئەم پرۆسـەیە جیاکردنـەوەی فیکـرە لـە کەرەسـتەو پێداویستیە ئامادەکراوەکان.

(جـان شوسـتر) ئـەم باسـە زیـاتر ڕوون دەکاتـەوە کـە خـۆی یـەکێك بـووە لـە دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیـە لـەدوای جـەنگ، دەڵێـت:"سـوریالیەت ئـەوی تـرە لەشارستانیەتی ڕۆژئاوا، ئەوەتری ناوەوەیە، ئەمانە پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگـەڵ

ئــەوەی دی دەرەوە، ئــەم پەیوەندیــەش عــەقلانی نیــە، ئەمــە لــە کۆمەڵگــە سەرەتاییەکاندا ناگونجێ".

هەڵگرانی ئەم باوەڕە خۆیان دەڵـێن:"ئێمـە کەسـانی سـەرەتایین لـە سـەردەمی هاوچەرخدا. بۆیە دەڵێم ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بیرکردنەوەیەکی جادووگەرانەیـە بـەو ئامانجـە کاردەکـەن کـە ئەمـە ببێتـە شـێوەیەك لـە شـێوەکانی نـاکۆکی سـەرەتا سوریالیەکان بەو ئامانجە کاریان دەکرد ڕووناکی بخەنە سەرشتە شاراوەکانی واقیع".

بۆ نموونە: لە ڕێی وێنەوە شـیکاری خـەونیان تەفـسیردەکرد کـە پەیوەسـت بـوو بەشـیکارەیە دەروونیەکانـەوە. پاشـان فرۆیـد و هـەوادارانی گرنگیـەکی زیاتریانـدا بەسوریالیەکان تا لە سنوری واقیع دەربچن و شعور چیان پێدەڵێت ئـەوە وێنەبکـەن. واتە لە شارستانیەت دەربچن و بگەڕێنەوە بۆ سروشت بـۆ یەکخـستنەوەی هـەموو بوارەکان کەلێوەی جودابونەتەوە لە ئەنجامی ئەم یەکخستەوەیەدا ڕەنگە جیاوازەکانی مرۆڤ دادەمەزرێتەوە. پیکاسۆ دەڵێت:"سروشت و هونەر دووشتی جیـاوازن، ئـەوەی لەسروشتدا ونمان کـردووە بـەهۆی هونـەرەوە دەری دەبـڕین". بـەوجۆرە پیکاسـۆش سروشت ڕەت ناکاتەوە تا نکۆڵی لە سروشت بکات.

ئەم چەمکە لای هونەرمەندان دەربارەی سروشت هەریەکەو بەجۆرێك گوزارشـتی لێکردووە.

(ئیدگار دوگا) دەڵێت:"تەنانەت ئەو هەوایەی لە تابلۆدا هەیە ئەو هەوایە نیە کە ئێمە هەڵی دەمژین". ئەم جۆری دەربڕینە لـە ڕێـی سـتایلەوە بـەپێی سـەلیقەیی و مەوهیبەی خۆی لای سوریالیەکان جێی قبوڵکردن نیەو بەسەرەڕۆیی دادەنـێن، بۆیـە دەرگاکانی داهێنانیان کلۆم کردووەو دەرگایەکیان بۆ داهێنان نەهێـشتوەتەوە تـالێی

بدەن. بەشێوەیەکی گشتی هونەر دیاردەیەکی مێژوویی ئینسانیە و سەربە یاساکانی پێشکەوتن و بەیەك گەیشتن و دایەلۆگەکە عەقڵ تیایدا دەسەڵاتە.

ئەم بەیەك گەیشتنە لە ڕێی جیاوازی ستایلەکانەوە پەرە دەستێنێ وەك:

١ـ ستایلی کەسێتی: **Personal style**

شێواز و میزاجی تایبەتی هونەرمەندێك دەردەخات.

٢ـ ستایلی نەتەوەیی: **National style**

لە ڕوی میزاج و ڕەوشتەوە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو بەدیاردەخات.

٣ـ ستایلی ماوەیی: **Period style**

لە ماوەو سەردەمێکی دیاریکراوو لە ئەنجامی فۆرمەوە دەستنیشان دەکرێت. گرنگی بۆ بەردەوامی ئەزمونەکان چۆنیەتی لەم بەردەوام بوونەدا پێویستمان بە تیۆری شیکاریە بۆ هەر بۆ چونێك(١٥).

## ٥:٢ داهێنەر و شیکارە دەرونیەکان.

زاراوەی کەسایەتی داهێنەر لە زانستە دەرونیەکاندا بەم جۆرە باسی لێوەکراوە: زاراوەیەکە بەڕەوشتی کەسێکەوە بەندە، شێوازێکی تایبەتی هەیە لە شێوەو ڕەنگ و چۆنیەتی هەڵسوکەوتدا، ئەم ناساندنە تەفسیرێکی ڕەوشتی دەرەکیە لەڕێگەی ئامادەباشیەوە دیاریکراوە، کاتێك فرۆید لەسەر ئەم چەمکە دەدوێت و درێژە بە بۆچونەکانی دەدات سەرەتا لە هونەرەوە دەست پێدەکات.

هونەر لای فرۆید ناوچەیەکە کەوتوەتە نێوان (جیهانی واقیع) کە ئارەزووەکانی

تێدا دەبینێ و (جیهانی ئەندێشە)ش ئارەزووەکانی تێدابە ئەنجام دەگات.

جیهانی ئەندێشە بەگەنجینەیەك دەشوبهێنێ لە ئەنجامی تێکەڵبونی پرۆسەیەکی گۆڕانکاری لە پرەنسیپەکانی چێژ (مبدأ اللذة)دا دەگوێزرێتەوە و دەگۆڕێت بۆ پرەنسیپی واقیع (مبدأ الواقع).

هونەرمەندی داهێنەریش ئەو ئافەریدە تێکشکاوەی ناو واقیعە کە هەوڵی کۆکردنەوەی (سامان، هێز، ڕەوشت، خۆشەویستی ژن) دەدات، بەڵام دەست کورتە لەو کەرەستانەی بەم ئارەزووانەی دەگەیەنێت. بۆیە لە ئەندێشەیدا کۆیان دەکاتەوە و دەیەوێت لە ئەنجامی کاری هونەریدا بەدەستیان بخات. ئیدی هونەرمەند لە جیهانی واقیعەوە پاشەکشەدەکاتە ناو جیهانی ئەندێشەوە، کارە هونەری (داهێنان)یەکانی دەبێتە ڕەنگدانەوەی خەیاڵ و ئارەزووەکانی.

لەلایەکی دیکەوە هونەرمەند هەوڵ دەدات لە جیهانی واقیعدا پێگەی خۆی جێگیر بکات و کاری داهێنانی تێدا ئەنجامبدات بۆ ڕەنگدانەوەی ئەندێشەو ئارەزووە ناشعورییەکان. ئەم تیۆرە تاڕادەیەکی زۆر جێی باوەڕە، بەڵام لە ڕووی بەهرەی هونەرمەندەوە هەست بە شکستی تیۆرەکە دەکرێت.


فرۆید بۆخۆشی بێ دوودڵی و چەندجار جەختی لەسەر ڕاستی ئەوە کردۆتەوە کە تیۆرەی شیکاری دەروونی پێویستە دان بنێ بە شکست هێنان بەرامبەر کێشەی هونەرمەند باشترین نموونە توێژینەوە قوڵەکەیەتی دەربارەی لیۆناردۆ داڤنشی و کەسایەتی ئەو هونەرمەندە لەڕووی سەرکوتکردنی ئارەزووە سەرەتاییەکانی کەلەمنداڵیەوە کاریکەریی لەسەر دروستکردووە بەوەی لە دایك بویەکی ناشەرعیەو

ئەم کارەش ڕەنگدانەوەی ڕەق و بێ سۆزی دروست کردووە لای دایکی و توندوتیژبووە بەرامبەری.

لیۆنــاردۆ ئیــدی هەوڵوکۆشــشێکی زۆردەدات بــەدوای مەعریفــە و داهێنــانی هونەریدا دەگەڕێ بۆ دروستبونی کەسایەتیەك لە ئایندەدا بەهێز و جێی باوەڕبێت.

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری شــیکاری دەروونــی نــەیتوانی بەتــەواوی هەوڵــەکانی هونەرمەند بخوێنێتەوە، هەمیشە دیدێکی نەگەتیڤانەی هەبووە لــە ڕووی کەسـێتی و هەستەوە، نەیتوانیوە دیدێکی پۆزەتیڤانە بداتە هونەرمەند، هەمیشە هەوڵیداوە بـۆ نوێکاری و ڕەسەنایەتی نەك تەنها بۆخودی خۆی بەڵکو بـۆ کۆمەڵگـەو مرۆڤایـەتی نومایش بکات. بەڵام هونەرمەند هەمیشە هەستێك ڕایدەکێشێ بـۆ بـەردەوام بـوون ئەویش گەڕان و نوێبونەوەیە چ لەڕووی تەکنیکەوە یاخود لە ڕێـی ئارەزووەکانیـەوە. هەر چەندە هونەر وێنەی زۆرجیاوازی لــە خۆگرتــووە: ئــەدەب (چــیرۆك – شــیعر – پەخشان)، هونەرە جوانەکان (وێنە – پەیکەر)، هونەر تەعبیری (مۆزیکا – گۆرانی – سەما- نواندن) جگەلەوەی لە ڕوکەشدا جیاوازن، بەڵام لەناوەڕۆکدا گوزارشـت لــە هەستی جوانی ئینسانی دەکەن.

کەواتە هەمووکارێکی هونەری لە سەرەتاوە بەم جۆرە دەست پێدەکات:



واتە هەموو کارێك لە ئارەزووەوە دەست پێدەکات و بەباوەڕێکی بەهێز چالاکی دەنوێنێ و بابەت هەڵدەبژێرێت بۆ ئەنجامدانی بەرهەمێك. بێگومان ئەم پرۆسەیە هەوڵێکی هونەرمەندە بە ئامانجی دەرکەوتن و بەدەست هێنانی کەسێتی.

**لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕێژەی سەدیی گرنگترین هێزی حەزو ئارەزووی هونەرمەند نیشان دەدات(١٦).**

| ژمارە | پاڵنەر | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| ١ | ئارەزووی گوزارشت کردن لە خودی خۆی | ٨٤٪ |
| ٢ | خۆشەویستی هونەر | ٧٨٪ |
| ٣ | ئارەزوو دەکات ڕۆڵ و گرنگی هەبێ لە ژیاندا | ٧٢٪ |
| ٤ | بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە ناوخۆدا | ٧٢٪ |
| ٥ | ئارەزووی بەرەنگاربونەوە و کەشفکردن و تەحەدا | ٧٢٪ |
| ٦ | ئارەزوو دەکات داهێنەر بێت | ٦٨٪ |
| ٧ | ئارەزووی باشترکردنی واقیع دەکات لە گۆڕانکارییەکان | ٥٠٪ |
| ٨ | ئارەزوو دەکات ئیلتیزام بێت بەرامبەر بە کۆمەڵ | ٥٠٪ |
| ٩ | ئارەزوو دەکات بەباشترین شێوە بەردەوامی بە ژیان بدات | ٤٤٪ |
| ١٠ | ئارەزوو دەکات گوزارشت لە کەسانی دیکە بکات. | ٣٤٪ |
| ١١ | ئارەزوودەکات گوزارشت لەحاڵەتێك بکات نەگونجێ لەگەڵ واقیعدا | ٣٢٪ |
| ١٢ | ئارەزوو دەکات کە پێویستە کەسانی دی ڕێزی لێبگرن | ٣٢٪ |
| ١٣ | گوزارشت کردن لە دوو دڵی بەردەوام | ٢٦٪ |
| ١٤ | ئارەزوو دەکات بەناوبانگ بێت | ٢٠٪ |
| ١٥ | ئارەزوو دەکات پارە پەیدا بکات | ١٦٪ |

بـــەڵام داهێنـــەر هەمیـــشەو بەبـــەردەوامی بـــۆ پێـــشکەوتن پێویـــستی بـــە خۆپەروەردەکردن و راهێنانە لە

١ـ ڕاهینانی هەست: کەرەستەی پێزانینی جیهانە لە تێبینی و دیاردەکانی.

٢ـ ڕاهێنانی شعور: زانینی و مەعریفەی خود.

٣ـ ڕاهێنانی تەخەیول: گەڕان بەدوای شتی ون و نادیار، کێشانی وێنەی ئەوانەی دوور و نزیکن لێوەی.

٤ـــ ڕاهێنـــانی یـــادکردن: گەڕانـــەوە بـــۆ کـــاتی بەسەرچـــوو و خۆگونجـــان لەگـــەڵ پێویستیەکانی سەردەم.

٥ـ ڕاهێنانی زمان: گەڕان بەدوای ئاسۆ لە داهێنان و پێشکەوتن.

## ٦:٢ ڕەسەنایەتی: Originality

زۆر دیدی جیاواز هەیە بۆ ناساندنی ڕەسەنایەتی، هەندێك بە پاشگری داهێنـــانی دادەنێن، هەندێکی دی بەکلیلی سەرەکی داهێنان. بۆ ئەوەی بەئاســـانی بـــچینە نـــاو لێکۆڵینەوە ئەزمونەییەکان، پێویستە ڕزگاربین لە چەمکە گشتیەکانی ڕەسەنایەتی و بیانگۆڕین بۆ چەمکی ئیجرائی، تاراڤەکاری زانستی لەسەر ئـــەنجام بـــدەین. ســـەرەتا هیچ جۆرە داهێنانێك ڕەسەنایەتی تێدانیە تا ئەو کاتەی بیرۆکەیەکی نوێ بەتـــەواوی حزوری نەبێت.

بۆ ئاسانکاری لێرەدا دوو جۆر بۆچون ئاماژە پێدەکەین:

بۆچونی یەکەم، هەنـــدێك وەك (ســـبیرمان) پێیـــان وایـــە هـــەرکارێکی تـــاکی نـــاو کۆمەڵگە بە ئەنجامی دەگەیەنێت نوێیە!. بەڵام پێناسەی (گلیفورد) بەشێوەیەکی ورد

و بابەتیانە لــە ڕێگــەی دووبارەکردنــەوەی ســەرژمێری ئــەو وەڵامدانەوانــەوە دێتــە ناساندن. (تاك) بە ئەندازەیەك ڕەسەن دەبێت وەڵامی ئەو ئاگادارکردنەوانە نەداتــەوە کە دێنە ڕێی. لێــرەدا ڕەســەنایەتی هەســتانە بــە وەڵامدانــەوەی نامــەئلوف یــاخود هەستانە بەفیکرو بابەتی دیاریکراو. دەشێت بڕیار لە ڕەسەنایەتی بیرۆکەیەك بــدرێت لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی ئەو بیرۆکەیە نەبوەتە سێبەری هیچ فیکرێکی بڵاو و تەقلید. خاوەن فیکری ڕەسەن ئەوکەسەیە لە دووبارەکردنەوەی فیکری کەسانی دی دووربــێ و چارەسەری کێشەکانیش بەشێوەی تەقلید نەکات.

بۆچونی دووەم دەڵێت کاتێــك نــاوی ڕەســەنایەتی دێــت ڕاســتەوخۆ ڕابردوومــان بیردەخاتەوە، وەك چۆن کلاسیکە کۆنەکان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا کارەکانیــان لە باڵەخانەو تەلارە هونەریە دێرینەکانەوە گواستەوە بە چەشنی کارەکانی (دوکانسی و دافید)، ئەم بۆچوونە تاڕادەیەك جێی گومان و بەهەند نەگرتنە، چونکە ڕابردوو لــە هەموو بوارەکاندا نموونەی پێشکەوتنی ڕۆژگار و سەردەمی خۆی بووە.

بۆیــە ناکرێــت جــارێکی تــر بــەو جــۆرەی ڕابــردوو دووبارەبکرێتــەوە. هیــشل دەڵێت:"گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نسکۆیەکە هیچ پاوان ناکرێت، لەبەرئــەوەی ئێــستا زۆر باشترە لەڕابردوو، ئەمەش دەسکەوتە نەك نوقسانی، تەنانەت لە کــاتی تێکــشکاندا دەکرێت سوود لە ئەزمونی نوێی ناسۆریەکان وەربگرین.

کەواتــە دەتــوانین ڕەســەنایەتی لــە پێناســەیەکی کورتــدا کۆبکەینــەوە بــەوەی نەزعەیەکی قەومیانەیە، هــەوڵی دەرخــستنی شوناســی دەدات لــە هونــەری نوێــدا. بەجۆرێکی دی ڕەسەنایەتی بەئەنجام گەیاندنی بەرهەمە هونەرییەکانــە کــە تێکــڕای بەرهەمەکان دەگەڕێنەوە سەر کەلەپور. ئەم پۆلێنە ئەستەمە بــەو ڕێــرەوە کاربکــات

کە تێکرای کارەکان سەربە کەلەپوربن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە شوناس بکەن، ئیدی ڕێڕەوەکەی دی وەلابخرێت کە پارێزگاری لە جیهانگیری هونەر دەکات پێویستە لە شێوەی هارمۆنیەکدا، هەردوو ڕێڕەوەکە ئاوێتەی یەکتربکرێن(١٧).

ئەم پرۆسانە گرێدراوی ئارەزوو هیواکانی مرۆڤە، ئەم جۆرە نوێبونەوانە (هاوچەرخێتیە) و بەرەو داهێنان دەچێت. هونەرمەند ناسنامەی نەتەوەی پێیە واتە بەشێك لە ڕەسەنایەتی (خۆڕسك)ی تێدایە.

ئەوبەشە خۆڕسکە دەتوانێ پەرەپێبدات بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی تایبەت. بەپێچەوانەوە ئەو هونەرەی لە پەیمانگەو ئەکادیمیەکاندا بەپێی بەرنامەی ئەوروپی داڕێژراوە، تەنها هونەرێکی بێ هەست و خرۆش دەبەخشێ، بەڵام تێکەڵکردنی هەردوو جیهانەکە ڕەسەنایەتی پێ گەورەتر دەبێت. دەتوانین ئەم بۆچونە بچەسپێنین بەسەر هونەری ڕۆژئاوادا، چونکە ڕۆژئاواش هەمان قەیرانی هەبوە وەك قەیرانە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان. فاکتەری قەیرانەکان دووجۆرن:

١ـ هونەر لە چەمکە تەقلیدیەکەیدا دەبێتە هونەری واقیعی، خودی مرۆڤ تەوەری جوانی هونەرەکان وەك چۆن تەوەری جوانی سروشتە.

٢ـ گەڕان بەدوای چەمکێکی نوێ بۆ هونەر کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ بونیادی نەتەوەیی و پێشکەوتنەکانی سەردەم.

ئەم فاکتەرانە بۆ هونەرمەند بەرەو جیهانی هونەریی دیکە دەبات و یەکە و کەرەستەی نوێی پێ بە کاردەهێنێ، گوگان کاتێك لە (هایتی) دەژیا ترادیسۆنەکانی دورگەی ئەتلەسی لە کارەکانیدا تواندەوە و موتوربەی کرد، ڤان کوخ کاریگەربوو بە هونەری یابانی و سودی لێوەردەگرت، پیکاسۆ حەزی بە هونەری ئەفەریقی دەکرد و

ئەزمونەكانی شایەتی ئەوە دەدەن.

بەم پێیـە وێنەكێـشی داهێنـەر دەتوانێـت وەك هونەرمەنـدی داهێنـەر بـەدوای نوێكاری و كاری بەسووددا بگەڕێت. دووربكەوێتەوە لەو فیكـرە بـەر بڵاوانـەی كـە ئاڵوگۆڕ دەكات لەسەر هەموو دەستێك، بگەڕێت بـۆ سـتایلی تایبـەت. بـۆ نموونـە (ئەمەویەكان) لە ناوچەكەدا یەكەم كـەس بـوون فرِنـی سـیرامیكیان دامەزرانـد بـۆ دروستكردنی شوشەی ڕەنگاوڕەنگ.

بەردەوام بوون لەسەر تایبەتمەندیە فەرهەنگیەكان ڕێگە چارەیە بۆ ڕزگـاربوون لـە لاساییكردنەوە و دەربازبوون لە كۆت و بەندی چەق بەستویی.

موتیڤە زەخرەفیـەكان باشـترین نموونـەی زینـدوو بـەردەوامی ڕۆژگـاری كـۆن و ئێـستایە، سـونبولی ناسـینەوە و گوزارشـتكردنە لـە تێكـڕای فۆرمـە دیارەكـان. گەشەكردنی موتیڤە سەرەتاییەكان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٢٠٠٠٠ پ. ز، ١٠٠٠٠ پ. ز)ی چاخی بەردینی، لەگـەڵ هەنـدێك كەرەسـتەو ڕاووشـكاری (رم، خەنجـەر) و هەندێ پەیكەری بەردین كەوێنەی مرۆڤ و گیانەوەرەكانی تری لەسەربووە.

گەلانی ئاری و زەردەشتیەكان، لەبەرئەوەی ئاگر سنبولی پاكی و گوزارشـتی لـە خۆر و ڕوونـاكیی كـردووە، لەكـەل و پـەل و تـەلار و خانوەكانیانـدا بەرجەسـتەیان كردووە. ئیدی هەموو خانویەك ڕەگەزێكی ڕوحی لە خۆگرتووە و وەجاخێكیـان تێـدا دامەزراندووە.

پێدەچێت گەڕانەوە بۆ سەر مێژووی دێرینی پەرسـتگا زەردەشـتیەكان هـەوڵێكی سەركەوتو بێت بەهەمان شێوەی بەشێك لە ڕەخنـەگرانی هونـەری عـەرەب هونـەری ئەرەبیسكیان لە (ئەیقونەی ڕۆژهەڵاتی، مـالكی، سـوریانی، نەسـتەری، یـەعقوبی،

ئەنتاکی) گەڕاندەوە بۆ هونەری عەرەبی کە ئەم بزوتنەوانە لە هونەری ڤاتیکانیشدا نامۆنیە و ناسراوە.

زۆر لە ڕۆشنبیران هەوڵەکان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی داگیرکردن و بێ دەسەڵاتی کورد، بەڵام باس لەوە ناکرێت زۆربەی ئامرازەکانی ناسنامە وەك پەیکەر، نوسین، دەست نووس، پارچە زێڕ و زیوو خشڵەکان، تێکڕای میتاڵەکانی دی هەندێکی بە ئاشکرا و هەندێکی بەدزییەوە (ئاودیو) دەکرا، یاخود تێکدان و سوتاندنی مۆنیمێنتی هەڵەبجە و بە تێکڕای پرۆژە هونەرییە گەورەکەی (پێنج هەزار پورترێت بۆ پێنج هەزار شەهید) ئایا ئەم بۆخۆی خاڵی سفربوون و سەرەتای دەستپێکردنی شاڵاوی لەناوبردن و ئەنفالی فەرهەنگی نیە؟.

کێشەی لەناوچونی هۆش و وێنە میکانیزمیەکان جەختکردنەوەیە لەسەر سەلماندن و دارمانی شکۆی فەرهەنگی. گەر لە شۆڕشەکانی مێژووی کورددا هەمیشە نسکۆ بەشمان بووە، ئەدی بۆ لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا نەتوانراوە مێژووی هونەریی نەتەوەیەك بەئەزموونە سەرەتاییەکانیشیەوە سەرنەکەوتووە و نەناساندراوە. لە مێژووی بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردیشدا ئەوانەی لەو بوارەدا نومایش کراون لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، هەر چەندە لەناو عەرەبی عێراقیشدا هەوڵەکان بە هەمان شێوەن، بەڵام هەنگاوی لەسەر هەڵگیراوە کەسانی (شاکر حەسەن ئال سەعید، سمیر تریکی، مەحمود حەماد، سەمیر صایغ) و ڕەخنەگرانی وەك (بلند حەیدەری، عەلی لواتی، بدرەدین ئەبو غازی، زیاء العزاوی) هەوڵەکانیان بەزیندویی ماوەتەوە.

لە کۆتایی ئەم بۆچونانەدا دەڵێم، ئایا دەکرێت بە تەنها زەخرەفە واتای

ڕەسەنایەتیمان پێ ببەخشێت؟ گەر زەخرەفە ڕەسەنایەتی بێت ئەدی هاوچەرخێتی چیە؟

**ئایا ڕەسەنایەتی تەنها کۆکردنەوەی فۆرمە زەخرەفیەکان و قاڵبە لۆکاڵیەکانە؟!.**

هەر چەندە ئەم نموونانە ڕۆژێك لە ڕۆژان نموونەی هونەری پێشکەوتوی پیشەی دەست بوون، قوڵبونەوە و جوانکارییەکان تەنها ڕازاندنەوە بووە لە پێناو کاری پیشەسازی یاخود پێویستیەکانی ژیان لە جلوبەرگو خواردن و جێی نیشتەجێبوون بوون بەهای ماددی.

ئەم پێشکەوتنە لە ئەنجامی پێشکەشکردنی باشترین و جوانترین کەرەستە هاتوەتە نومایشکردن نەك لەڕێی تابلۆوە کە ئەمڕۆ بەستایلی تایبەتی هونەریی جیادەکرێتەوە و دەناسرێتەوە.

کارەکان پێویستی ڕۆژ هێناونیەتە مەیدان، گەر هونەرمەندێك شوێنکەوتوی ئەم ڕەگەزانە بێت بەمەبەستی پێشکەوتن و کاری ڕەسەن، بە دڵنیاییەوە ئەو هونەرمەندە تەنها کار لە کەلەپوردا دەکات (چی بڕوێنێ ئەوە دەدورێتەوە)، بەرهەمەکانی وەك پارچەی یادگاری دەمێنێتەوە. ئەمەش ناکاتە چارەسەرێکی هاوچەرخانە بە فۆرمی نویێ.

ڕەسەنایەتی لە شێوەکاریدا هانی مرۆڤ دەدات قوڵ بێتەوە لەبونەوەر و جوانی بەستنەوەو ئاوێتەبوونی ڕەنگ و فۆرمەکان بەیەکەوە واتە ئەو ڕەگەزانەی چواردەوری مرۆڤیان تەنیوە لە ئاسمان و ڕێسمان، زیندەوەر و سروشت. هونەرمەند ئەم وێنانە لە هەست و ئەندێشەیدا دادەنێ و لەڕێی بینینەوە کۆیان دەکاتەوە بەمەرجێك ئەم کۆکردنەوەیە بە ئامانجی کۆپیکردنی وێنەو فۆرم نەبێت.

چونکە کۆپیکردن بزرکردنی تەمەن و بێتوانایی بۆچـونەکانە. ئاشـکرایە کاتێـك ڕۆئاوا نموونەی هونەریی دروست دەکرد بەو مەبەستە دروستی دەکرد کە خـۆی لێـی تێـدەگات و پێویـستیەتی، (پێـشتر بـە کـورتی ئاماژەمـان پێـدا)، لـە قۆنـاغی ڕێنیسانسدا هونەری یۆنانی و ڕۆمانیەکانیان کۆپی دەکرد، پاشان هەستیان کرد ئـەم هەوڵە تەنها سەرلێشێواوییەو توشی گێژاویان دەکات، بۆیە پەلاماری کەلەپوری کۆن و شارستانیەتی گەلانی دیکەیاندا. لە فیرعونەکانەوە دەستیان پێکرد و درێژبوونـەوە بۆ میزۆپۆتامیا و هنـدی و چـینی و ئەفـەریقی. ئیـدی ئـەوروپای شارسـتانیەت و هاوچەرخ ئاویان لەم کانیانە خواردەوە.


کاتێك دەڵێین شارستانیەتی هاوچەرخ ئـەم گەنجینانـە بـەکاردەهێنن مەبەسـتمان پێوانەکردنی ئەو چنینانەیە کە لەڕێی ئەزمونەکانەوە سوودیان لێوەرگرتووە و ئـەمڕۆ پێی دەڵێن هونەری هاوچەرخ(١٨) کەواتـە هاوچـەرخێتی بریتیـە لـە بـەکارهێنانی ستایل و کەرەستەی نویَ بۆ چارەسەرکردنی کاری هونەریی لە کاتێکدا هاوچەرخێتی پێش شارستانیەت نەکەوێت ئەوە زۆر شت کەشـف دەکـات و هاوچـەرخێتی دەبێتـە پێشڕەو.

## ٧:٢ دەسەڵاتی داهێنەر

لێرەدا باس لەو دەسەڵاتەی داهێنەردەکەین کـە چـۆن لـە پێـشەوە داهێنـەرمان ناساند بـەوەی داهێنـەر شـێوازی تایبـەتی هەیـە لـە شـێوە و ڕەنـگ و چـۆنیەتی هەڵـسوکەوتدا بـەوجۆرە دەبێتـە کۆیلـەی کـار تـا ئـەو کاتـەی دوابڕیـار لەسـەر نومایشکردنی دەدات و خۆی ئازاد دەکات.

ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەی چاککردن و ڕاستکردنەوە ناسراوە. مەبەست لەم چەمکە ڕاست کردنەوە و گۆڕینی هەندێك لە پێکهاتەیان ڕەگەزی بچوك یان گەورەی (تابلۆ، پەیکەر)ە، (لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر شێوەکاری دەکەینەوە). بەمەبەستی چاکسازی. ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیە گەورەیەی نێوان پرۆسەی نەخشاندن و چاککردن پەیوەندیەکە بە ئاڕاستەی تەریبی لەگەڵ یەکدا دەڕوات.

زۆرجار چاکسازی هەر لە سەرەتاوە گۆڕانکاری تێدادەکرێت تا ئەو کاتەی داهێنەر کۆنترۆڵی هەموو پانتاییەکە دەکات، لەم نەخشەیەی خوارەوەدا پەیوەندییەکان بە ئاشکرا و ئاسانی دەبینیرێت:





داهێنەر هەڵدەستێت بە پرۆسەی نەخشاندنی داهێنەرانە بۆ کارەکەی و گۆڕانکاری و چاکسازی تێدا ئەنجامدەدات، پاشان جارێکی دی دەگەڕێتەوە سەر نەخشاندن، ئەم گۆڕانکاریە چەند جارێك دەکات تا لە ئەنجامدا داهێنەر کۆنترۆڵی پرۆسەکە دەکات.

دەربارەی ئەم پرۆسەیە ماتیس دەڵێت:"پێدەچێت ڕازیبم بەو کارەی لە یەکەم دانیشتندا بە ئەنجامم گەیاندووە، بەڵام هەست بەدوودڵی کارەکەم دەکەم، بۆیە

جارێکی دی دەگەڕێمەوە سەری و سەرلەنوێ و چەندجارێك وێنەکە دەکێشمەوە تادەگەمە پلەیەك کە دەتوانم بیناسمەوە و ببێتە کارەکتەری باری دەرونم.. من ئەوەندە دەگەڕێمەوە سەرتابلۆ بە ئەندازەی ئەوەی چەند لە تەواوبونیدا شکستم هێنا بێت.

بەڵام چاکسازی لای سیزان مانای ڕازیبونی ناوچەیەکی دیاریکراوە لە ڕەنگ و ناوچەیەك یان پەڵە ڕەنگێکی دیکە لە تابلۆ. بەگشتی پرۆسەی نەخشاندن زۆرجار لە ئەنجامی گۆشە نیگایەکەوە تێکڕای پرۆسەکە گۆڕانی بەسەردادێت و بەدارِشتنێکی ترەوە دەردەکەوێت. ئەم نەخشەیەی خوارەوە بەئاشکراتر دەدوێت دەربارەی تێکشکان و دووبارە دروست کردنەوەی تابلۆ.




ماتیس دەربارەی ئەم تێکشکان و دروستکردنەوەیە جارێکی دی جەخت دەکاتەوە و دەڵێت:"تەنها کاتێك هەست دەکەم زۆر ماندووبوبم ئەویش لە ئەنجامی ئەو

هەولاَنەدابووە لە چەند جارێك و بەبەردەوامی كارم كردووە و تواناكانم سەرف كردووە، پاش ئەم ماندوبونە دەتوانم بەبیرێكی ئاشكراو ڕون و دوور لە دوودڵی بەرەو كارەكەم بچمەوە و بەسەربەستی قەڵەم و فڵچەكەم بگرم، ئینجا هەست دەكەم هەڵچونەكانم لە نوسینە شێوەكاریەكەدا نومایشكردووە.

كاتێكیش هەستم كرد هێڵی هەڵچونەكانم ڕووناكیان كەوتوەتەسەر پانتاییە سپییەكە، بێ تێكچون ڕەنگە بەهاكانی دی لە خۆدەگرێت، ئەو كاتە هەست بەزیادبون و كەم كردنەوەی هەندێك شت دەكەم ئیدی ئەو پانتاییە (وەرەقە)یەی كە لەسەری نوسیومە هیچ ڕاست كردنەوەیەكی لەسەرنیە تاگۆڕانكاری تیابكەم، تابلۆ كەش ئامادەیە بۆ پێشاندان.

## ٨:٢ فۆرم و ناوەڕۆك:

زاراوەی فۆرم ناوێكی دیكەی كاری هونەریە و گوزارشت كردنە لە هەست بەپێی بۆچونی كروتشە. كاری هونەری هەڵچونێكی تەواوی ناوەكی (ناخی مرۆڤە) نەك هەڵچونی دەرەكی كە بەكاری هونەری ئەژمارد ناكرێ.

فۆرم ناوەرۆكە، چونكە كاتێك هونەرێك نومایش دەكرێ بە واتای فۆرم و ناوەرۆك پێشكەش دەكرێت بەو مەرجەی هەست بكەین كە ناوەڕۆك فۆرمێكە و ئەو فۆرمەش پڕدەبێت. هەست كردن ئاوێتەیەكە لە هەست و فۆرم، فۆرمیش شێوازێكە لە هەست.

بەواتایەك لەواتاكان ڕەخنەی بونیاتی زمانەوانی و مادەی خامی دەرەوەی هونەر وەك بابەت و مەزهەبی فیكریی، گرنگیەكی ئەوتۆی لای كروتشە نیە بە ئەندازەی

ئەوەی گرنگی بە هەست و ڕووکاری دیدو زهنی هونەرمەند بدات بۆ کارێکی هونەری.

هێربرت ریدی ڕەخنەگر جەخت لەسەر بۆچونەکانی (کولَرج و ت. ی. هیوم) دەکاتەوە، فۆرم لە نێوان ئەبستراکت و قولَبونەوەی سۆزداریدا دادەنێ و جیایان دەکاتەوە بەو واتەیەی فۆڕمی موجەڕەد کەوتوەتە نێوان فۆرمی (ئەبستراکت) و فۆرمی (قولَ بونەوەی سۆزداری) و ئەم دووانە لەیەك جیادەکاتەوە.

فۆرم لە بنچینەدا دووجۆرە:

## ١ـ فۆرمی ئەندازەیی:

چوارگۆشە، سێ گۆشە، بازنەیی، شەش پالَو، سێ گۆشە... تاد، دەگرێتەوە.

## ٢ـ فۆرمی سروشتی:

بەرد، چیا، سەقف، گیانەوەر، نەبات... تاد دەگرێتەوە، لە پێشکەوتنی جیهانی هونەردا.

هونەرمەندان و شێوەکاران هەردوو فۆرمەکەیان تێکەلَکردوو فۆرمی سێیەمیان داهێنا، کە فۆرمێکی هونەری جوانە و لە پێکهاتەو مەبەستی جیاواز دەدوێت بەواتا جیاوازەکانیەوە.

(وارتن) لە کتێبی مێژوو شیعری ئینگلیزیدا فۆرم بەواتای (بەرد، ڕەنگ، نۆتە، دەنگ) ناودەبات. لەسەدەی بیستدا پانتایی گرنگیدان بە فۆرم فراوانتربوو زیاتر گوزارشت کردنەکان جیابونەوە و گرنگی درابە مێژووی فیکر و زانستە دەرونیەکان و لە ژێر کاریگەریی ئەزمونەکاندا پێناسە و چەمکەکان گۆڕانی بەسەردا هات.

سەرهەلَدانی هونەری نوێ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەلای زۆربەی

ڕەخنەگرانی هونەرەوە سەردەمێکی پڕ ئاژاوەو تێك پرژاوبوو، بە خێرابییەکی بێ شومارەوە پەلی کێشاو بووە هۆی تێکشکانی فۆرمەکان، ئەم سەرهەڵدانەش هەندێك بۆ ڕوبەرە فراوانەکەی نوێگەری دەگەڕێننەوە. نوێگەریی لەڕێی ناوهێنانیەوە زۆرکەس وادەزانێ ئەمە دوا هاواری جیهانی پێشکەوتن و فەرهەنگی داهێنانی فۆرمەکان. لە ڕاستیدا دوای هەموو شکستێك، شەڕێك، جارێکی دی ئەم تێزە دێتەوە مەیدان.


پاش هەردوو شەڕی جیهانی، جارێکی دی جیهان بەتێکڕای چەمکەکانیەوە ناوی نوێی لە خۆگرت وەك: جیهانی نوێ، هونەری نوێ، تەکنەلۆژیای نوێ، ژیانی نوێ... تاد. ئیدی ئەم چەمکانە بونە ئاوێنەی جیهانی دوای شەڕ پێدەچێت نوێگەریی زاراوە یان دەستەواژەیەك نەبێت بۆ تەفسیرکردن بەڵکو وێنەیەکی نوێیە بۆ چەمکی شارستانیەت، لە کات و شوێنی جیاوازدا و بەشێوەی جیاواز هەنگاو هەڵدەگرێت.

کاتێك بزوتنەوەی نوێگەریی لە سەردەمی نۆزدەدا لە فەرەنسا سەری هەڵدا، بووە فەوزایەکی شارستانی تا کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم هەموو ئەورووپای گرتەوە، بەڵام پاریس وەك بنکەو سەنتەری تیشك دەری نوێگەریی مایەوە.

لەشێوەکاریشدا بزوتنەوەی دادابیەکان بوە پانتاییەکی فراوان بۆ لە دایکبوونی سوریالی و خەونەکانی فرۆید و هێماگەرییەکان، نوێگەریی وەك چەمك ڕووبەرێکی فراوان و بەرینی هەیە، دەکرێت بە یاخی بوونی کەسێکەوە گرێیبدەین، نوێگەریەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر لە خەڵك دەڕواننە هونەر و بوون، لەبەرئەوە ڕابردوو بەتێکڕای بەها جوانیەکانیەوە هەڕەشەی لە ناوچوونی لێدەکرێت. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەوە دەچێ یۆتۆبیایەکی جیاواز بێت، هۆکارەکەی گەڕانە بەدوای شوناس و

تایبەتمەندیەکان، ڕەوشتێکە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکردنی ئەو سایکۆلۆژیەی لە بواری فەرهەنگیدا، لە نێوان کێشوەرەکاندا ئاڵوگۆڕی دەکرد. ئەم بۆچونە زۆر نزیکە لە فەلسەفەی ئازادی سارتەر کە دەڵێت:

"ئازادی لەو شوێنەدا پێناسی مرۆڤە نەبەسترابێتەوە بە ئازادی کەسانی دیکەوە، بەڵام پابەندبوون خۆی هانم دەدات ئازادی خۆم و ئازادی کەسانی دیکەش لە یەککاتدا هەڵبژێرم، دەکرێت لە هونەری شێوەکاری کوردیدا نوێگەڕیی خویَ بنوێنێ لە:



ئەم چالاكیانە داواكارین پشت بە هەوڵ و تێكۆشان دەبەستێ لە پرۆسیسی بەردەوامی بوندا بۆ تێكڕای بۆچون و ڕووداوە هەنوكەییەكانی ژیان، چونكە هونەرمەندی هاوچەرخ بە هونەرمەندی كوردیشەوە توشی گۆشە گیریی هاتوە لە بەرامبەر پێشكەوتنەكانی جیهانی تەكنەلۆژیاو كەرەستە نوێیەكانی شۆڕشی تەكنەلۆژی، ئەم گۆشەگیریە قوڵبوەتەوە لە نێوان خودی هونەرمەند و جیهانی (ئەوی تر) كە هەوڵی بۆ دەدات. گرنگە هەوڵی بەردەوام هەبێت بۆ نوێ بوونەوە و بەشداربوون لەو جیهانە نوێیەی كە پێی دەڵێن نوێگەریی، سەرەتا وشەی نوێ گوزارشت لە (ئێستا) دەكات، ئەم زاراوەیە لە كۆتایی سەدەی شانزەوە دەركەوت، بەواتای جیاكردنەوەی ئەو ماوە زەمەنیەی نێوان سەدەی ناوەڕاست و سەدەكۆنەكان. لەسەردەی هەژدەدا دەستەواژەی (نوێبونەوە) زیاتر تەشەنەی سەند لەبەردەم گۆڕانكاریەكان و بە گۆڕانكاری تەفسیردەكرا. لەسەدەی نۆزدەدا (رسكین) كتێبێكی هونەریی لەژێر ناوی (وێنەكێشە نوییەییەكان) لە ساڵی (١٨٤٦)دا بڵاوكردەوە، تیرندی وەك نموونەی وێنەكێشی نوێ هێنابوەوە.

ئیدی لەوكاتەوە تائێستا بەواتای جوداجودای وەك (ئێستا، ڕاستەوخۆ ئێستا، تا ئەم كاتە) وێنادەكرێت، بەڵام نوێگەریی وەك (بزوتنەوەی گشتی ڕووناكبیریی) بۆ ساڵانی پەنجاكانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە.

نوێگەریی یاخود نوێبوونەوە دەستەواژەیەكی یەكگرتوو نیە، بۆچونەكان چۆن لە ناو سیاسەتدا جیاوازە، بەهەمان شێوە لە ناو گروپ و بزوتنەوە هونەرییەكاندا جیاوازە و ناكرێت بەیەك میتۆد بەسەر هونەری شێوەكاری نەتەوەیەكدا فەرزی بكەین.

## ٩:٢ هونەر و تەکنەلۆژیا:

پەیوەندی هونەر بەتەکنــەلۆژیاوە پەیوەندییــەکی دێرینــە، لەوێنــەی ســەردیواری ئەشکەوتەکان تا دەگاتە وێنەی کۆمپیوتەر و جیهانە ئەندێشەییەکان. ئەم پەیوەندیە ناوازەیە بەدیوێکی تردا پەیوەندییەکی جیاواز دەردەخات، بــەوەی هونــەر بەرنامــەی مادە تەکنەلۆییەکان ڕەت دەکاتەوە.

بێگومان ئەم تەکنەلۆژیا گەورەیەی ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر هونەری جیهــانی (شێوەکاریی) دروست کردووە، هەستی گۆڕیــوە بــۆ هونــەرێك کــە کێبــڵ و مانگــە دەستکردەکان زاڵن بەسەریدا. دەپرسین ئایا ئیــدی فەرهــەنگی هونــەریی دەکەوێتــە پــــەراوێزی عــــەقڵی تــــەکنیکی نوێــــوە؟. یــــاخود خیتــــاب و زمــــانی هونــــەر و کاریگەرییــــەکانی، ئەلتەرناتیڤــــەیان کارەکتــــەرە بــــۆ نومایــــشکردنی ئــــامڕازە پێشکەوتوەکانی مرۆڤ؟.

لە ئەنجامی کەشفکردنی ئەو ئامرازانەی تەکنەلۆژیا خستویەتە پێنــاوی زمــانی هونەر و ستاتیکاوە، جارێکی دی زانست یەکەکانی خیتــابی داهێنــانی هونــەریی و ئامانجەکانی پێشدەخات. بەپێچەوانەشەوە هونەر لە جەوهەریدا حاڵە هەستەوەرەکان بە بەردەوامی نوێ دەکاتەوە.

ئــــەم بــــۆ چــــونانە زیــــاتر قوتابخانــــەی باوهاوســــی (**Bauhaus**)ی ئــــەڵمانیمان بیردەهێنێتەوە، کە چۆن ئەم ڕێبازە هونەرییە بووە مەڵبەنــدێکی فیکریــی بــەربڵاو و بەهێز و هیواو بۆچونەکانی و(التر کروبیس)ی هێنایە ئەنجام.

ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی (١٩١٩) دامەزرا، بەئامانجی ئەوەی ببێتــە منبــەرێکی

سەرەکی بۆ هونەر و پراکتیزەکردنی هونەر لە هونەری تەلارسازی و پلاّندانانداندا.

کــرۆبیس پرەنــسیپە ســەرەکیەکانی دامەزرانــدنی ئــەم قوتابخانەیــەی لــە بیروبۆچونەکانی مامۆستا و هونەرمەند (هولزل) و خوێندکارەکانی وەك (یوهانز ئیتن، ئوتو شلیمەر) وەرگرت.


هولزل هەمیشە دەیوت:"گەورەترین سەرچاوەی سروش (ئیلهام)ی داهێنەرانە توانای تێگەیشتن و پێزانینی مادەی سروشتی و تەکنەلۆژیایە.

بۆ دەرچون لە ئەندێشەی هونەرمەند، وەرگرتنی ئەم توانایە زۆرە.. ئەم بۆچونانە هێدی هێدی بووە بەرنامەی خوێنـدن لـە پەیمانگـەی تـەکنیکی بـۆ نەخـشەسازی و پلانـدانان. لـە سـاڵی (١٩٣٣) نازییـەکان ئـەم پەیمانگەیـەیان داخـست و زۆربـەی کادێرکان بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کرد. لێرەدا پێویستە ئـەوەش بڵـێین کاریگـەریی تەکنەلۆژیا بۆ هونەر بە دیویێکی تردا سودمەندبوو.

تەکنــەلۆژیا تــوانی پێوەنــدەکانی هونەرمەنــد تێکبــشکێنیٚ، چوارچــێوەی بــۆ هونەرمەند نەهێشت، لە دوو ڕەهەندی ڕزگاری کرد بۆ ئەوەی بتوانیٚ فۆرم لە بۆشایدا بەبیٚ سنوری سیٚ ڕەهەندیی وێنە بکات. بەڵام نابێـت ئـەوە لـە یادبکـەین ڕەگـەزە هاوبەشەکانی دیکە بەهەمان شێوە کاریگەریی تەکنەلۆژیایان پێوە دیـارە، تێکـڕای ڕەگەزەکان پەیوەندی ئۆرگانی و هاوبەشیان بە فەرهەنگەوە گرێداوە.

فەرهەنگ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، ڕەگەزە هاوبەشەکانی فەرهەنگ بە هــەمان شێوەی ڕەگەزەکانی تەکنەلۆژیا لە گفتوگۆدان، بۆیە دەکرێـت بڵـێین فەرهــەنگ وەك قەوارەی گشتی سیستەمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گفتوگۆی هاوبەشی هەیە لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیارییەکان کە قەوارەی سیستەمی تەکنەلۆژیە.

لە خشتەیەدا (د. نەبیل عەلی) ئاسانکاری زۆری بۆ کردوین و چ لە ڕووی گەشەکردن و کاریگەریی و قەوارەی فەرهەنگییەوە بۆ قەوارە و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.




فەرهەنگ: قەوارەی گشتی سیستەمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی.

تەکنەلۆژیای زانیارییەکان: قەوارەی سیستەمی تەکنەلۆژی.

لێرەدا دەبینین تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پێکهاتووە لە کۆمەڵگەلێك ڕێکخراوی تەکنەلۆژی دیکە و پەیوەندی هاوبەشیان بەیەکەوە گرێداوە، بونەتە گرنگترین کەرەستەی دروستبوونی فەرهەنگ و گرنگترین ڕوداوی کۆمەڵایەتی. بەهەمان شێوەش دروستبونی فەرهەنگ یاخود چالاکی فەرهەنگ ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان(١٩).

گەر لە هێڵی پەیوەندی شێوەکاریدا هەڵوەستەیەك بکەین، بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەرنامە و پەیوەندییەکان بەهەمان شێوە لەبەردەوامی و گەشەکردندا دەبن، ئیدی شێوەکار ناچار دەبێت لەم جیهانە پێشکەوتوەدا پەنابەرێتەبەر کۆمپیوتەر، لەڕەنگ و وردیی شیکردنەوەکان بڕوانێت. شیکردنەوەکان مەرج نیە بەبەردەوامی قبوڵکردنی تەکنەلۆژیای لێبکەوێتەوە، ئەم بیرۆکەیە یەك ئاڕاستەیی نیە بەڵکو بیرۆکەیەکی بەربلاوە.

(هایبرماس) یەکێك بوو لە ئەندامەکانی قوتابخانەی فرانکورت بە ئاشکرا هێرشی دەکردەسەر تەلەفزیۆن بەوەی گۆڕەپانی ڕای گشتی فەساد دەکات.

بەهەمان بۆچونی (کارل بوبر) سیستەمی ڕاگەیاندنی نوێی بە سیستەمێك دەژمارد کە زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت و نایەڵێت دیموکراسی بلاو و قوڵببێتەوە.

لە ئەنجامی ئەم بۆچونانەدا پێویستە زەمینەی نویٚ بۆ ڕای گشتی بە ڕونی و بەردەوامی بخوڵقێنرێت.

## ٢:١٠ هونەری بەراوردکاری:

هونەری بەراوردکاری لە ساناترین پێناسەیدا جۆرێك لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی بەرهەمی هونەریە لەگەڵ بەرهەمی هونەری و قوتابخانە هونەرییەکانی ناوەوە و دەرەوە لەڕووی پێکهاتە و ستایلدا. ئەم پرۆسەیە ئامانجێکی مەعریفی زانستی هەیە بۆ زانین و چۆنیەتی سەرهەڵدان و بلاوبونەوەی ڕێبازە هونەرییەکان.

دەکرێت ئەم پرۆسەیە فراوانتربکرێت لەڕووی پرەنسیپەوە و هێڵەکانی پەیوەست بە هونــەر وەك (ئــەدەب، مۆزیکــا، فەلــسەفە) تێبپــەڕێنێت وەك زانــستێك ئامانجــە مەعریفیەکانی خۆی بپێکێت بە تایبەت لە ڕووی مێژووییەوە.

هەموو هونەرێك بۆ تەمەنی خۆی خاوەنی مێژوویەکی دیاریکراوە، لــەم مێــژووە دیاریکراوەوە دەتوانرێت کارە بەراوردکاریەکە ئــەنجام بــدرێت لەگــەڵ هونــەرێکی دی یــاخود هونــەری نەتەوەیــەکی دی چ لــە ڕووی جوانکــاری یــا لــە ڕووی کاریگەریــە مێژوویی و ئایینیەکانەوە.

لێرەدا دوو چەمك ئامــادەگی هەیــە، مێــژووی هونــەر لەگــەڵ خــودی پرۆســەی بەراوردکاریەکــە. مێــژووی هونــەر لێکۆڵینــەوە و بەدواداچــونێکی تــەواوی تــەنها مێژووییەو بــەس، بــەڵام پرۆســەی بــەراوردکاری بــاس لــە ســەرهەڵدان و چــۆنیەتی نەشونمای ستایل و قوتابخانە هونەرییەکان دەکات بەپێچەوانەی کاریگــەریی ئــەدەب. وەك دەبینین ئەوروپیــەکان کاریگەریــەتی ئــەدەبی غــەیرە ئــەوروپیان بەشــێوەیەکی بەربڵاو داگیرکرد. بۆ نموونــە دامەزرانــدنی فیکــری ڕوونــاکبیریی فەرەنــسی کــە بــە (فرانکۆ فۆنیمی) ناسراوە بەشێکە لەو هێزە ئایدۆلۆژیە داگیرکاریە فەرەنــسیەی کــە لەسەردەمی نۆزدەهەمدا گەیشتە لوتکە. بەڵام دەبینین پێگەی قوتابخانەی فەرەنــسی بۆ ڕەخنە زۆر جیــاوازە لــەڕووی مــادی و دیالــەکتیك و جەدەلــەوە لەگــەڵ پێگــەی قوتابخانەکانی دی. هەربۆیە ئەدەبی بەراوردیش یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی نیــوەی دووەمی سەدەی بیست. ئەم پرۆسەیە لە نموونەی لە یەکچون و نزیکبونەوە نیــە وەك هونەر بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ئــاڵوگۆڕی کاریگەرییــەکان و چــۆنیەتی مامەڵــەکردن لەگەڵیاندا.

مێژووی هونەر وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـونێکی تەنها مێژووییە، بـەڵام پرۆژەیـەکی هەمـە لایەنـە شـە بۆلـە ئـامێز گرتنـی کـارە هونەرییـەکان و گوزارشـتکردن لـە کاریگـەری لێکۆڵینـەوەکان. لێـرەدا ئەوخاڵـە بەرجەستەدەکەین، ئایا کاتێك هونـەرێکی خۆمـاڵی بـەراورد دەکـەین بـەراورد بـە هونەری دەرەوە، مەبەسـت دەرکـەوتنی هونـەری خۆمـاڵی و گـەورەکردنی هونـەری دەرەوەیە تا بتوانین قەبارەو کێش و سنوری هونەرە خۆماڵیەکە بزانین یـان دانپیانانـە بەگەورەیی و زیندوویی هونەری دەرەوە؟!.

بەهەر واتایەك بێت هونەری دەرەوە ناتوانێـت لـە بـەهای هونـەری نـاوەوە کـەم بکاتەوە چونکە هونەری دەرەوەش هەمیشە پێویستی بە بەرهەمی جـوان و فیکـر و نوێبونەوەیە. نوێبونەوە بە واتای پێداچونەوەی کەرەستەکانی بونیات و پێـشکەوتنی خودی ئـەو کەرەسـتانە بەمەبەسـتی وەرگرتنـی زانـستە نوێیـەکانی (فەرهـەنگی، ئینـسانی، کۆمەڵگەناسـی، دەرونناسـی، فەلـسەفە، زمـان، گرێـدانی ڕێکخـراو و سەنتەرە هونەریەکان... تاد) تا بە زیندویی بمێنێتەوە.

پۆل گوگانی فەرەنسی کاتێـك بـاس لـە وەرگـرتن و هێنانـە نـاوەوەی ڕەگـەزی دەرەکی دەکات بۆ ناوەوە دان بەوەدا دەنێ کە هونەری ئیسلامی و بوزی و یابـانی و ئەفـەریقی و ئوسـترالی گواسـتۆتەوە بـۆ پـاریس و زۆرێـك سـودی لـەو بەهایانـە وەرگرتـووە(٢٠). یـاخود کاتێـك پاکـستان لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیتگلیزەکانـدابوو ئینگلیزەکـان گروپـەکانی سـروود وتنیـان ناچـارکردبوو بـەوەی دەبێـت ئـامێری (هەرمونیوم) لەگەڵ سروودەکانیاندا بەشداربکەن و ببێتە بەشێك لە کارەکان، ئەمڕۆ دەبینین هەر خودی ئەو ئامێرەیە بوەتە بەشـێکی زینـدووی موزیکاکـانی (سـەبری،

نەسرەت فاتیح، عەلی خان) بۆیە بەکارهێنانی کەرەستەی جیاواز لە هەربوارێکی هونەردا بێت گرنگە (چونکە هەر بەشەی هونەر لە ڕووی پەیوەندی بە کۆمەڵەوە جیاوازە گەر شێوەکاری وەربگرین. شێوەکاری پارچەیەکی لاشەی هونەر پێکدێنێ ئەم پارچەیە هێڵی پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگەی بۆرژوازییەوە گرێداوە بەپێچەوانەی شانۆوە کە بە هونەری هەژاران دەناسرێت)، بە ئاڵوگۆڕکردنی تایبەتمەندییەکان گۆڕان دروست دەکات، یاخود ڕوکارێك دێنێتە مەیدان بەزەروریەتی زەمەن کە پێشتر بیری لێنەکراوەتەوە. باشترین نموونە (هونەری هەژار)ە وەك ئاڕاستەیەك هاتە نومایشکردن. بەوشێوەیە چەندەباسی هونەری بەراوردکاری بکەین ڕامان دەکێشێتە ناوکێشمەکێشی ئەدەبەوە، هەرچەندە ئەو باسانەی لەمەڕ ئەم چەمکەوە بلاوبونەتەوە لەسەر پرەنسیپێك پێکنەهاتوون.

وشەی بەراورد لە ئینگلیزیدا بە (**Comparative**) هاتووە و لەوشەی (**Comparativus**)ی لاتینیەوە وەرگیراوە. لە سەرەتادا ئەم زاراوەیە (فرانس میرز) لە کتێبەکەی ساڵی (١٥٩٨)دا کە بەراوردکاریەك بوو لە نێوان شاعیرانی ئینگلیزی و یۆنانی و لاتینی و ئیتاڵی بەکاری هێنا. ئیدی ئەم زاراوەیە بوە ناونیشانی زۆر کتێب لە هونەر و ئەدەب(٢١).

لە ئەنجامدا دەڵێم، بەراوردکاریەکان لە نێوان چەمکی هونەری ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا دوو لێکدانەوەی جیاواز لەخۆدەگرن چونکە:

١ـ مێژووی هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوا لەسەردەمی گریك و ڕێنیسانس و بارۆکەوە تائێستا یەك وێنەی مەشروعی هونەریان هەیە.

٢ـ مێژووی هونەری شێوەکاری ڕۆژهەڵات لە ژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامدا

گرنگــی زۆری داوە بــەکاری زەخرەفــە و زەخرەفــەکاری بوەتــە ڕێبازێــك تائێــستا بەردەوامە و لە ناو پێویستیەکانی ناو هەموو ماڵێکدا ئامادەگی هەیە. وەك دەبینین ئــەم دوو مێــژووە جیــاوازن، هێڵــە گــشتیەکانیان دەبەســترێتەوە بــە هێڵــی ڕەگــەز پەرستییەوە، باشترین نموونە لە سەردەمی شۆڕشــی فەرەنــسیدا هونەرمەنــدانی وەك (داڤید، کانوفای پەیکەرتاش، دوکانسی تەلارساز) بانگەوازی زۆریان کرد تا ڕێبــازە هونەرییەکان بۆ هونەری ڕۆمانەکان بگەڕێتــەوە و ئــەوانیان بەسەرچــاوەی ســەرەکی دەزانی، پاشان هەر ئەم بانگەوازەبوو فەرزکرا بە زۆر چونکە هێڵی نەتەوەگەریی تێدا بەهێزبوو(٢٢).

## ١١:٢ هونەری هەژار Arte Porera

ڕوکارێکی هونەرییە لە سەرەتای شەستەکاندا لــە ئــەوروپا ســەری هەڵــدا، هــەر چــەندە بزوتنــەوەی دادایيــەکان دێنێتــەوە یــاد. بــەڵام زۆر بــەخێرایی بڵاوبــوەوە و پانتاییەکی فراوانی لە ئەوروپاو ئەمەریکادا داگیرکرد.

لەبەرهەمە زیندوەکانی ئەم ڕێرەوە هونەریە، نیشاندانی پەنجا مەترێك چوار گۆشە لەزبڵۆکاری (والتر دی ماریا) لە نیۆیۆرك و (هینز فریــدریك) لــە شــاری میونــشنی ئەڵمانیا بوو لە ڕۆژانی ٩/٢٨ تا ١٩٦٩/١٠/١٢ بەردەوام بوو.

پاشان (لورنسی فیغر) لە ساڵی (١٩٦٨) لە نیۆیۆرك فەرشێکی هێناو بڕێــك لــە ڕەنگی هەمە جۆری پێداڕشت و نومایشی کرد.

ناوی ئەم بزوتنەوەیە هیچ گرنگیەکی ئــەوتۆی نیــە و کەرەســتەی بــەکارهێنان و گوزارشت لێکردنــی ئاســانە. بزوتنەوەیــەکی سەرکێــشە لــە تێکــڕای تەقلیــدکردنی

هونەرەجوانەکان کە هەمان پەیامی دادابیەکان بۆ لابردنی بەربەستی نێوان (هونەر) و (ناهونەر).

بەرهەمەکانیان لە زۆربەی کاتدا بەوە جیادەکرێتەوە قابیلی ئاڵوگۆڕکردن و ناردن و گوێزانەوە نیە، وەك تابلۆو پەیکەر ئەمەش ئەو جیاوازیەیە لە نێوان (دادایی) و (هونەری هەژار)دا و دادابیەکان پشت ئەستوربوون بە تابلۆ.

ساڵی(١٩٨٤) هونەری هەژار خەلاتی (بینالّی پانزەهەمی ئەسکەندەریە) یان وەرگرت لە بەرامبەر کارێکی ڕاکشاوی سەر زەوی. کارەکە پێك هاتبوو لەوەی زەوی هۆڵەکە بەوردە بەرد چنرابوو، پاشان پێنج ستونی ئاسنی لە شێوەی پایەو بەبەرزی نیومەتر ڕاوەستێنرابوو سەری پایەکان بە پەتی نایلۆن پێکەوە گرێدرابوون.

خاوەنی ئەم کارە بەرهەمەکەی بەخشیە هونەرە جوانەکانی ئەسکەندەریە چونکە بۆی نەدەگوێزرایەوە. تەنها خامی سەرەکی کارەکە دوو فەردە وردە بەردی بێ بەهابوو.

بۆ زیاتر ناساندنی ئەم ستایلە و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان (والتر دی ماریا)ی ناودارترینیان دەڵێت:"من بیر لە دروستکردنی گۆڕەپانێك دەکەمەوە بۆ نومایشکردن. ئەو گۆڕەپانە چاڵێکی لێ هەڵبەکەنین، ئەو چاڵە پێویستە خۆمان هەڵیبکەنین، خودی چاڵەکە بەشێکە لە هونەر، پێویستە (دە) شوێن ئامادە بکەین بۆ دانیشتنی بینەران و خۆشەویستانی هونەر. لەو گۆڕەپانەدا بەجلوبەرگی ڕەسمیەوە خەڵك پێشوازی لە کەژاوەیەك دەکەن دێت بەبەردەمیاندا، ئیدی کەژاوەدێت و دەڕوات. ئا ئەمەیە هونەری هەژار(٢٣). لە هونەری هەژاردا هونەرمەندان کاردەکەن بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هەمووشتە سادەو بێ بەهاکان بۆ بارێکی هونەریی

به تێکەڵ کردنی مادەیەکی بەهێز و زینـدوو ئـەویش بینـەرە، هـەر چـەندە جـۆری کاروبەرهــەمی هونەرمەنــدانی جیــاوازە، بــەڵام دەتــوانین لەیــەك ئاســۆدا تێکــڕای بەرهەمەکان دابنێین.

(ماریۆمیرزی) ئیتاڵی کاتێك خەریکی کاری (ڕەشەبای پـێش مێـژوو لـە چـیای بەفرینەوە دێت) دەبێت، ئەم ڕەگەزە بەکارهاتووانە بـەکاردەهێنێ (قـوڕ، مـۆم، دار، نیۆن (گڵۆپ)، ئەلەمینۆم) کە تێکڕای ماددەکان سادەن، ئاسان چنگ دەکەون. لـەم مادانە چیایەکی گرکانی بنیاتدەنێ کە تیشکی نێونەکەی پیاتێپەڕیبێت، تیشکەکان لە شێوەی تیردا دەردەکەون، لەبەشی خوارەوە گورزەدار دادەنێ بەشـێوەی ١، ١، ٢، ٣، ٥، و بەجۆرێك تیشك دەخاتە سەر دارەکان کە بڵێی گڕیگرتووە.

ئەم جۆرە کارانە ئەوەندەی گرنگی دەدرێ بـە بیرکردنـەوەو قوڵبوونـەوە، گرنگـی نادرێ بەوەی هەریەك لەو کەرەستانە گوزارشت لەچی دەکەن، بۆیـە هونـەری هـەژار یەکێك لە کەرەستە ستراتیژیەکانی گوزارشت کردنە لە هونـەری پۆسـت مـۆدێرن بـە تایبەتمەندیە فیزیایەکانیەوە.

# بەشــی سێــهەم

## ٣-١ شوناسی شێوەکاری:

کرداری شوناس کردارێکی وەزیفیە، ئەم کارە وەزیفیــەش پەیوەســتە بــە ئــایین و تێکڕای ڕەگەزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە.

پێگەی شــوناس وەك لایــەنێکی یــەك جەمــسەری لــە چوارچــێوەی فەرهەنگـدا دەستنیــشان دەکرێــت. بەپێــچەوانەوە گــەر بــەو ئاڕاســتەیە نــەبێت دەکەوینــە نــاو ئاستەنگی و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیاوە و (ئەمەش باسێکی تر لە خۆدەگرێت) ئەو کات بەپێی بۆچونی ئەدۆنیس(ئامادەگیەکان وندەبن وەك ونبوونی مرۆڤی ڕۆژهەڵات، چونکە زۆربەی فیکرەکان (تەبەنین) نەك فیکری لە دایکبوون ئەمەش ڕاستی قسەکان دەسەلمێنێ).

ناســینەوەی شــوناس وەك هەســتکردن و تێگەیــشتن، بەرهــەمی بابەتیانــەی مەعریفیە، گەر بە مەعریفەی (خــود) ئاشــنا نــەبین چــۆن دەتــوانین لــە مەعریفــەی بەرامبەر بگەین! بەم ئاڕاستەیە پێویستمان بەلێکدانەوەی فەرهەنگی دەرەوەیــە کــە تاچەند کاریگەری لەسەر بونیــاتی فەرهــەنگی نــاوەوە دروســت دەکــات و بەشــدارە (لەکاتێکدا فەرهەنگی دەرەوە لە ڕووی ژیۆپۆلۆتیك و میتۆدەوە جیاوازە و هــەڵگری شوناسی خۆیەتی بەدەر لە ژێر کاریگەریە مێژوویی و سیاسیەکان).

کاریگــەریی بەشــداربوون تــا ئاســت و پلەیــەکی بــاڵا لــە ڕووی چــەندایەتی و چۆنایەتیەوە ڕۆڵی بەشداربوون دەگێڕێت و بەدی دەکرێــت بــۆ ناســاندن لــە زەمــەتی ئەمڕۆدا. لە بەدیکردندا هەمیشە هێزی فەرهەنگی دەرەوە لە پرۆســەی دژە کــرداردا

هەوڵی داوە (تاراِدەیەك) جیهان و تواناکانی خۆی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە فەرز بکاتە سەر فەرهەنگی ناوەوە و وێنەیەکی پۆزەتیڤانەو هاوچەرخی پێ ببەخشێت ئەم قەرزکردنە بەشێکە لەو هەژمونگەریەی چ لە شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی و شارستانیەتی ئەوروپییەوە پەخشبوەتە سەر فەرهەنگی کوردی.

لەبەرامبەر ئەم دوو شەپۆلە دژەدا کە شەپۆلی یەکەم لە ڕووی ئایین و دەوڵەتەوە ئاوێتەمان بووە وشەپۆلی دووەمیش لە پۆشاکێکی ترو بەبەردەوامی سیماکانی خۆی بەفۆرمێك دێنێتە نومایشکردن، ئەوە بەرجەستەدەکەین، فەرهەنگی ناوەوە لە ژێر گوشار و هەڕەشەو مەترسی و گوماندا گینگڵ دەدات، بۆیە کورد تا هەنوکە بەو مێژووە دێرینەیەوە لە ڕووی فەرهەنگی و چ لە ڕووی کەلتوریەوە لە دەقە فەرهەنگیە دەرەکی (ئەوروپی)یەکاندا کە جیهانێکی فراوانی بەشداربوونە دەنگ و ڕەنگ و شوناسی ئاشکرای نیەو بە هەژاری و بێ خاوەن ماوەتەوە.

گەرباس لە پێویستیە هەنوکەییەکانی بەرەنگاربونەوەبکەین، بەرەنگاربونەوە دژی هێزی نەیار، دژی خولانەوە لە پنتێکدا. ئەم کارە هەروا سانانیە تا ئەزمونی نوێ شانبەشانی ئەزمونی کۆن بپێوین، ئەمە هەڵەیەکی مێژووییە، بەڵکو پێویستمان بە بڕینی سنورەکان هەیە، سنور بەواتای (ترادیسۆن و ئایین)، بۆیەکاری بەردەوام و ئەزمونی نوێ دەبێتە داینەمۆی زیندوو و گەش و باوەڕکردن بە خود).


جەنگی سنور بەزاندن گوزارشت کردنە لە داهێنان و لە دایکبونی جەوهەری نوێ، لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە هەرەسهێنانە بەو ترسە کوشندەیەی کە بەبەردەوامی هەوڵی چەکەرەکردن دەدات و وەك سروت خۆی دەنوێنێ.

بەواتایەکی دی بەرەنگاربونەوەی شەپۆلە نەیارەکان، درێژکردنەوەی پردی فەرهەنگی بەرگری و داهێنانە.

فەرهەنگ ڕەگەزێکە لەڕەگەزەکانی شوناس چەندە تایبەتمەندە ئەوەندەش نەتەوەییانەیە دەنا سرێتەوە، جەختکردنەوە لەسەر نەتەوە جەختکردنەوەیە لەسەر شوناس.

خودی فەرهەنگ تەنها ناوێك.. ئاستێك.. دیدێك نیە بەڵكو فەرهەنگ ئاڵۆزە بەپانتایی مەملەکەتێك کە نومایشی ڕوداوە سیاسی و کێشمە کێشی باوەڕە جیاوازەکانی تێدا دەکرێت بە نومایش کردنی قۆناغی بەرگریەوە.

ئەو خاڵەی زیاتر جەختی لەسەردەکەین و گرنگی پێدەدەین ڕەوتی هونەری شێوەکاری کوردیە، دەتوانین بەم ئاراستەیەی خوارەوە کاری لە سەر بکەین و زەمینەیەکی بۆ دابڕێژین ٠



ئـەم دابەشـکردنە کورتکردنەوەوتیـشك خـستنەسەرچۆنێتی فـۆرمی فەرهەنگـە هونەریە شێوەکاریەکەیە کە بۆ خۆی دووبارەکردنەوەی نەخش و ئەدگارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە نیشان دەدات. گەلانی ژێردەستە هەمیشە وەك فاکتەری بـەهێز (هونـەر، ئەدەب) وەك سونبوڵی گوزارشتکردن لەناسۆری و ئازارە قوڵـەکان بـەکاردەهێنن بـۆ ناساندن و ناسنامە و دەسەڵاتی ڕابردوویان و (هۆشی نەتەوایـەتیان دەکەنـە هۆشـی کۆمەڵایەتی) بۆیە بەرگری بەهـەموو واتاکانیـەوە دەبێتـە فـۆرمێکی ڕەسـەن، دژی هەموو شێواندنێك کە دەرحەق بەناسنامە بێتەئاراوە جەنگاون(٢٣). بـەپێی بابەتـە سەرەکیەکان دەتوانین ئەم چەمکە لە سێ خاڵدا کۆبکەینەوە:

## ٣:١-١ دیدی مێژوویی کۆمەڵگە:

پەیوەندییەکانی نێوان زمان و مێژوو، زمان (نەتـەوە) چـەمکێکی جـێگیرە، لـە پرۆسەی پراکتیکی فەرهەنگی نەتەوەیشدا زمان دەخەملێت و کارەکانی (ڕێکخستن، پارێزگاری کردن، بەهێزکردن) لە پێناو بیری کۆمەڵدا دەگرێتە خۆ.

## ٣:١-٢ دووبارە بوونەوە:

گرنگی لەم میتۆدە ناوازەیە دووبارەکردنەوەی وێناکردن و تواناو سەفەرکردنە بـۆ ناخ و شکاندنی پێوەندە ستاندارە فەرهەنگیەکانە، بۆیە لە ڕووی پراکتیك و میتۆدی زانستیەوە (ئەزمونە ئینسانیەکان) دووبارە دەکاتەوە.

## ٣ـ هەوڵی بەردەوام (پێشکەوتن):

هەوڵەکان پێویستیان بە گوڕ و تینی بەهێز و نوێ هەیـە تـا جەمـسەرگیرنەبن و بەنامۆیی لە جیهانی ئەلەکترۆنی نەمێننـەوە. ئـەریك هـۆبس بـاوم سـەبارەت بـەم

چەمکە باوەڕی وایە کە (فۆرمێکە لە فۆرمەکانی ڕەوشی سیاسی ناوگەمەی جیهانی ئەلەکترۆنی کە ناوی دیکەو نوێی هەیە).

## ٢:٣ ناسنامەی شێوەکاریی:

شوناسی هونەری شێوەکاریی پێکهاتووە لەو ناسنامە تایبەتەی دیراسەی ڕابردوو و ترادیسۆنەکان دەکات بە گۆڕێك واتای ئایینـدە بـدات لـە پرۆسـەی پێـشکەوتن و جیهانی دەرەوەدا.

نابێت هەولەکانی هونەری شێوەکاریی تەنها بۆڕازیبون و بەهەنـدگرتنی جیهـانی دەرەوە بێت، گەر هەولەکان ڕاستەوخۆین یان ناڕاستەوخۆ.

جۆرج تەرابیشی دەلێت:"نەخوێندنەوە و دژایەتی کردنی جیهانی هونەریی دەرەوە کـارێکی نەگەتیڤانـە دەخـولقێنیێ و هەولـەکان لـەبار دەبـات". دروسـت ڕاسـتترە هەولەکان، جەنگەکان، لە ناوەوە دەست پێبکات بۆ دامەزراندنی بونیـاتی مەعریفـە وستایلی تایبەت.

دەستنیشانکردنی شوناسی هونەری شێوەکاریی بەوسـیفەتەی هونـەر زەمـانێکی بێدەنگ و ئامڕازی گوزارشتکردنە لـە هـەردوو جیهـانی واقیعـی و میتافیزیکیـدا، بەهەمان شێوەش کاریگەری هەردوو جیهان لەسەر ئاستی هونەر و شوناسـی هونـەر دەخولقێنێت دەبینین ئەمرۆ قوتابخانە هونەریەکان وەك چاوگی گەش لە پێـوادانگ و پێوانـەی هونـەری جیهانیـدا دەدرەوشـێتەوە بـەتێکڕای دەسـتەواژە و ئـامڕازە تەعبیریەکانیەوە لە ناوچەی ڕۆژهەلات و بەتایبـەت کوردسـتاندا ڕۆل و کاریگـەریان هەیە. بەواتایـەکی دی هونـەری شـێوەکاریی دەرەوە ڕاسـتەوخۆ تێکـەل بـە ژیـانی

هونەریی شێوەکاری ناوەوەبووە. هەرچەندە ئەم تێکەڵبونە دیرۆکێکی دێرینی نیە، دواکەوتویی و دەرنەکەوتنی قۆناغەکانی زانستی ناوەوە شانبەشانی زانستی دەرەوە فاکتەری تایبەتیان هەیە، (پاشان بە شێوەیەکی زانستی لەسەری دەدوێین). لەلایەکی ترەوە گرنگی نەدات و پێش نەکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێدەچێت ڕووکارێکی ئایکی ئایینی لە خۆبگرێت و حەرامکردنی لەلایەن ئایینی ئیسلامەوە فاکتەرێکی گرنگی ترە پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێ (مەلائیکەت ناچێتە هیچ ماڵێکەوە سەگ و نیگار (وێنە)ی تێدابێت).

لێرەدا ئەو پرسیارە تەقلیدیە بەرەو ڕومان دەبێتەوە کە پرسیار لە مەرجەعیەت دەکات! ئایا مەرجەعیەتێك هەیە گوزارشت لە ناسنامەو ڕەسەنایەتی هونەریمان بکات تا بناسرێتەوە؟ ئایا شوناسێکی هەبووە یان هەیە؟. ئەو کارانەی پەیوەستە بەشوناسەوە تەنها پەیوەست نیە بە شوێنەوە بەڵکو پەیوەستیشە بەزەمەنەوە، شوناس (جامد) بێ جوڵەنیە، بەڵکو لەگەڵ زەمەندا نوێ دەبێتەوە.

بۆ ئەوەی نەکەوێنە هەڵەی مێژوویەوە بەجۆرێکی دی و لەگۆشە نیکایەکی و ترەوە دەڵێین:"هەموو گەلێك بەدرێژایی تەمەنی خۆی خاوەنی خەسڵەت و ئەزمونی هونەریی خۆیەتی چ جای هونەری شێوەکاری. وێنە (نیگار)بە یەکەم زمانی مرۆڤ دادەنرێت تالەڕێیەوە ئاوات و داخوازی و خەون و خەیاڵەکانی خۆی لێیەوە نومایشکرد بێت، واتە هونەرێکی لۆکاڵبونی هەیە کە ناسنامەو پێگەی خۆی پێوە گرێدابێت. بۆ ئەم مەبەستە دووبۆچون هەیە یەکەمیان ئەم هونەرە لۆکاڵە دەکرێت تێکەڵ بە میتۆدەکانی دەرەوە بکرێت بە مەبەستی دەرکەوتن و ئاشکرابوون و ناساندن. پێدەچێت باشترین مەرجەعیەت بۆ هونەرمەندی کورد ئەم سونبولانە بێت

کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی کوردستان ئامادەگیـان هەیـە و درێژبونەتـەوە بـۆ ناوچنینی فەرش و لباد و گۆزەو مافور و پەرستگە زەردەشتیەکان. بـەڵام گرفتەکـە لێرەدایە چۆن ئەو پرۆسەیە زیندوو دەکرێتەوە تا بـە شـێوازێکی نوێـوە تێکـەڵ بـەو بزوتنەوە جیهانیە بکرێت، ئەمەش کارێکی ئەستەم بوو چونکە لەدوای حەفتاکانـەوە شێوەکارانی کورد دەیان توانی تواناکانیان لەسەر ئـەو ئـەمبارە ئەیقونـە نەتەوەییـە دابمەزرێنن و درێژە بەو تێزەبدەن، بواری ئەوە ڕەخسابوو بچنە ناو کێشمەکێشی ئـەو جیهانە ئەفسوناویە، مەخابن نـەیانتوانی سـەرکەوتن بـە دەسـت بهێـنن و شوناسـە تایبەتەکەی خۆیان بناسێنن بەڵکو بونە درێژکراوەی ڕێبازە هونەریە دەرەکیەکان.

لە پرۆسەی کارو داهێناندا (وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا) ئەو تەمەنە تەمـەنێکی هێجگار کورتە و پێویستمان بە زەمەنێکی درێژترو بەردەوام بوون و ئاگاهی بوونە لە فەزای داهێنان. بۆچونی دووەم دەڵێ"هونەر هەیە بەو میتۆدو پرەنسیپانەی سـەرەوە کاردەکات، بەڵام لە ڕووی شوناسی نەتەوەییەوە دەبینین بەرهەمەکان هەژارییان پێوە دیـارە و بـە قۆناغـە پێـشکەوتووەکانی دەرەوە لکـاون، پـۆزش بـۆ ئـەم دیـاردەی بەشداربوونە ئەوەیە، هەنوکە هونەرێکی نوێ لە ژێر ناوی (هونەری جیهانی) حـزوری هەیە گەر بەشدارنەبێت نغرۆبون، گەر بەشداربێت پێوەندو پێوەنـەکانی شـوناس ئـەو گرنگی و تایبەتمەندیانەی نامێنێ و وتە بە نرخەکەی نیتچە دەگۆڕێـت بـۆ "کاتێـك وێنە دەکێشم بۆ کەسێکی دیاریکراوی ناکێشم، بەڵکو بۆ هەموو کەسی دەکێشم".

لێرەدا گرنگـی و کاریگـەری داهێنـان لەسـەر بزوتنـەوەی هونـەری شـێوەکاری دەکەوێت. لەسەر بونیادی بزوتنەوەی هونەریماندا زۆر پرەنسیپ هەیە دەتوانرێت پێـی لەسەر هەڵگیرێت و میکانیزمی کاری ئاینـدەی پـێ پێـشکەوێت. ئـەم میکانیزمـە

بەپێی هەلومەرجی ناوچەیی و سیاسی دەکرێت فۆرم و ستایلی جیاواز لە خۆبگرێت.

زۆرجار داهێنانە سەرەتاییەکان پەرەی سەندووە و خـۆی خزانوەتـە نـاو جیهـانی هونەری دەرەوە. ئەمە یەقینێکە تا ئەو ئەندازەیەی ناسینەوەیان کەمێك گران بووە، ئەم هاوکێشەیە جێی تێڕامانە ئەگەر ئاڕاستەکەی پێچەوانە بکەینەوە.

کلیمتی هونەرمەند کاتێك سەفەر دەکات بۆ ئێران و ڕۆژئاوای ئێران (کوردسـتان دەگرێتەوە) لەوێوە پەی بەجیهانی نهێنی زەخرەفە دەبات، کاریگـەری ئـەم ئـەمبارە دەوڵەمەندە جارێکی دی ڕەنگدانەوەی دەبێت لـە ئـەزموونی هونەریـدا و بـە کـاری تێهەڵکێشی ئاوێتەی کارەکانی خۆی دەکات شێوازی ئـەم دووکـەلتورە تێکەڵـە بـۆ پۆڵێنکاری تاڕادەیەك کارێکی چڕ و ئاڵۆزە، بەڵام ئەستەم نیە چـونکە شوناسـەکەش ئارایشتێکی نوێی تێدا ئەنجام دراوە تـاڕادەی توانـەوە و شـێواندن (مەبەسـتمان لـە شێواندن بەواتا ستاتیکیەکە نیە). پێدەچێت خـاڵی گـرنگ لـەم پنتـەدا بـۆ هێـز و دەسەڵات یاخود کاریگەریەکانی دەسەڵات بگەڕێتەوە! ئالیوت دەربـارەی کاریگـەری دەڵێت:"فاکتەرێکە بـۆ نومایـشکردنی ڕوداوە سـەرەتاییەکان جگـە لـەوەی خـودی کاریگەری ئەبـستراکتە)، کەواتـە پەیوەنـدی دەکەوێتـە نێـوان هەنوکـە و ڕابـردوو، دیرۆکی ئەمڕۆ گرێدراوی ڕابـردووە و بەسـانایی لـە دوو تـوێی تێکـستێکدا تۆمـار دەکـرێ و دەخوێندرێتـەوە. ئـەم گرێـدان و پەیوەندیـە لـەڕووی پەیوەندییـەکانی هونەرییەوە ناکاتە ئەو واتایەی هونەری کوردی هەند بچوك بکرێتەوە تا ئاستی چۆك دادان بەرامبەر هونەری دەرەوە، یاخود تێکڕای وێناو داهێنانەکان بێتە وەزیفەیـەکی پاشـگری وێنـاو داهێنانـەکانی دەرەوە بەمـەش لـۆژیکی شـوناس لـە تێکـستدا تێکدەشکێت. ئەمە ئەو چەمك و دەروازە گرنگەیەکە دەمانەوێ بونیـادی خۆمـانی

لەسەر دامەزرێنین لە قۆناغەکانی دامەزراندندا، بۆ تێگەیشتنمان لە (خود) پێویستە دەرگای جیاوازیەکان والابکەین لە نێوان بەرهەمهێنەر و وەرگر، کە بۆخۆی ڕێگایەکە بۆ داهێنان.

لەلایەکی ترەوە گەر هونەری دەرەوەمان بە پاڵپشتی هێز بەکار هێنا (جیهانی ماناکانی بوون) و (جیهانبینی) وەك ئارایشت دەمێنێتەوە و هونەرمەندانیش دەکەونە نێوان بەرداشی قۆناغەکانی داگیرکردن و بەرگری لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە سەپاندنی قۆناغە تیۆرییەکان، بەڵام گەر پرۆژەی ئاڵوگۆڕمان وەك پرۆسەی کارکردن بەکارهێنا، توانیمان پلەکانی پێشکەوتن و بەواداچون دیاری بکەین (هونەری کوردیش تارادەیەکی زۆر کەمیش بێت سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت و توانای بەرهەمهێنانی وێنەی فیکر و سەربەخۆیی بوون نیشاندا) دەتوانین سود لەو ئەزمونە دەوڵەمەندانەی هونەری شێوەکاری دەرەوە وەربگرین.

عبدالرحمن النویهی دەڵێت:"ئێمە هەمیشە بەستراوینەتەوە بە فەلسەفەی ئەمەریکی و ئەوروپین ئەوان فەلسەفەیان داگیرکردووە و تەنها ئێمە بەکارهێنەرین، ئێمە، مامۆستایانی فەلسەفە، وانەکانمان لەسەر فەلسەفەی سارتەر، نتچە، ڕاسل، هیگل، سپینۆزایە، دەبێت هەرچاوەڕێی گودۆبین، مەبەستم فەیلەسوفە.

فەلسەفە میتۆدێکە لە ئەسڵی مەعریفەوە سەرچاوە دەگرێت، مەعریفەش پێکدێت لە کۆمەڵگەڵێك واتاو باوەڕ و چەمك و ئەحکام و بۆچونی فیکریی، لە ئەنجامی هەوڵی دووبارەوەبوو بۆ تێگەیشتنی دیاردەو ئەوشتانەی دەوری داوە دێتە ناساندن.

چەمکی مەعریفە پاشگری چەمکی زانست نیە، بەشێوە گشتیەکەی ئەزمونە زانستی و غەیرە زانستیەکان لەخۆدەگرێت. مەعریفە لە دەنگێکی دیاریکراودا

کۆنابێتەوە بەڵکو لـە تێکـڕای ئـەو شـتانەدایە کـە چـواردەوری مرۆڤـی تـەنیوە و پەیوەندی لەگەڵدا بەستووە. مرۆڤ لە کۆنەوە هەوڵی زانینی ڕەگەزەکانی چـواردەوری داوە و زۆریانی کەشف کردووە.

یونانیەکان ئەو چەمکەیان گرتبوو جیهان لە ماددە دروستبووە، بەڵام بیرمەندانی ڕۆژئاوا لە سەدەی ناوەڕاستدا گرنگیان تـەنها بـەو ڕاڤـە کردنانـە دەدا کەڕوویـەکی ئاینیان لە خۆگرتبوو، بیرمەندانی هاوچـەرخ پێـشوازیان لـە تێکـڕای ڕاڤەکردنـەکان کردبـەبێ جیـاوازی و یەکیـەتی ئینـسانیان دەرخـست. هـەر بۆیـە فەلـسەفە وەك مەرجەعێکی مەعریفی پشتی پێدەبەسترێ بۆ شێوازی بیرکردنەوە لە کاری میتـۆدی و پراکتیکی.

لە دیـدی فەیلەسـوفە گەورەکانـەوە بـە جیـاواز گوزارشـتی لێکـراوە ئـەفلاتون دەڵێ:"زانست یان مەعریفە ئامادەگی هەیە لـە ناومانـدا و نـایبینین". ئەرسـتۆش عەقڵ بەداینەمۆی یەکەمی گەردون دەزانێ.

تێکڕای ئەم سەرەتایە ئەوە دەردەخات تا هەنوکە لە ڕووی فیکرییـەوە سـەر بـە بەرهەمی ڕۆژئاواین. کێشەی فیکـر کێـشەیەکە نەسەربەسـتە نـەگرەنتی هەیـە بـۆ بزواندنی بیرمەند، تەنها پێویستی بەهاندانە(٢٤).

ئەم کێشەیە لای ئێمەی کورد بە دووجۆر دەخوێنرێتەوە و جیاوازییەکانی بـەپێی زەمەنی (کۆن و نوێ) دەردەکەوێت:

**١ـ لە سیاقدا لەیەکدەچن.**

واتە سەردەمی دەسەڵاتی ئیـسلامی تێکـڕای پێـشکەوتنەکانی هۆشـی دیـار و پارێزراو کردووە.

**٢ـ له زەمەندا لەیەك دوورن:**

واتە سەردەمی بێ توانایی داهێنانی فەلسەفی و شێواندنی شوناس. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو کێشەیە تەنها دروست بوون و لەدایك بوونی فەلسەفەیە.

هەندێك پێیان وایە، تێکەڵکردنی ئەم دووچەمکە هەڵەیە، چونکە پێویستە عەقڵ ئازادبێت نەك بەند بێت، ڕووبەڕوو پێویستە نەك پۆزش هێنانەوە بۆ ئایین.

جیاکردنەوەی هونەر لە ئایین و بەستنەوەی بە شارستانیەتەوە (وەك ئەوەی ئاوتن هاوزن کردی) کێشەیەکی تری نەبەستنەوەی هونەرە بەنەتەوەوە. ئەو پرسیارەی هەمیشە دەکرێت! ئایا هونەرێکی ناسراو هەیە هەڵگری هیچ ناسنامە یەك نەبێت؟. هەنگاوە زانستیەکان لەسەر چ پرەنسیپێك هەنگاو هەڵدەگرن بۆ دەستنیشان کردنی هونەر؟.

لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا د. بهنسی پێدادەگرێت لەسەر چوار پرەنسیپ(٢٥).

**١ـ هونەر و شارستانیەت:**

نەتەوەکان بەتێکڕای تایبەتمەندیە مێژووییەکانیانەوە بە دوای ئەمباری پێشینەی خۆیان دەگەڕێن بۆ زیاتر فراوانکردنی پانتایی سنور و زانینی شارستانیەتیان.

**٢ـ هونەر و ئایین:**

زۆرێك لە مێژوونوسان، هونەر لە ڕۆژ هەڵاتدا بە ئایینی ئیسلامەوە گرێ دەدەن، ئەم گرێدانە جیاوازی زۆری بۆ مێژووی شارستانیەتەکان پەیداکردووە.

## ٣ـ هونەر و تەلارسازی:

هونەر ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لە جوانکاری و ڕازاندنەوەی تەلارسازیدا.

## ٤ـ هونەر و نەتەوە:

هەموو نەتەوەیەك بەپێی دامەزراندن و تەشەنەکردنی، خاوەنی چەند شـێوازێکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم شێوازە تایبەتە کاریگەرییەکانی بۆ تاکی ناو ئەو نەتەوەیـە درێژ دەبێتەوە و دەبێتە بەشێك لێی. بەڵام ئەم کاریگەریانە لە ڕووی کۆمەڵایـەتی و فەرهەنگیدا کار دەکەنە سەر ناساندن و بەهای شێوەکاریی.

جیهانی شێوەکاریش بە تەنها قۆرخ کراوی هونەرمەندێك نیە، تێکەڵگەلێکە لـە بینەر، ڕەخنەگر، ڕێکخەری پیشانگە، خاوەن هـۆڵ، کارمەنـدی مـوزە و فرۆشـتنی بەرهەم... تاد.

جگە لە کاریگەریە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان. کاتێك (مانیە) تـابلۆی (شێو لەسەر پوش)ی لە هۆڵی (ڕافیوزیس) کرد، لەلایـەن ڕەخنـەگران و بینەرانـەوە بووە مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنین، هەمان ساڵ (١٨٦٣) تابلۆی (کۆرپەی ڤینۆس)ی هونەرمەند (ئەلیکسەندەر کابانیل) جێگەی دەست خۆشی و لە ئامێزگرتنی ناپلیۆنی سێیەم و زۆربەی بینەران بوو.

ئەمڕۆ هەمان تابلۆی مانیە یەکێکە لە گەوهـەر و سـامانی هونـەری نەتـەوەیی فەڕەنسا و جێگەی سەرنجی زۆرێك لە بینەران و ڕەخنەگرانی هونەرە، بەڵام تابلۆکەی کابانیـل یـەکێك لـە قوژبنـەکانی مـوزەی لۆڤـەری داگیرکـردووە و کـەس باسـی لێوەناکات(٢٦).

## ٣:٣ هونەری ئاڵوگۆڕکردن:

پرۆسەیەکە لە گوێزانەوەی وێناو دیدی جیاوازی دەرەوە بۆ وێناو دیدی ناوەوە بـە هەمان شێوەش وێناو دیدی جیاواز لە ناوەوە بۆ دەرەوە.

پرۆسەکە دوو جەمسەریە، (جەمسەری وەرگرتن + جەمسەری بەخشین)، لە کاری وەرگرتندا پێویستمان بەزمانی دووەمە بۆ وەرگێڕان و لێکدانەوەی فۆرمە جیاوازەکان تاسنوری ئاشنابوون بە تێکڕای ڕەهەندەکانیەوە.

لە ڕووی وەرگێڕانەوە گرفتی ئەوتۆ دروست نابێ بۆ تێکست، دەکرێت بەسانایی بکەوێتە بەردەست و بلاوبێتەوە، بەهەمان شێوەش لە ڕووی پراکتیکەوە (داگیرکردن، بازرگانی، دەسەلاتی سیاسی) فاکتەری بەهێزن بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە، جگەلەوەی ئاشنابوون بەجیهانی دووەم و جیهانی دەرەوە جارێکی دی کاریگەریی لەسەر بونیادی داهێنان دروست دەکاتەوە.

داهێنان گوزەرکردنە بە ناو ڕەهەندەکانی تەقلید و لاسایدا، شوناسی (مردوو لێکەوتوو) تێدەپەڕێنێت، جەوهەری نوێ لە دایك دەبێت، دەبێتە هەڵگری دیدو وێنای تایبەت، ئەوکات شوناسیش سەربەستی ڕەهای خۆی وەردەگرێت. بۆ نموونە: لە هونەری شێوەکاریدا هەمیشە باس لە پێودانگ و ڕێسای قوتابخانە هونەرییەکان و یاسا ستاندارەکان دەکرێت کە بونەتە پایەو بناغەی هونەر لە کاتێکدا ئەمانە لە ڕێی وەرگرتن و وەرگێڕانەوە تانوپۆی جیهانی ناوەوەی داگیرکردووە، بەلام چۆن ڕەهەندەکانی بەخشین بە جیهانی دەرەوە ئاشنادەکەین؟؟

ئایا ئەو سەرچاوانەی تینوێتی چەمکی داهێنانی پێ دەشکێت لە پرۆسەی ئالوگۆڕداو کاری لەسەردەکرێت، بە ئەنجام دەگەیەندرێت؟

بۆ ئەم پرسیارانە وەلامی بڕندەمان نیە، بەلکو خوێندنەوەی جیاواز لە خۆدەگرێت، ناوازەترینیان دەسەلاتە.

دەسەلات بەواتای زالبون و پەلکێشان تا ئاستی جەخت کردنە سەر ناسنامە.

وەك باسمان كرد هێزی دەرەكی هەوڵیداوە تواناكانی خۆی بە ئاڕایشتی جیاوازەوە بەسەر هێزی ناوەوەدا نومایش بكات بۆ ئاستی جێگیربوون، ئەم ڕاستیەش لە شێوەكاری كوردیدا تاڕادەیەك بە ئاشكرا دەبینرێ و دەردەكەوێ كە بوژانەوە و داهێنانەكانی نەكردۆەتە خاوەن شوناسی خۆی.

لە ئەنجامدا دەڵێم شەپۆلی دەرەوە پێویستە یارمەتیدەر بێت بۆ دەوڵەمەندبوونی ئەزمونەكان، ئەو فاكتەرە گرنگەش نابێ لە یاد بكرێت لەسەرئاستی (خود) كە دەسەڵاتەكانی ناوەوە بۆ دەرەوە پەخش دەكات، بەم جۆرە دەكرێت هەنگاوی نوێ بۆ شوناس و چەمكی شوناس هەڵبگیرێت بۆ چەسپاندن و جێگیربوون، گرنگیش بەو پردە بدرێت هەردوو جەمسەری گرێداوە تا داهێنەران بتوانن گوزەری پێدابكەن...


## ٤:٣ زانستی پەروەردەی هونەریی:

مێژووی هونەریی شێوەكاری كوردی هاوچەرخ تێكەڵگەلێكە لە تێكڕای بزوتنەوەو ڕێبازە هونەریە جیهانیەكان و پێناسەیەكی ئاشكرا و ڕوون و تایبەتی لە خۆنەگرتووە.

ئەم تێكەڵاوبوونە وای كردووە هونەری كوردی پاشكۆی هونەری دەرەوە بێت.

گۆڕانكاری لەم پرۆسەیەدا پێویستە كار بكاتە سەر دەزگا ڕەسمی و مەدەنیەكان، چیدی پەنجەرەی خیتابی ستایش و بەباڵا بكەن. باس لە بەهاو گرنگی پتەوی (بناغە) بكەن نەك (لوتكە)، گرنگی بە دەوڵەمەندبونی زاراوە هونەرییەكان بدەن.

زاراوە دەسەڵاتێكی مەعریفی ئینسانیە بەتێكڕای دەلالەتە فیكرییەكانەوە. بۆ دەوڵەمەندكردنی زاراوە هونەرییەكان هەوڵەكان لە چوار پنتەوە دەبینین:




ئەهلی زمانەوانی دەڵێن: زمانم جیهانمە، سنوری زمانم سنوری جیهانمە.. زمان کەسێتیە، شوناسە. ئەو ئامڕازەیە واقیعێك لە کۆمەڵگە دروستی دەکات. ئەو زاراوگەلەی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواری پەیوەستن بە زمانی دایکەوە شایەتی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دەدەن.


کاتێك دەڵێین قەیرانی زمانەوانی واتە:

١ـ هەژاری زمانی پەروەردەیی و زاراوەکانی.

٢ـ کەمی زمانزان و کەمتەرخەمی زمانەوان.

٣ـ دەستنیشانکردنی هەڵە، لەڕێی مامۆستا و قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکانەوە تەشەنە دەکات، بەڵام لێرەدا هۆکاری سەرەکی خودی زمانەکەیەو هەڵگری زاراوەی نوێ نیە.

دەکرێت زمان و پەیوەندییە بە هێزەکانی زمان بەم جۆرە ببینین(٢٧):




وەك دەبینین ئەمرۆ زمان گۆڕەپانی گەرمی فەلسەفەو پەروەردە و میدیا و تەنەنات تەکنەلۆژیایە. بۆ یە گرنگی بەزاراوە و وشە دەدرێت.

لە پێناسەی وشەدا دەڵێن:"گەر مەرجەعیەتی نیگار سێ ڕەهەندی بێت ئەوە مەرجەعیەتی نوسین جیهانی وشەیە و وشەش ڕەگەزێکی ئەبستراکتیکەیان بە جۆرێکی دی (جیهانێکی وێنەی شاراوەی ناخە)". ئەم چەمکە بوەهاندانی (ئیتان سوریو) کە موتیفەکانی خەتی ئەندەلوسی وەرگێڕایە سەر زمانی موزیکا و لەڕستە موزیکیەکاندا جێی کردەوە.

(فیکتۆر هیگۆ) بە جۆرێکی دی گوزارشتی لە وشەدەکرد و دەیوت: "وشە باڵەخانەیە کە لە ئێمەدا نیشتەجێ بووە".

گۆڕینی شێوازی پەروەردەیی و هێنانی کەرەستە و بابەتی نوێی خوێندن لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە فاکتەرە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ماناو دەوڵەمەندبونی لە پرۆسەی خوێندن و خوێندنەوەدا.

پرۆسەی خوێندنەوە ئامرازێکی مەعریفیە، بە پرۆسەیەکی تەواو دادەنرێت، بە چەند ئاستێکدا تێپەڕ دەبێت، لە کەشفکردن و بەدواداچونەوە دەست پێدەکات تا قۆناغی گفتوگۆ کار لەسەر شیکردنەوەی بونیاد دەکات بۆ دووبارە کردنەوەی یەکە مەعریفیەکان، کەواتە خوێندنەوە ئامرازێکی مەعریفی یان چالاکیی زهنەو کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەروەردەدا هەیە.

پەروەردەی هونەریی مادەیەکی خوێندنی هونەریە، گرنگی بەلایەنی گوزارشت کردن و ئەزمونی داهێنان دەدات بە تایبەت لای منداڵ. بناغەو ڕۆڵ و ئامانج و مەبەستی لە خۆگرتووە. ئەم کاریگەریانە لە سێ خاڵدا بەرچاودەکەون:

**١ـ ڕۆڵی یەکەم:-**

گرنگیدان بەڕاهێنانی خوێندکار لەسەر وێنەکێشانی هەندێك لە فۆرمە ئەندازەییەکان، ڕەنگکردنیان، چاودێری کردنی وردەکاریەکان، دەرنەچون لە چوارچێوەی پانتایی، ئەمانە دەبنە هۆی یارمەتی دانی منداڵ بۆ گوێزانەوەی تەواوی فۆرمە کێشراوەکە و بەلاداخستنی پێشکەوتنە شەخسی و تەعبیرییەکان.

**٢ـ ڕۆڵی دووەم:-**

ڕێگەی گوێزانەوە، واتە مامۆستای هونەر ئەو نموونە جوان و سەرنج ڕاکێشانەی (گوڵ، بووکەشووشە، میوە) دەخاتە بەردەم منداڵ بۆ ڕاهێنانی لە چۆنیەتی و دواندنی وێنە نموونەییەکان بۆ گوێزانەوەی ڕاستەوخۆ و فێربوونی ڕەهەندەکانی وێنە.

**٣ـ ڕۆڵی سێهەم:-**

ئاوێتەکردنی ڕۆڵی یەکەم و دووەم، فێرکەر هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی چیرۆك و ئەفسانە مێژووییەکان و داوا دەکات خوێندکارانی گوزارشتی لێ بکەن بە وێنە..

ئەم پرۆسەیە والە منداڵ دەکات ئازادبێت، چونکە هیچ دەست تێوەردانێکی دەرەکی تیادانیە جگەلە ئامۆژگاری و ئاگاداری نەبێت.

لەم سەردەمەدا هونەر لەسەر زاری هەموو کەسێکە، ئاوازێکە چوەتە قولاییەوە، هەست بزوێنەرە، سونبولێکی بە ئاگابوونە، گەلان چەندە شانازی بەسەرکردە مێژووییەکانیانەوە دەکەن بە هەمان ئەندازەش شانازی بە هونەرمەندەکانیانەوە دەکەن و بوەتە پێویستیەکی ڕۆژانە وەك هەموو پێداویستیەکانی ژیان، بەلام گوزارشت کردن لە کەرەستەو پێداویستیەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت هونەر گوزارشت کردنە نەك دواندن. کەسێك تێکەڵ بەکارێکی هونەری دەبێت، ئەوەندەی گرنگی بە تۆمارکردنی هەڵچونەکانی هەست و ناخ و چێژدەدات گرنگی بە تۆمارکردنی ڕاستیەکانی دەرەوە نادات. (کانت) دەڵێت:"چێژی هونەر خۆشە". (هیگڵ) دەڵێت:"هونەر مەملەکەتێکی قەشەنگە". (شیللەر) دەڵێت:"هونەر مەملەکەتێکە لە وەهمی جوان" یاخود دەڵێن هونەر شێوازی ژیان... بەو جۆرە چەندەها پێناسەی جوداجودای لە خۆگرتووە.

کارێکی ئەستەمە هونەر قەتیس بکەین و لە پێناسەدا، سنوور بەندبێت چونکە خودی هونەر یاخیە لە پێناسەکردن و شتێکی بەرجەستەو دیار نیە وەك میتاڵێك تا بڵێین ئەوە هونەرە.

خودی هونەر بە هۆی پەیوەندییەکی بەهێزەوە بەستراوەتەوە بەسروش و دید و هەست و داهێنان واتە ئەم پەیوەندییە ڕوحیانە ناکرێت لە چوارچێوەیەکدا تانوپۆی هەڵکێشین. بەهەمان شێوەش هونەرمەند و پەیامی هونەرمەند لە ڕێی فۆرمە شێوەکارییەکەیەوە ئەو دەستەواژە و زاراوانە دەڵێت"کە وشە ناتوانێ بەو سانایية

دەری ببڕێت". (میللیە) دەڵێت:"کاتێك وێنەی (کەوتنی مـرۆڤ)ی مایکـل ئـەنجیلۆم بینی هەستم بەو ئازارە کرد ئەو چەشتویەتی، هەستم بە بەزەیی کرد".

دەڵێن وێنە هونەرێکی بێدەنگە، بەلاّم وێنە بەهیچ جۆرێـك هونـەرێکی بێـدەنگ نیە. مادام زەمەن لە تابلۆ و نیگارەکاندا حزوری هەیە بەبـەردەوامی و نەوەسـتاوە! کەواتە تابلۆ هونەرێکی زیندوو دەنگدارە، دەدوێـت لەگـەڵ بینـەردا و بـەهۆی ئـەو پەیوەندیە ویژدانیەی نێـوان هـەر دوولادا بـۆ ئـەم مەبەسـتە گـرنگ نیـە هەسـتی هونەرمەند و ئەو هێز و پاڵنەرانە بزانرێت تا بتوانین لە پـەیامی تـابلۆ بگـەین، بـە ئەندازەی ئەوەی چ پەیامێك بەبینەر دەگات(٢٨).

کاتێك منداڵێکی بچووك گرنگی بەشتێکی دیاریکراو دەدات ئەوە وروژانـدنێکی ویژدانیە نەك مەبەستە ڕاستیە دیاریکراوەکە. منداڵ بـە پێـی قۆناغـە جیاوازەکـان خاوەن کەسێتیەکی جیاوازە و پێویستی بە پلان و پرۆگرامی تایبەتە. لە دوو سـاڵیدا ناتوانێ قەڵەم بگرێ و وێنەیەکی ئاسایی بکێشێ، بەلاّم بۆ مێـرد منـداڵێك کارەکـە ئاسانە. بۆ هەر تەمەنێکی منداڵ کاری هونەریی تایبەت بـەخۆی هەیـە، گـەر ئـەو تەمەنە هاوجووت نەبوو لەگەڵ جۆری کارکردنیـدا ئـەو منداڵـە دەبێتـە منـداڵێکی ناوازە و نائاسایی.

ئـەم شـیکردنەوانە بـە ئامـانجی پێـشکەوتن و گۆڕانکـاری دێـت لـە بەرنامـەو پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ دەوڵەمەندبوون و فراوان بـوونی وێناکـان و تێگەیـشتن لـە ڕەخنەی شێوەکاری.

بۆ ئەم مەبەستە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئامۆژگاری و تێبینیانە پێویستە کە:

١ـ لیژنەیەی نیشتمانی دابمەزرێت بۆ ڕەخنەی شێوەکاری.

٢ـ پشتگیری بکرێت لەو لیژنەیە بۆ بواری داهێنان و سەرپەرشتی کردنی.

٣ـ مادەی (چێژی هونەریی) لە پەیمانگەو ئەنستوتە کوردییەکان بخوێندرێت و لە قۆناغە پێشکەوتوەکانیشدا (ڕەخنەی هونەری) بخرێتە بەرنامەی خوێندن بۆ بوژاندنەوەی ڕەوشی هاوڵاتی کە لە چەمکی کەلەپور و شارستانیەتی ئێستاماندا پێویستە.

٤ـ دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوە بۆ ساناکردنی بەردەوامی و پەیوەندی بەسەنتەرە عەرەبی و جیهانیەکانەوە لەڕێی نێتەوە.

٥ـ دامەزراندنی کتێبخانەی دانسقەو تایبەت بە ڕەخنە و ئەرشیف کردنی زانیارییەکان وەك (کەشکۆڵ و فیلمی سینەمایی یان تەلەفزیۆنی و فیلمە دیکۆمەنتیەکان) پاشان ئەمانە دەبنە سەرچاوە بۆ لێکۆڵەرەوان بە جیاوازی دیراسەی هونەری و مێژوویەکانەوە.

٦ـ بەستنی زنجیرەیەك لە دیراسەی ساڵانە بۆ ڕەخنەگران.

٧ـ بانگهێشت کردنی ڕەخنەگرانی غەیرە کورد، تا سود لە ئەزمونەکانیان وەربگیرێت..

٨ـ دامەزراندنی گۆڤارێکی ڕەخنەیی تایبەت، ببێتە مینبەرێك بۆ لیژنەی (ڕەخنەگرانی نیشتمانی) تا ڕەخنەی هاوچەرخی تێدا بڵاوبێتەوە بە پشتگیری کردنی وەزارەتی ڕۆشنبیریی.

٩ـ هەڵسان بەوەرگێڕانی ئەو کتێب و سەرچاوانەی لەو بوارەدا ڕۆڵی گرنگ نیشان دەدەن لەڕووی ستاتیکا و بنەما ڕەخنەییەکان.

ئەم تێبینیانە ئاگادارکردنەوەیە بۆ ململانێی بەردەوامی و ناساندنی کەلتورەکان تا داهێنان.

بەرهەمی داهێنانە مەزنەكانی جیهان پەیوەست بووە بە ململانێی كەلتورە جیاوازەكان و نەتەوە جیاوازەكانی ئەوروپای ڕۆژئاوا كە ڕەگی دروستبوونی شۆڕشی ڕووناكبیریی بوون لە جێبەجێكردندا. زۆربەی وڵاتانی جیهان بەو ململانێیەو بارودۆخانەدا گوزەریان كردووە، بەڵام لە هەمووبارەكاندا دارشتنی هێڵەگشتیەكان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ململانێی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا). ئەوروپییەكان لە ژێر ناوی (ڕۆژهەڵات ناسیدا) دەسەڵاتی خۆیان ئاشكراكردووە.

هونەری شێوەكاری ئەڵقەی یەك لە دواییەكی زنجیرەی نێوان گەل و فەرهەنگەكان لە چوارچێوەی هونەری جیهانیدا دەردەكەوێ، بەپێی پێشكەوتنی سەردەم و گۆڕانكارییەكانی كار و فۆرم و پێكهاتەكانی دەگۆڕێت.

بەڵام لەم سەردەمە نوێیەدا دیدی نوێی ئەوروپی بۆ هونەر زۆر جیاوازترە لەڕابردوو. میتۆدەكانی ستاتیكا و ڕەخنە و پەیڤینە هونەرییەكان لەگەڵ هیچ پێناسەیەكی ڕاستەوخۆ بەرامبەر شوناسی ئەوروپی یەكانگیر ناوەستێتەوە.


ئەوروپییەكان وایادەنێن تێكڕای باوەڕ و شتە غەریب و نامۆییەكان لە هونەری نوێدا بەرجەستەبووە. ئەمەیە دیدی نوێی ئەوروپی بۆ هونەر.

## ٥:٣ دەزگا هونەرییەكان:

ئەو پێشكەوتن و گۆڕانكاریانەی هونەر كە سەردەمی ڕێنیسانس هێنایە ئاراوە و زۆر لە دەزگا و پرۆگرامی خوێندنی هونەریی دامەزراند.

یەكەم: خوێندنگەی هونەری لە ساڵی (١٥٦٢) لە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا بەناوی ئەكادیمیای وێنەو وێنەكێشان دامەزرا. سەدەی حەڤدەهەم وێنە وەك

ڕەگەزێکی هونەری. ئامادەگییەکی بەرچاوی هەبوو، بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەمدا هونەری نویێ نموونە و بناغەی خۆی دامەزراند (پێدەچێت هونەری نوێی کوردی لە ساڵی (١٩٧٠)وە بناغەی کارەکانی خۆی دامەزراندبێ)، هەر ئەو ئەکادیمیایەیە ئەمڕۆ بوەتە سێ بەشی گرنگی دەزگا هونەریە شێوەکارییەکان بۆ خوێندن، بەڵام لە ڕووی ئامانجەوە جیاوازن.




بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەسەر هەریەك لەم دەزگایانە بە کورتی لێیان دەدوێین.

## ١-٥:٣ هونەرە جوانەکان Fine Arts:

کۆلێژ یا خود ئەکادیمیا بە ئامانجی دەرخستنی هونەرمەندانی بە توانایە تا بتوانن بەرهەمەکانیان لەم بوارانەدا پراکتیزەبکەن.

أـ وێنەو وێنەکێشان **Drawing and Painting**

ب ـ پەیکەر و جۆرەکانی **Sculpture**

ج ـ هەڵکەندن (گرافیك) **Graphic**

دـ سورکردنەوە و سیرامیك **Pottery and Ceramic**

هـ ـ دیزاین و ئاگاداری **Design and Adrertising**

و ـ دیكۆر **Décor**

**٢-٥:٣ هونەری جێبەجێ كردن Applied Arts:**

لە ڕووی وەزیفیەوە بە ئامانجی ئامادەكردنی كەسانێكی هونەریە لە ڕووی دیزاینەوە تا ئەو وێنە كێشانە ببێتە پرۆژەیەكی هونەری فراوان. ئەم كۆلیژە بەشی جیاواز لەخۆدەگرێت (وڵات و ناوچە بە ناوچە بەپێی پێویستیەكان دەگۆڕێت).

كاری دار (تەختە)، كەرەستەكانی ماڵ، كاری چنین و چاپكردنی قوماش، كاری كانزایی (نەخشی زێروزیو) كاری شووشە لە خۆدەگرێ.

## ٣-٥:٣ پەروەردەی هونەری Art Education:

كار دەكات بە ئامانجی بەرهەمهێنانی مامۆستای بەتوانا و پەروەردەیی بۆ خوێندكارانی نێوان (٧-١٨) ساڵ.

خوێندكاران لەم كۆلیژەدا شارەزاییەكی تەواو پەیدادەكەن (بە تایبەت لەو دووخاڵەی سەرەوە).

لێرەدا پێویستە لەسەر بەشێكی دیكە هەڵوەستەبكەین ئەویش (پیشەی دەستە **Traditional Hand Crafts**) لە زۆربەی كۆمەڵگەكاندا بڵاوبوەتەوە و بەرچاودەكەوێ.

لێكۆڵەرەوان دەڵێن زۆربەی كاری ئەم پیشەیە لە ڕێگەی كەسێكی خێزان یان هۆزێكەوە بۆ كەسانی دی بەمیراتی ماوەتەوە، لەوپیشانە (دارتاشی، چەرمسازی، زەڕەنگەری، فەرش چنین، چەكسازی، بەرگدرویی، گۆزەچێتی، هتد....).

دروست هونەری شێوەكاری هونەری گوزارشت كردن و هەڵگری فیكر و ستاتیكایە و ڕاستەوخۆ لە ڕێی هەست و چاوەوە هەڵدەسەنگێندرێ(٢٩).

ئەو هەڵسەنگاندنەش دوو ڕەهەندە:

**١ـ دوو ڕەهەندی: twodimensions**

درێژی و پانی، لەسەر ڕووبەری تەخت ئەنجام دەدرێ وەك (وەرەقە، قوماش، دار، شووشە) هەندێ تەکنیکی جیاوازی تێدا ئەنجام دەدرێ لە بەرزی و زبری و چاڵوچۆڵی.


**٢ـ سێ ڕەهەندی: three dimemsions**

پەیکەر و خانوو لە جۆری کارەکانیەتی بە (بەرد، دار، برۆنز، یان مادەی دی) ئەنجام دەدرێت.


جگە لەودوو جۆرە دەتوانین زمانی چاو بە پێکهاتەیەکی تری فەزای تابلۆ ئەژمارد بکەین لە ناوچەمکی چوار ڕەهەندیدا دای بنێین جگە لە چوار ڕەهەندی فۆرم کە (مارسیل دیوشان) بەداهێنەری دەژمێردێ و پاشان دێینەسەری پرۆسەی هونەریی لە فەزای تابلۆدا. لە هەردوو زەمەنی ڕابردوو ئێستادا بەئەنجام دەگات.

ئەم بە ئەنجام گەیشتنە لەبیری هونەرمەنددا وێنەی کێشراوە، بەڵام زەمەنەکەی تر ئێستایە و تابلۆکەی تیا ئەنجام دەگەیەنێت. لێرەدا ئێستا بوەتە هۆش و بیری هونەرمەند، جگە لەو ئەگەرانەی لە فەزای تابلۆکەدا خۆی دەنوێنێ.


ئەم بەرهەمە فۆرمی یەك زەمەنە، ئەو زەمەنەش زەمەنی داهێنانە(٣٠)، بە واتای ئێستا ڕابردووی لە خۆگرتووە هونەرمەند هەمیشە بە شوێن نادیاردا دەگەڕێ، ئەم نادیاریە بەرهەمەکەی پێ دەوڵەمەند دەکات بەو پێکهاتانەی فەزای تابلۆکەی تا ناکۆتا درێژ بکاتەوە بۆ سەلماندنی باشتر و ڕونکردنەوە لەوێنەکەدا ئەو ئامانجانە بەدی دەکرێ.




وێنەی (١)
ژنێك دانیشتوە لەپشت بەلەمێکی
چارۆکەدارەوە خەریکی پاککردنەوەیە



وێنەی (٢)    هەوای سەگ




وێنەی (٣) فەیلەسوفێك ڕاکشاوە




وێنەی (٤) توێکڵی میوە لەگەڵ هەرمێ و

دوو هەنجیر لەسەر مێزێك دانراوە.



وێنەی (٥) ئەم کەرە یەك چاوی هەیە



وێنەی (٦) حەیوانێکی میتۆلۆژی

پرۆسەی داهێنان وەك باسمان کرد چەندە لـەڕووی زەمەنـەوە گرنگـە ئەوەنـدەش لـە کۆمەڵگەکاندا توشی قەیران دەبێت وەك:

١ــ داهێنـان لـە کۆمەڵگـە هەژارەکانـدا کـە زانیـاری زانـستی تێـدا کەمـە گەشەناکات.

٢ـ داهێنان لە پۆلێکدا گەشە ناکات پڕ بێت لە خوێنـدکار، یـان کۆمەڵگەیـەك بەردەوام شتی بەکارهێنراو بەکاربهێنێ، چونکە بەرنامەکان بێ کەڵکـدەبن تەنانـەت ڕاگەیاندنیش شتی دووبارەوەبوو سەرپێی بڵاودەکاتەوە.

٣ـ داهێنان پەیوەستە بە عەقڵەوە، عەقڵیش گەشە ناکات لە بەرنامەی فێربـونی خێرای پەروەردەیدا.

٤ـ داهێنان گەشە دەکات بە گەشەکردنی ئازادیەکان گەر کۆمەڵگە سـەرکوتیش کرابێت.

بە هاو ئامانجی ئەم هەڵسەنگاندنانە لە ژیانی ڕۆژانەی خوێندنـدا بـۆ خوێنـەر و منداڵ بە شـێوەیەکی تایبـەتی گرنگـە، چـونکە ئـەو پێوەرانـە ئـەو مامۆسـتایانە پەروەردە دەکات لەسەر پرەنسیپێك کە پاشان لە خوێندکارەکانیدا پرۆسەکە بەڕاستی و زانستیانە جێبەجێ دەکات بە تایبەت لای منـداڵ ڕەنگدانـەوەی جیـاواز دروسـت دەکات وەك:-

١ـ مومارەسەکردنی کاری هونەریی منداڵ هەستەوەرتر و ناسکتر دەکات، پـشت بەویژدان و هەست دەبەستێ نەك بەزهن و عەقڵ.

٢ـ ڕاهێنانی منداڵ لە بەکارهێنان و توانەوەی هـەموو هەسـتی، وەك ڕاهێنـانی چاو بۆبینینی شتی باش.

٣ـ ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ئاوێتەکردنی چەند کارێك، یاخود ئەوکارانەی لـەباری کۆمەلآیەتیدا بەڕێکەوت بینیونی.

بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەریاندا، دەبێت ئاسانکاری بۆ بکرێ چونکە کۆنترۆڵکردنی لــە بەرهــەمی کەســێتیدایە ڕاهێنــانی لەســەر هاوکــاری کردنــی هاوڕێکــانی و یارمەتیدانیان.

٤ـ مومارەسەکردنی منداڵ لە کـاری هونەریـدا ڕێ خۆشـکەرە بـۆ دەرخـستنی هەندێ لە فیکری خۆی، ئەمەش جۆرێك لە جێگیریی و قورسایی بەدەرنیە.

٥ـ منداڵ هەست بەبونی خۆی و شانازی بە کارەکانیەوە دەکات.

٦ـ منداڵ کارەکانی وەك ئـارەزوو لــە پێنـاوی خۆشەویـستیدا دەردەبـڕێ، واتــە کارکردن ئارەزووە بۆ منداڵ نەك ئامانجی مادی.

٧ـ گوێگرتن و یەکگرتنی هەست و سۆزی خەڵکانی دی وای لێدەکات پەیوەنـدی بە کۆمەڵەوە بەتین و ڕاستگۆیانە بێت.

٨ـ خەریك کردنی منداڵ بە هەندێك زاراوەی هونەریی، پیشەسازی، پیشەیی.

٩ـ ناساندنی منداڵ بە هەندێك زاراوەی هونەریی، پیشەسازی، پیشەیی.

١٠ـ ڕاهێنانی منداڵ لە بەکارهێنانی خامە هونەریەکان و بەکارهێنانی ڕەنگ و خەڵوز و وەرەقە.

**ئەم ئامانجانە پەیوەستن بە پەروەردەی هونەرییەوە، گرنگیدان بەلایەنی گوزارشت کردن لای منداڵ پەیوەستە بە مامۆستاوە و دەبێت بەرنامەی دیاریکراوی هەبێ وەك:**

١ـ دانانی پرۆگرامی گشتی ساڵانە و بەدرێژایی ساڵ دەبێ ئەو وانانــە بـدرێ بــە منداڵ.

٢ـ مامۆستا لەو خامانەی بەردەستی دەبێ سوود وەربگرێ.

٣ـ بەسەرکردنەوەی تێکڕای خوێندنە هونەرییەکان کە بابەتی پەروەردەی هونەرییان لە خۆگرتووە.

٤ـ سەردانی پێشانگە هونەرییەکان، هاندانی منداڵ بۆ بینینیان.

٥ـ ئامادەکردنی کۆمەڵێك فیلمی هونەریی و پێشکەشکردنی بۆ ئاشنابونی چاو.

٦ـ هاندانی منداڵە سەرکەوتووەکان لە ڕێگەی کارەکانیانەوە وەك پێشانگەی مانگانە و وەرزی و دابەشکردنی خەڵات بەسەریاندا.

٧ـ لکاندنی بابەتی هونەریی بەوانەکانی دیکەوە وەك (کۆمەڵایەتی، زانیاری، زمان).

بەو جۆرە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بەرهەمە هونەرییەکان بە شێوەکارییەوە چەندە فەزای بیرکردنەوەی خوێندکار فراوان دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی هونەردا بەهێزتر دەکات.

هەموو کارێکی هونەریی بە چەند پەیوەندییەکەوە گرێدراوە گەر ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، وەك لە خشتەکە دەبینرێت(٣١).

## ٦:٣ پەیوەندی ناو کاری هونەریی:

١ـ پەیوەندی کار بە کۆمەڵگەوە.

٢ـ پەیوەندی کار بە شوێنەوە.

٣ـ پەیوەندی کار بە بینەرەوە.

٤ـ پەیوەندی کار بە هونەرمەندەوە.

٥ـ پەیوەندی کار بە کاتەوە.


٦ـ پەیوەندی کار بە خودی خۆیەوە.

٧ـ پەیوەندی کار بەبزوتنەوە لۆکاڵیەکانەوە.

٨ـ پەیوەندی کار بە کەسانی دیکە- وەك بازرگانی.

٩ـ پەیوەندی ڕەگەزەکانی کاری هونەری بەیەکەوە.

لە بەرهەمێکی هونەریی شێوەکاریدا چەندین ڕەگەز بەیەکەوە گرێدراون، هەر ڕەگەزەیش لەوتاو پێگەی شیکاریدا لە یەکتر جیاوازن.



له كاری هونەریدا هێڵ كێشان گرنگ نیە بەئەندازەی ئەوەی ئەو هێڵە چ ڕۆڵێكی پەیوەندی دەبەستێ لەگەڵ هێڵەكانی تر لە ناوكارە هونەریەكەدا.

هێڵ بە گوزارشتەوە بەستراوە، گوزارشت كردن پەیوەستە بە حاڵەتێكەوە، حاڵەتیش پەیوەستە بەدیدی گشتی كارەكە لە ڕووی داهێنان و چێژەوە. ئەو هێڵانەی لە تابلۆكانی هونەرمەندە گەورەكانی جیهاندا دەبینرێت، هەمان هێڵن كە منداڵ لە وێنە سەرەتاییەكانیدا بەكاریان دەهێنێ. لێكۆڵینەوە زانستیە دەرونیەكان ئەوە دەردەخەن كوڕان هێڵی چەماوە زیاتر بەكاردەهێنن و كچان هێڵی ڕاست.

ئەم تەفسیرە، ئەنجامە هێماییەكانی فرۆیدمان وەبیردێنێتەوە لەسەر فۆرم و هێڵ، ئەو هێمایانە لەسەر بنچینەی تەفسیرە جنسیەكان دای ڕشتبوو. بەهەمان شێوە ڕەنگ كاریگەریی لەسەر هەستی ناوەوە جێ دەهێڵێ، تادەبێتە ئیلهام بەخش. هونەر ئاوێتەیەكە لە دوو ڕەگەزی سەرەكی پێكدێت: هونەر و پیشە. گەر هونەر ئیلهام بێت ئەوە پیشە عەقڵە. زانستە دەرونیەكان بەم جۆرە وێنای هەریەك لە ڕەنگی بۆ كردوین.

| ڕەنگ | هێما | گوزارشت کردن | هەڵگرانی ڕەنگ |
|---|---|---|---|
| ڕەش | شەو، تاریکی | بێدەنگی، قوڵبوونەوە | نادیارن، بەهێزن، توندوتیژن |
| شین | ئاسمان، دەریا | عەقڵ، حیکمەت | رێزی هاوڕێیەتی، جێی متمانەن لە پەیوەندی ئینسانیدا بەهێزن. |
| سپی | ڕوون، پاك | دڵخۆشی، ئاسودەیی | بەهیواوە دەڕواننە ئاسۆ. |
| زەرد | هەتاو، ئاڵتون | ڕووناکبونەوە | حەزبەڕاستگۆیی و ئاشکرابوندەکەن. |
| سور | ئاگر | خۆشەویستی | بەرگری لە خۆیان و چواردەور دەکەن. |
| سەوز | سروشت | خێر و خۆشی | حەز لە گاڵتەجاری دەکەن، توانای تێکەڵبونی ناوخەڵکیان زۆرە. |
| پرتەقاڵی | ڕەنگدانەوە، بریقەدان | تێکەڵاوبون | حەز بەگەرم و گوڕی پەیوەندی، سەرنج ڕاکێشان. |

بەم شیکردنەوانە دەکرێت بەشێوەکاری بووترێت هەمووشتێك لە سروشتی واقیع وەردەگرێ و بەدارِشتنی نوێوە دایدەڕێژێتەوە واتە شێوەیەك لە شێوەیەکی نوێ.

شێوەکاریش بەو لێکۆڵەرەوەیە دەوترێت فۆرمەکان دادەڕێژێت، هەر فۆرەمە لە جێی خۆی.

## ٧:٣ پێشانگە خوێندنگەییەکان:

کردنەوەی پێشانگەی خوێندنگە گرنگیەکی گەورەی لە ژیـانی هونـەری منداڵـدا هەیە. هەست و فیکری منداڵان یەکدەخات، باوەڕی بە خۆی زۆرتر دەبێـت. ئەمانـە هێزی پاڵنەرن بۆ ئارەزوو هەست دەربڕین، لە پیشانگەکاندا نزیکبوونـەوە لـە چـێژی جوانی دەرەوە و ناوەوە ڕوودەدات.

کاردەکاتە سەر بوژانەوەی ئاستی پەروەردەی هونەری لەسەر چـێژ و فیکـر. ئـەم جۆرە پیشانگایانە سەلیقە نوێیەکانی ناو خوێندکاران دەردەخات. پێشانگەکان چەند جۆرێکن لەوانە:

١ـ پێشانگەی پۆلی یەك:

هەموو هەفتەیەك دەکرێتەوە بەمەبەستی بەراوردکردن لەگەڵ ئاستی پۆلەکانی دیکەدا.

٢ـ پێشانگەی ساڵانە، وەرزی:

کاری تێکڕای خوێندکاران لە خۆدەگرێ.

٣ـ پێشانگەی ناوچەیی:

زیاتر لە خوێندنگەیەك و ناوچەیەك بەشداردەبن.

٤ـ پێشانگەی گشتی:

زۆرترین ژمارەی خوێندکاری تێدا بەشدارە، دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمیەکان بەرێوەی دەبەن.

تێکڕای ئەم پێشانگەیانە لە ژێر سەرپەرشتی پەروەردەدا دەبێ بەمەرجێك:

١ـ پێشانگەکە ئامانجی گشتی هەبێ نەك تەنها پێشاندان.

٢ـ پێشانگەکە وێنەیەکی ڕاستی هەبێ نەك تەنها پێشاندان.

٣ـ پێشانگەکە جیاوازی نێوان ئاستی داهێنانی خوێندکاران دەرئەخات.
٤ـ پێشانگەکە نامیلکەیەك لە خۆبگرێ بەناو وێنەی بەشداربوانەوە.
٥ـ هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ئەو کارانەی لە نێوان خوێندکار و مامۆستا یان بەهاوبەشی ئەنجامیان داوە.

## ٨:٣ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی خوێندکار:

هەر بەرهەمێکی هونەریی منداڵ پێی هەڵبستێت ڕاستەوخۆ مامۆستا دەبێت هەڵسەنگاندنی تەواوی بۆ بکات. هەڵسەنگاندن پێوانەیەکی وانەییە خوێندکار لە ئەنجامی بەرهەمەکەیەوە پێی دەگات و گفتوگۆی جدی و کاری باش و لاواز دەردەخات. ئەم ڕێگەیە بۆ مامۆستا پێداچونەوەیە کە ئایا چ خوێندکارێك بەپێی بەرنامەکەی هەڵدەسوڕێت؟. دیارە ئەم ئەنجامە لە پێشانگەی ساڵانەی خوێندنگەدا زیاتر دەردەکەوێت تا بزانرێت کە!.

١ـ منداڵ چەند باوەڕی بە بەرهەمی خۆیەتی.
٢ـ جوانکاری لای منداڵ چەندە.
٣ـ منداڵ چەندە سودی لە کاتی بەتاڵی بینیوە.
٤ـ منداڵ چەندە چێژی لە هونەر بینیوە.
٥ـ منداڵ چەندە پشتی بەخۆی بەستووە لە بەئەنجام گەیاندنی کارە هونەرییەکەیدا.

بۆ ئەنجامەکانی خوێندکار باشترە هیچ جۆرە نیشانەیەك لەسەر دەفتەری وێنە دانەنرێت بە ڵکو بە تەنها لای مامۆستا بێت و ئەوتێبینی و هەڵانەی ڕوویداوە دەست نیشان بکات.


## ٩:٣ ڕەخنەو پەروەردەی هونەریی:

تێکەڵکردنی ڕەخنە و لکاندنی بەبەرنامەی خوێندنی پەروەردەی هونەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٦) و بە تایبەت لە زانکۆی ئۆهایوی ئەمەریکی هەوڵیاندا وەك مادەیەك لە قۆناغەکانی ناوەندیدا بخوێنرێت.

ئامانج لەم کارە تێکەڵکردنی مێژووی هونەر و فەلسەفە و ڕەخنەبوو لە بەرنامەی خوێندندا، چونکە کاتێك مامۆستا خەریکی وانەوتنەوەیە خودی وانەکە دەبێتە بەشێك لە بەشەکانی ڕەخنەی هونەریی، جگەلەوەی ئەم تێکەڵکردنە زانیاری مامۆستا گەشە پێدەکات و تەفسیر و لێکدانەوەکانی فراوانتردەکات.

یەکێك لە ئامانجەکانی پەروەردەی هونەریی بەئەنجام گەیاندنی گەشەی تەواو و شارەزایی بونی کەسایەتی مامۆستایە، بەتایبەت چێژی هونەریی مامۆستا دەتوانێت لێیەوە زۆرێك لە ئامانجەکان بپێکێت.

لە جیهانی هاوچەرخدا ئەم بابەتە بە چەند میتۆدو ڕەگەزێك دەخوێندرێ، لەو میتۆدە گرنگانەی لەسەر بناغەی مەعریفە داڕێژرابێت میتۆدی ( **Discipline Based Art Education**)ە کە بە (**Dbae**) ناسراوە و لەم ڕەگەزانە پێکدێت:



هەر ڕەگـەزێك پەیوەندیـەكی ئۆرگـانی هەیـە بـە پـەروەردەی هونەریـەوە. وەك دەبینرێت مێژووی هونەر و پەیوەندی بە ڕەخنەی هونەرییەوە بەهێزە و نوێنەرایـەتی گۆشەنیگای مێژووی هونەر دەكات جگە لەڕوونكردنەوەی بەرهەم و ڕووداوە مێژوویی و كەلەپورییەكان.

ڕەخنەی هونەریش بەهەمان شـێوە بناغـەی مێـژووی هونـەرە، وەك هەنـدێ لـە بەرهەمەكانی ئەمڕۆبوەتە سامانی نەتەوایەتی و لە موزەكاندا گرنگی پێدەدرێت.

سـتاتیكا، دیراسـەیەكی قـوڵی فەلـسەفی ئەزمونـەكانی جوانیـە و پرسـیار لـە سروشتی هونەردەكات.

ڕەخنەی هونەریش بە زەرورەت بەستراوەتەوە بە بەرهەمە هونەرییەكانەوە. جگـە لە خوێندن و لێكۆڵینەوەی لەناو پەروەردەی هونەریدا زۆرێك لە سودی كۆمەڵایـەتی بەخشیوە و جەماوەری ئاشناكردوە بە پێشكەوتنە مەعریفیەكان و ڕۆشنبیریی جوانی و توانای بینین.

# بەشی چوارەم

## ٤:١-١ خوێندنەوەی هونەرمەند بۆ ڕەخنەگر:

"ئەی کۆمەڵانی سەماکەر ئێوە تەنها دووکەڵە هەوری بەربەیانن، ئێوە گێلێکن تەنها تاڵتاڵی مووی گوێ درێژ دەژمێرن، هونەرمەندی ڕاستەقینە دووکەڵە هەورنیە بەڵکو بروسکەیە، بروسکەش گرمەو گەواڵە دێنیێ".

بەم دەستەواژەیە بول گوگان وەڵامی ئەو ڕەخنەو گازندانەی هەندێك لە هونەرمەند و ڕەخنەگری سەردەمی خۆی پێدایەوە کەلە تابلۆکانی نەدەگەیشتن، ناوی دەبردن بە (سێرکچی، پەککەوتە، بێ پەروا) و پێی دەوتن ئەمانە ئەندێشەی ناتەواویان هەیە.

گوگان لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێیەکی لە دورگەی تاهایتی وەدەنوسێت:"ژنی تاهیتی لەشەودا بەتەنیا نایەتە دەرەوە، لەبەرئەوەی لە تەمتومان دەترسێ، تەمتومانی تاهیتی لە شەودا دەرناچن چونکە لە مێگەل دەترسن".

تابلۆکانی گوگان تەمتومانەو لە مێگەل ناترسێ، مێگەلەو لە تەمتومان ناترسێ، بەهەمان شێوە ڕۆبەرت مۆریس باوەڕی بەو خوێندنەوە میتافیزیکیانەی هەندێ لە ڕەخنەگران نەبوو کە لێکدانەوە و تەفسیریان بۆ کارە هونەرییەکانی دەکرد و پێی دەوتن (زمانتان هەڵەیە) چونکە کاری هونەری تەفسیر ناکرێت بەڵکو باس دەکرێت (مەبەست لە باسکردن: جۆری ماددەی بەکارهاتوو، قەبارە، مێژووی دروست کردن..) زۆرجاریش ئەو زانیاریانە لە پاڵ کارە هونەرییەکاندا دەنوسرێت و ئاماژەی پێدەکرێت خەسڵەتی ئەم وەڵامدانەوانەو گرنگی پێدانی زۆرجار ڕوکاری ڕاستەقینەی

دەسەڵاتی هونەرمەند دەردەخات، هەرچەندە مەرج نیە لێکدانەوەکانی ڕەخنەگر دەقاودەق دیدی هونەرمەند بپێکێت یان بەپێچەوانەوە هونەرمەند بەهیچ وشەیەکی ڕەخنەگر ڕازی نیە چونکە تێکڕای بزوتنەوە هونەریەکان بەو ئاڵۆزییەوە دەکرێت بەهەرەمی دوانەیی ناوزەدبکەین.

هەرەمی دوانەیی پێکدێت لە ئاوێتەبوونی نموونە تەقلیدییەکان و نموونە هاوچەرخ و مۆدێرنەکان لەیەککاتدا، بەڵام هەر نموونەیەك شوناس و فەرهەنگی خۆی هەیە بەدەر لە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کاریگەریی بەسەر بەرهەمەکانەوە هەبووە.


پرۆسە نوێکارییەکانیش هەمیشە هەوڵێك بووە بۆ هەرەس هێنانی فەرهەنگە تەقلیدییەکان هەر چەندە لە نێوان هەردوو جەمسەر و هەوڵەکەدا چەندین خاڵی هاوبەش و پێکهاتەی هاوچوو هەیە. بۆیە ئەستەمە تەنها خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان تەنها بە ئاڕاستەی ئاسۆیی بێت بەڵکو باشتر وایە لە ئاسۆی ستونیدا بەرهەمەکان ئاشنابکرێن.

هونەرمەندان ئەوداهێنەرانەن تەنها وێناکردنی خۆیان دەربارەی ژیان لەبەرهەمەکانیاندا کۆدەکەنەوە ڕەخنەگرانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان دزە دەکەنە ناو ئەو وێناکردنەی هونەرمەند، دەبینرێن زۆرجار ڕەخنەگران لەو هەوڵانەدا شکستیان خواردووە بەپێوانەیەك بەرهەمەکانیان هەڵسەنگاندووە پێشتر ئەو میتۆدانە لای هونەرمەندان ناسراوبوون بۆچونەکان قابیلی ڕەتکردنەوە بووە.

هونەرمەندانی داهێنەر باوەڕیان بەو میتۆدانەیە خۆیان بونیاتی دەنێن، ئەمە ئەو دژە هێــزەی نێــوان هونەرمەنــدو ڕەخنــەگرە. دەکرێــت ئــەم بۆچــونە تاڕادەیــەك پێچەوانەکەی بەهەند وەربگیرێت.

ڕەخنەگران هــەر ئەوانــەبوون پۆلێنکــاری و بانگــەوازی ســەربەخۆیی و نــاوازەی هونەرمەندیان کردووە و دانیان بە ناساندنی داهێنان و هونەرمەندی داهێنەر کردووە و پرۆسەی جیاکاریان ئەنجامداوە.

لە مێــژووی هونــەری شــێوەکاری هاوچــەرخدا دوو جــۆر ئەندێــشە و موخاتەبــە دەبینرێت کاردەکەن بە دوو ئاڕاستەی جیاواز، بۆ هەریەك لەو ئەندێــشەو ئاڕاســتانە هونەرمەندی گەورە و بــەناوبانگ ســنورەکانی تەقلیــدیان تێپەڕانــدووە و توانیویــان شێوازێك بۆخۆیان بدۆزنەوە.




ئەندێشەی یەکەم ئەندێشەی دووەم

لە ئەندێشەی یەکەمدا تێکڕای قوتابخانە هونەرییەکان لە خۆدەگرێت تــا قۆنــاغی ئینتباعیــەکان، خەســڵەتی ئــەم ئاڕاســتەیە ســەلیقەیی و توانــای ڕەنــگ و هێــڵ و هەڵخەڵەتانی چاو بەتێکڕای گوزارەکانیەوە دەگرێتەوە، ئەم مێژووە مێژوویەکی نامۆ و شاراوەی تێدانیە.

گرنگی و ئەندێشە و قوڵیی بەرهەمە هونەرییەکان زۆر بەئاسانی لە ڕێگەی تۆڕی چاو و بینینەوە کاریگەرییەکانی دەنوێنێ. ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر دەکەینەوە چۆنیەتی کارکردن و کاریگەریی بەرهەمە هونەرییەکانی ترە چۆن هەوڵ دەدات لەگەڵ تۆڕی مێشکدا بکەوێتە گفتوگۆ یان ئەندێشەکان چۆن دەجولێنێ.

(جوزیف کوزوث) لە ساڵی (١٩٦٩)دا دەڵێت: هەموو کارێکی هونەریی دوای (مارسیل دیوشان) کاری چەمکگەراییە. بۆ ئەوەی بەجیهانی ئەم هونەرە و هونەرمەندانی بەناوبانگی شارەزابین بۆ ئاسانکاری چەند نموونەیەك دەهێنینەوە تابزانین هونەرمەندانی هەڵگری ئەم ڕێبازە هونەریانە دەربارەی هونەر چۆن دواون و ئایندەی هونەری شێوەکاری چۆن دەبینن بەدەر لەوەی ئێمە زانیاری زیاتر بخەینە سەر، کارونوسینەکان شایەتی حاڵن.

## ٤:١-٢ هونەرمەند و تەنها یەك بەرهەم:

"من ئەو وێنەکێشەم کە هەندێ لە تابلۆکانم بەبزمار بەیەکەوە دادەکوتم". ئەم دەستەواژەیە کورس شویترز(١٨٨٦-١٩٤٨) لە هانوڤەری ئەڵمانیا وتی.

بەرهەمە قەبەکەی ئێستا لە ژێر ناوی (ستونی شویترز)ە وپێشتر بەناوی (مانگ)ەوەبوو پێکهاتبوو لە زۆرێك پاکەتی جگەرەو ڕۆژنامە کۆن و کارتۆنی سەر شەقامەکان، کۆی کردبونەوە و لە ژورەکەی خۆیدا ساڵانی (١٩٢٠-١٩٢٩) خەریکی دروستکردنی بوو. لەبەر گەورەیی قەبارە و درێژیی کارەکە ناچار بۆ ژوری نهۆمی سەرەوەی درێژکردەوە.

کاتێك نازییەکان لە ئەڵمانیا دەریدەکەن، بەرهەمەکەی تێك دەدەن، شویرز ستونی دووەم لە نەرویج بنیات دەنێت، کاتێك نازیەکان پەلاماری نەرویج دەدەن ناچاردەبێ ڕوبکاتە ئینگلستان و کارەکەی جارێکی تر لەناودەچێت و لە ئینگلستان ستونی سێیەم بنیات دەنێتەوە. پاش مردنی لە ساڵی (١٩٤٨) ستونی سێیەم دەگوێزرێتەوە بۆ زانکۆی (نیوکاسڵ) و دەپارێزرێت.

بەم جۆرە کورس شویترز بەهەموو تەمەنی خەریکی کارێك بوو سەرباری ئەوەی شارەوشار دەگەڕا و ئەم کارەی دەگوێزایەوە، زۆرجاریش کارەکەی دەڕوخا٠

جەختکردن و بەردەوام بوون لەسەر کارێکی هونەریی بۆ ژیانی هونەرمەند هەڵسوکەوتێکی گرنگە گەر ئەو کارەش لە کاتی خۆیدا بێبەها بوبێت. هەرچەندە هیچ شتێك بێبەهانیە لەم ژیانەدا بەڵکو داهاتوو شایەتی دەدات لە بەهابونی یان بێبەهایی.

کاتێك کیمیاگەرێکی خوێندکار لەگەڵ مامۆستاکەیدا چەندین مادەی جیاواز تێکەڵ بەیەکتردەکەن، تەمەنیان تەرخان دەکەن بۆ دۆزینەوەی مادەیەك تا لە ئەنجامدا مادەیەك دەدۆزنەوە کە ژەهرە و بۆنی خۆشە. ئیدی کیمیاگەر هەموو تەمەنی دوای دۆزینەوەی ژەهرێك کەوتبوو کە بۆنی خۆش بوو، ئەمە بۆ کیمیاگەر، بەڵام ئەم وێناکردنە لای هونەرمەند جیاوازە و مامەڵە لەگەڵ شیتاڵکردنەوەی مادەدا ناکات بەڵکو ئەندێشەی تێکەڵ بە ئەزمونە تایبەتیەکانی خۆی دەکات(٣٢).

## ٢:٤ هونەری چەمکگەرایی: Conceptual Art

هونەری چەمکگەرایی ستایلێکە لە کۆتایی پەنجاکاندا لە ئەمەریکا و ئەوروپا سەری هەڵدا و پاشان بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە. دەرکەوتنی ئەم هونەرە نەبونی وەزیفە و مەبەستی دیاریکراوبوو بە بابەتەوە، جگەلەوەی بەیاننامەیەك نیە تا دەستنیشانی ڕەهەندەکانی بکات. ساڵی (١٩٦٩) کارەکانی لە موزەی (لیفر کوزنی) ئەڵمانیا دەرکەوت لە ژێر ناوی (چەمك)دا کە زۆرێك لە هونەرمەندانی جیهانی بەشداری ئەو کۆبونەوە گەورەیە بوبون.

لە ڕووی فیکرییەوە ڕوکارێکی جودا و تایبەتی لە خۆگرتووە، دژی تەقلیدە، هەوڵی ئازادکردن دەکات لە پێوەندە کۆمەڵایەتیەکان، ڕێگرە لەبەردەم ئەو هونەرمەندانەی هونەرەکەیان وەك کاڵا دەیفرۆشن.

(سول لویت) ئەم بۆچونانە زیاتر ئاشکرا دەکات و دەڵێت:"بیرۆکە دەبێتە ئامرازێك هونەر دروست دەکات). ئەم هونەرە لە هیچ میتۆدێکدا نابینرێتەوە چونکە سۆسە (حدسی)یەو تێکڕای پرۆسە فیکریەکان لە خۆدەگرێ بەبێ هیچ ئامانجێك بەواتایەك فیکر دەبێتە ئامانجی ڕاستەقینە و چالاکی لە جیاتی خودی کارە هونەریەکە دەبێ، ئەمە قۆناغێکە لە نێوان بیرۆکەو بەرهەمە تەواوبووەکە، بۆیە فیکر دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەم هونەرە، هەڵگرانی ئەم هونەرە پشت بە شتە ڕاستیەکان دەبەستن، واتە کورسیەك یان مێزێك پێشکەش دەکەن، گەر زیادەڕۆیی بکرێت ئەوە وێنەیەکی فۆتۆ یان ڤیدیۆیی لەگەڵ بەشدار دەبێت، یان چەند

لاپەڕەیەکی چاپکراو، ئیدی هەموو ئەم ڕەگەزانە بە هاوبەشی بەیەکەوە گرێدەدرێ و دەبەسترێتەوە، هەیە هەندێ تێکست دادەنێ کە لەگەڵ ئەم ڕووکارەدا بگونجێ.

جۆرێکی دی لەم هونەرە بڕوای بەبەڵگەیە وەك ئەوەی هونەرمەند چالاکییە هونەریەکەی تۆماردەکات بە فۆتۆ یان بەڤیدیۆ و لە جیاتی کارە ئۆرجیناڵەکە پێشکەشی دەکات. هەرچەندە لەکاری هونەری دەچێتە دەرەوە، بەڵام وەك یادگاریەك دەمێنێتەوە.

هەوڵی پەنابردنە بەر وێنەی فۆتۆ بۆ تۆمارکردن دیاردەیەکی جیاواز و نوێیە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا. هونەری چەمکگەرایی وەرگێڕانێکی فیکریی هونەرمەندە بۆ بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەکی گونجاو بۆ گوزارشتکردن لێی.

سەربەستی لە هەڵبژاردنی هەر ماددەیەکی هونەریی و تەقلیدی و باو. کاری هونەری بەرهەمهێنەری جوانی نیە بە ئەندازەی ئەوەی بەرهەمی فیکری بێت و بەشێوەکاریانە وەرگێردرابێت. ئەم ڕووکارە وا لە هونەرمەندەکانی دەکات هەست بە سەربەستیەکی ڕەها بکەن بە جیاواز لە هونەرمەندانی پەیوەست بەروکارە هونەرییەکانی دی.

هونەری چەمکگەرای بیرۆکەیەکە هونەرمەند بەوەرگر (بینەر) دەگەیەنێ، هونەرمەند هەموو جۆرە کەرەستەیەك بەکاردەهێنێ لە پێناو بەیان کردنی بیرۆکەیەك وەك کامێرە، ڤیدیۆ، فاکس، نوسراو، ئامرازی تۆمارکردن، لەگەڵ هەموو ئەو مادە ئامادەبوانەی وێنەو پەیکەر کە بەشێوەی ئاسایی دەست دەکەون.

دەکرێت بوترێت چەمکگەرایی وەك لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفیە، ئەمەش بەئاشکرا و بەئاسانی لە کارەکانی جوزیف کوزوسدا بەرچاو دەکەوێت.

کاری (یەك و سێ کورسی) بەرهەمێکی ناسراوی جوزیفـە، ئـەم دەسـتەواژەیەی دەربارەی کورسیەکی ڕاستیە، کەوێنەیەکی فۆتۆگرافی کورسیەکەو مادەیەکی نوسراو پێناسەی کورسی دەکات و لە قاموسدا دەری هێنابوو نیشان دەدات.

لەلایەکی ترەوە دەکرێت بوترێت چەمککگەرایی وەك لێکۆڵینەوەیەکی بونگەرایییە (وجودیە)، ئەویش بە ئاشـکرا لـە کارەکـانی هونەرمەنـدی یابـانی (ئـون کـوارا)دا دەبینرێت.

کوارا ژمارە و مێژووی ڕۆژەکـان تۆماردەکـات، کـارتی پۆسـتەبەکار دەهێنـێ، کاتێك بیەوێ هاوڕێکانی بەسەر بکاتەوە، کارتێکی پۆست یـان فاکـسێك دەنێـرێ و ژمارە و مێژووی لەسەر دەنوسێ لەگەڵ دەستەواژەی (تا ئێستا زیندوم).(٣٣)

ئـەو پرسـیارەی لێـرەدا دێتـە گـۆڕێ، ئایـا ئـەم هونـەرە دەبێتـە جـێگیرەوەی هونـەرەکانی پـێش خـۆی؟ سـاڵی (١٩٧٩) جوزیـف کارێـك بـەناوی (ژووری زانیارییەکان) پێشکەش دەکات، پێکهاتبوو لە دوو مێزی گـەورە و درێـژ و لەسـەر مێزەکان چەندین کتێبی زانستی و زمانەوانی و فەلسەفی دانابوو، چەند کورسـیەکی بۆ بینەران هێنابوو تا لەسەری دابنیشن و خەریکی خوێندنەوەبن.

لێرەدا کاری هونەری وەك کار ئامادەگی نیە، بەڵام وەك فیکرەی کار خوێندنەوەی کتێبەکانە و بە ئاسانی دەبینرێت، واتـە پرۆسـەکە پرۆسـەیەکی هونـەریی بینینـە. بەواتایەك لەواتاکان گۆڕینی هونـەری بیـنین بـۆ هونـەری ڕوونـاکبیری، فەلـسەفی، وجودی، زانستیە.

ئـــەم سروشـــتە زیـــاتر ئینـــسانیە و وەزیفەیـــەکی کۆمەڵایـــەتی پـــەروەردەیی لەخۆدەگرێت، زانیاری بەبینەر دەبەخشێ، جیاوازترە لە سروشـتی هونـەری بینینـی

مورفولوژی کە بەرهەمی جوان و ناشرین پێشکەش دەکات. جوزیف دەڵێت:"هونەر لە شتەکاندا ئامادەگی نیە، بەڵام هونەر لە چەمکی هونەردا ئامادەگی هەیە".

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە زیاتر قوڵ بینەوە و بەرەو داهێنەرانی ئەم هونەرە بچین. لە مێژووی هاوچەرخدا باس لە زۆرێك هونەرمەند دەکرێت لەم بوارەدا ناوبانگیان پەیداکردبێت، بەڵام هەڵوەستە لەسەر گرنگترینیان دەکەین.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەم هونەرە زۆربەکزی و لاوازی لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەت کوردستاندا دەبینرێت بەوەی لەگەڵ پەیامی گشتی هونەر و خودی هونەرمەنداندا ناگونجێ چونکە زیاتر هونەرمەندان سەرقاڵی لێکدانی ڕەسەنایەتی و هاوچەرخێتین وەك لە هەر ڕوکارێکی دی(٣٤).

## ٤:٢-١ هونەر و تۆڕی مێشك:

هەموو شتێك جوانە، تەنانەت بەرمیلی زبڵەکانیش، بەڵام هەموو شتەکان ئاستێکی بەرز و وردیان نیە بەبەراورد لەگەڵ کیمیاییە شارستانیەتە کۆنەکانی میسری و هێندی.

کیمیاگەری ئەو زەمەنە لە تاقیگەکەیدا بەرامبەر بەو کەرەستانە کەبە پێوانەی سەردەمی خۆی ئالۆزبوون لەگەڵ شیکردنەوە و شتەنامۆکانی دیکەدا دادەنیشت و هەوڵی دەدا میتاڵی بێبەها بگۆڕێت بۆ ئاڵتون. لە شارستانیەتی چینی کۆنیشدا، چینیەکان دورتر هەنگاویان ناو بیریان لەوەکردەوە چۆن بتوانن بەرد بکەنە ئاڵتون!. ئەم ئەندێشانە تەنها ئەندێشەی کیمیا گەربوو، کە لە تواناو ئەندێشەی هونەرمەند بچوکتربوون بەوەی هونەرمەند ئەندێشە دەکاتە هونەر و موخاتەبەی تۆڕی مێشکی

پێدەکات ئەم مێژووە بۆ ساڵی (١٩١٢) و کارەکانی (مارسیل دیوشان) دەگەڕێتەوە بە تایبەتی سەرەتای کارکردنی لەسەر (گەورە شووشە) و ئەم جۆرە هونەرە موخاتەبەی تۆڕی مێشکی پێدەکات. ئیدی دوای ئەم هونەرمەندە بزوتنەوەی هونەریی تەنها خودی هونەرمەند بەڕێوەی دەبات، قوتابخانەی هونەریش هونەرمەند و جۆری ئیشەکانی قوتابخانەکە دەبات بەڕێوە. هەنوکە لەسەر دەمێکدااین پێی دەوترێت (پۆست دیوشانی)، بۆیە پێویستمان بەڕوونکردنەوەو ئاشنابونی زیاتری کارەکانیەتی.

## ٢:٤-٢ کە رەستەکانی مارسیل دیوشان:

گەورە شووشە:

بەیەکێك لە گەورەترین کاری هونەریی ئەم سەردەمە ئەژمارد دەکرێت و نزیکەی هەشت ساڵی خایاندووە.

سەرەتاکانی ئەم بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ تابلۆی (بەڕوتی بە پەیژەکەدا دێتە خوارێ)ی ساڵی (١٩١١)یە، سروشی ئەم کارە لەبەرهەمە شیعرییەکەی (جولس لافورجو) بەناوی (هەروەها بۆ ئەم ئەستێرە بە ناوبانگە)ی وەرگرتووە.

دیوشان دوو پارچە شووشەی بەرامبەر بەیەك دادەنێ کە قەبارەی هەرپارچەیەکیان (١٠٩×٦٩) ئینج و وارنیش و بۆیەی زەیتی تێدا بەکاردەهێنێ، چواردەوری کارەکە بەکابڵێك گرێی دەدات و بنکەیەکی ئەلەمنیۆمی بۆ شوشەکان ئامادە دەکات تا لەسەری دابنرێت و لە هەردوولاوە ببینرێت.

(گەورە شووشە) گوزارشت لە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان بوك و عازەبێك دەكات. دیوشان هەڵچونە سێكسیەكان دەبەستێتەوە بەو ئامێرە جوڵاوانەی كە زۆر بەكاردەهێنرێن لە فۆرم و ئیشكردندا وەك (مەكینەی قاوە، ئاشی قاوە، پەمپی ئاو و ئامێرەكانی تر)...

بەشی هەر شووشەیەك دەبێت بە دوو بەشەوە، بەشی سەرەوە تایبەتە بە بوك و بەشی خوارەوە تایبەتە بە عازەب. لەم بەشەدا ئامێرەكان زۆر بەڕونی و جۆری ئیش كردنیان زیاتر ئاشكراترە جگە لەو ئامێرانە دیوشان نۆ كەسایەتی سیما شاراوە بەجلوبەرگەوە نومایشدەكات.

ئەم كەسایەتی (فۆرم)انە بە (كەشیش، پۆستەچی، پۆلیسی ئاسایش، سوارچاك، پۆلیسی هاتوچۆ، قەبرهەڵكەن، كارەكەر، سەكن (یارمەتی دەری شۆفێر) و بەڕێوەبەری سەنتەری هاتوچۆ) ناودەبات.

چیرۆكە كەواتە چیرۆكی (خۆشەویستی دیوشانی) لە كارەكەدا تەمومژ و نادیار و گرانە، زۆرێك لە نوسەران ئەو نادیاریەیان بە زەردەخەنەی مۆنالیزا شوبهاندووە.

## ٣-٢:٤ كارتۆنی سەوز:

كارتۆنی سەوز ناوی كتێبێكی دیوشانە بابەتی نوسراو، ڕوونكردنەوەی وێنە، سكێچ، و زانیاری لەسەر گەورە شووشەی لە خۆگرتووە. بەتایبەت توانی لە ڕێگەی ئەم كارەیەوە ڕەهەندێكی تر بداتە كاری هونەریی ئەویش چوار ڕەهەندیە، چونكە گەورە شووشە نابێتە تەنها كارێكی هونەریی تا لە ڕێی چاوەوە هەستی پێبكرێت بۆیە دەبێت بینەر زیاتر قوڵ بێتەوە لە هەردوو كتێبەكەو كارەكە و چۆنیەتی

هەڵبژاردنی ماددەکان.

گەورە شووشەو چیرۆکە خۆشەویستیەکەی تابلۆیەکی کێشراو نیە بەڕێگەی تەقلیدیی... یاخود چیرۆکێکی خۆشەویستی و دابڕان نیە و لە هیچ چیرۆك و ڕۆمانێکی دیکە ناچێت... بەڵکو کارێکی (هونەریی... فیکریی... خۆشەویستی)یە بە جۆرێکی دی... ئەمەپەیڕەو ڕێگەی بیرکردنەوەی دیوشانە.

لە زۆربەی کارەکانیدا کارێکی ڕونمان پێنابەخشێ تا بە ڕەنگە ڕەنگاڵەیی و دیکۆرە جوانەکان دیوارەکانی پێ بڕازێندرێتەوە، بەڵکو لە ئەنجامی کارەکانیەوە فیکرێکی جوان یان ڕێگەی بیرکردنەوەی جوانمان پێشکەش دەکات تابینەر بەو ڕێگەی بیرکردنەوە جوانە ئاسودەبێت، جون کیج یەکێکە لە مۆزیکیە هاوچەرخەکان و زۆر بە مارسیل کاریگەرە دەڵێت:"ئەگەر بمانەوێت لە مۆزیکا بگەین مەحاڵە... وەئەگەر بمانەوێت لە کارەکانی مارسیل دیوشان بگەین هەروەها ئەویش مەحاڵە".

## ٤-٢:٤ گەمەی هونەر:

زۆرێك لە نوسەران گرنگیان داوە بەم هونەرمەندە و چەندین توێژینەوەی جیاوازی وەك شیکردنەوەی سایکۆلۆژی سێکسیان لەسەر ئەنجامداوە نوسەران بۆ بەرهەمی (گەورە شووشە) و تابلۆی (کوڕ و کچ لە بەهاردا) پشتیان بەمیتۆدەکانی زانای دەروونناسی (کارل یونگ) بەستووە بۆ شیکردنەوەو تەفسیرەکانیان، جگەلەوەی تەفسیری جیاجیایان داوە بەو ئامێرانەی کە لە گەورە شووشەدا بەکار هاتوون.

لەلایەکی ترەوە توێژینەوەیان کردووە لەسەر ئەو ڕستانەی نوسیونی لە کاتی کارکردنی گەورە شووشەدا لە نێوان ساڵانی (١٩١٥ — ١٩٢٣) هۆکار و تەفسیری

جیاوازیان پێبەخشیوە وەك (عازەب قاوە بۆخۆی لێدەنێت، عازەب بوك دەدۆزێتەوە). ئـەم تەفـسیرانە بـۆ زۆرێـك لـە نوسـەرانی ئێـستا نامۆیـە.. هەنـدێکیان جـوانن، وەهەنـدێکیان ناشـرین نـین، بـەڵام تێکـڕای نوسـینەکان نوسـینی سـایکۆلۆژین و پەیوەندییەکی گەورەیان بە تۆڕێـك لـە تۆڕەکـانی مێـشکی حەیوانـەوە هەیـە. لـە ئەنجامی ئەم بەرهەمەوە دەتوانرێت تۆڕی حەیوان بکرێتە تۆڕی مرۆڤ (واتە لـە ڕووی زیرەکی عەقڵی و دەرەونیەوە!).

هونەرمەند لە هیچ چاوپێکەوتن و نوسینێکیدا شتێکی ئەوتۆی باس نەکردووە و کارەکانی تەفسیر نەکردووە، دژی هیچ یەکێکیش لەوانـە نەوەسـتاوە کـە کارەکـەی بـەپێی سـایکۆلۆژییەتی تایبـەتی خۆیـان تەفـسیرکردووە. بۆیـە کارەکـانی تـەنها تەفسیرێکی لەخۆنەگرتووە و تەفسیری جیاجیای لێکەوتوەتەوە.

کـاتێکیش دەربـارەی هونـەر دواوە ناڕاسـتەوخۆ بـەجۆرێکی دیکـە گوزارشـتی لێکردووە.. دەربارەی چوارگۆشەکانی شـەترەنج دواوە... ڕەش و سـپی.. مـەلیك و وەزیر، پارچەکانی دیکەی وەك قەڵا، سەرباز، فیل، دەیزانی چۆن ڕێز لە فیل دەگیرێ، باش دەیزانی ئەسپ چۆن بجولێنێ، تاجارێکیان دەڵێـت:"ئێمـە هـیچ زەرەرناکـەین و ئەستەمیشە بیبەینەوە، بردنەوەو دۆڕاندن یاسای هەموو گەمەیەکە.. بەڵام جوانترین گەمە گەمەی هونەرە و دۆڕاندنی تێدانیە، چونکە هیچ کێـشەیەك لـە ئـارادا نیـە، هەموو گەمەیەك کێشەو چارەسـەری تێدایـە... ڕۆشـنبیرە گـەورەکان، خـاوەن (لـە خۆگرتنی جەسـتەکان) بـۆ هـەر کـارێکی هونـەریی بەبـەردەوامی بـیر لـە کێـشەو چارەسەرکردن دەکەنەوە، بەڵام لە بەرامبەر کارێکی مارسیل دیوشان لە بیرکردنـەوە دەوەستن و چارەسەرکردن بەدی ناکەن چونکە لە بناغەدا کێشە حـزوری نیـە، ئەمـە

پەیامی دیوشانەو دەیویست بەو جۆرە گوزارشت لـە کارەکـەی بکـات... دەیویـست تۆڕی مێشکی ئەو کەسانە بچێتە ناو تۆڕی ئەو (خاوەن جەستە قەبانەوە). لە ژیـانی تایبەتیدا هەڵسوکەوتی سەیر و سەمەرەی هەبوە، زۆرێـك یـاری شـەترەنجی دەکـرد، ڕێبوارێك بووە، کارەکانی لە سندوقێکی بـچووك ناوەوبۆهەرکۆیـەك چـوبێت لەگـەڵ خۆیدا بردویەتی، لە قاوەخانەوە بەپێ و بە پیاسە بۆ ئوتێلەکەی دەچوو دەهاتەوە، لە کاتی ڕۆشتندا هەموو نۆ هەنگاوێك کەمێك ڕادەوەستا، هەندێ جـاریش پاشـەوپاش دەڕۆیشت، پاشان بە هەنگاوی گەورە و بازدانەوە بەردەوام دەبوو.

## ٢:٤-٥ نوسینەکانی:

زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە نوسین و یاری شەترەنجەوە بەسەربردووە، هەنـدێك لـە هاوڕێیانی پێیان وابووە وازی لە کاری هونەریی هێناوە لە نوسینەکانیدا گرنگی داوە بــە ناونیــشانی قەســیدەو ڕۆمانــەکان و پاشــان ئــەو ناوانــەی لــە نوســینەکانیدا بەکارهێناوەتەوە، زۆرجار گەمەی بە وشەو ڕستەکان کردووە بۆ نموونە: جێگەی پیتی وشەی گۆڕیوە یان جێگـەی وشـەی لـە ڕسـتەیەکدا گۆڕیـوە.. وشـەیەکی چـەندجار بەکارهێناوە لە ڕستەیەکدا... گەڕاوە بە شوێن وشەیەکدا کەلـەو وشـەیە بـچێت تـا بەشێوەیەکی دیاریکراو دایان بنێت وەك:

ژن... پشتی کەوچك

هەوای فەرەنسی... هەوای پاك

پەنجەرەی فەرەنسی... بێوەژنی فەرەنسی و چەندانی تر لەم جـۆرە و لێکدانـەوەی هەندێکیان ئاسانە و هەندێکیشیان گرانە. زۆربـەی ئـەو نوسـینانە لەبـەرگرانی لـە

فەرەنسیەوە وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانەکانی دیکە، چونکە بە ئەنقەست ئەو ڕستە تێکەڵ وپێکەڵانەی بەکارهێناوە و ڕستەی تەواونین بۆ تێگەیشتن. زۆرجار پیتێك یان زیاتری لەوشەیەك دەرهێناوە تا وشەکە مانا ڕەسەنەکەی لە دەستداوە.

پیتی دووبارە کردووەتەوە لە ناو وشەیەکدا تابۆ خوێنەریش گران بووە وشەکە بخوێنێتەوە. لە نوسینەکانیدا ئامێری چاپکردن (**طابعة**)، پەرەموچ، بۆیەی بەکارهێناوە و هەندێ جاریش بەدەست نوسیویەتی لێرەدا گرنگ خوێندنەوەی ئەو نوسینانە نیە بە ئەندازەی ئەوەی چۆن ئەو وشەو پیتانەی لە پاڵیەکدا داناوە و ڕێکیخستون.

## ٢:٤-٦ کێشانی تابلۆ لە خزمەتی عەقڵدا:

ئەم گفتوگۆیەی مارسیل دیوشان لە هەندێ گۆڤار و کتێبی هونەری لە ژێر ناوی کێشانی تابلۆ لە خزمەتی عەقڵدا)دا بلاوبووەتەوە چاوپێکەوتنێکە (جیمس جوهانس) لە ساڵی (١٩٤٦) لە گەڵیدا سازی کردووە، باس لە ساڵی (١٩١١) و ساڵانی دوایی و دیدو فیکری خۆی دەکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کاریگەربووە پێیان و دەڵێت: "ئەو بناغەیەی دامناوە بۆ کارە هونەریەکانم لە ماوەی ئەو ساڵانەی پێش ئەوەی بێمە ئەمەریکا و پێش ساڵانی (١٩١٥) ئارەزوویەك بوو بۆ تێکشکانی فۆرم لە تابلۆدا.. شکاندنی فۆرم و شیکردنەوەی بۆ ڕەگەزە سەرەکیەکان، بەهەمان شێوەی تەکعیبیەکان.. بەڵام من ئەمویست لەوان زیاتر هەنگاو بنێم، دورتر لەوان و بە ئاڕاستەیەکی جیاواز لە ئاڕاستەی ئەوان.

ئەمە لە کاری (بەڕوتی بەپەیژەکەدا دێتە خوارێ) بە دەردەکەوێ، هێدی هێدی ئەم

بیرۆکەیە بوە هەوێنی (گەورە شووشە). بیرۆکەی (بـەڕوتی) لـە هەنـدێ وێنـەی سـاڵانی (١٩١١)وە سەرچاوەی گرتبوو بۆ لێکدانەوەی کارە شیعرییەکانی (جـولس لافورجـو) بـە ناونیشانی (هەروەها بۆ ئەم ئەسـتێرە بەناوبانگـە) بـیرم لـە کۆمـەڵێك وێنـەکردەوە بـە ئەنجامی بگەیەنم بۆ قەسیدەکانی (لافرجو)، بەڵام تەنها سێ وێنەم تەواوکرد.

سەبارەت بە (ڕامبۆ) و (لوتریامون) بۆ من شاعیرێکی دێرینن و لەم کاتەدا بـیرم لە شتی نوێ دەکردەوە نەك کـۆن. کارەکـانی (مالارمیـە) و (لافورجـو) زۆرتـر لـە دەروونمەوە نزیك بوون بە تایبەتیش کاری (هاملێت)ی (لافورجو)، ئەوەنـدەی گـرنگیم دەدا، بە ناونیشانی قەسیدەکانی لافورجـو گـرنگیم نـەدەدا بـە خـودی قەسـیدەکە، ئەوسێ وێنەیەی کێشام (ئەسـتێرەی بـەناوبانگ)، (فـۆرم لەوێنەکانـدا) (بەپەیـژەدا سەردەکەون) بەهەمان مەبەست بوو، بەڵام لە کۆتایدا بیرۆکەی (بەڕوتی)م بۆ هـات، پاشان بیرۆکەی (بەڕوتی بەپەیژەکەدا دێتە خوارێ) نازانم هۆکاری ئەو دابەزینە چیبوو لە بری سەرکەوتن، لە کۆتایدا ئـەم سکێـچەم لـە پێـشانگەی (ئـەرموری شـو) لـە نیویۆرك ساڵی (١٩١٣) نومایش کرد. باوەڕ ناکەم هیچ پەیوەندیەك هەبێت لە نێوان (بە ڕووتی بە پەیژەکەدا دێتە خوارێ) و کاری موستەقبەلیەکان.

موستەقبەلیەکان کارەکانیان لە هـۆڵی (برینهـایم جـون) لـە یـانواری (١٩١٢) دانومایش کرد، من لەوکاتەدا سکێچم دەکرد، یەکـەم سکێـچی زەیتـیم لـە سـاڵی (١٩١١)دا تەواوبووبوو.

لە ڕاستیدا (سفرین)ی وێنەکێشی موستەقبەلیەکانم دەناسی، ئەو کاتە بە تـەنها کارم دەکرد... بەڵام قاوەخانەم هەرگیز تەرك نەدەکرد و دەچوومە سەیری ئـەو وێنـە

فۆتۆگرافیە دووبارەبوانەوەی لەو کاتەدا برەویان هەبوو لە جولـەی ئەسـپ و بـازدانی وێنە ناسراوەکانی (مایو بریدج).

سەرنجدانم بۆ تابلۆی ئەو کاتە تەنها پەیوەستبوو بەتەکعیبیەکان و شیکردنەوەیان لە فۆرمدا، ئامانجی کارکردنم وێنەکێشانی بێدەنگ بـوو بـۆ شـتێکی بـزواو یـاخود نوسینی بێدەنگ بۆشتی بزواو لە زۆرلایەنەوە نەك کاریگەریی سینەمایی لە تـابلۆی کێشراودا. جولاّن و بەرز و نزمی سەری مرۆڤ بۆ من چـەند هێڵێکـی زۆر گرنگبـوو، هێڵەکان لە فەزادا مەلەدەکەن، کاتێکیش ئەو فۆرمە لە فەزادور دەکەوێتـەوە هێڵـە بەیەك گەیشتوەکان یەکتر دەبڕن نیوەی هێڵێك هێڵێك هێڵێکی تر دەبڕێت و بەوجۆرە.

ئیدی هەستم کرد فۆرم دەکەم بەچەند هێڵێك، هێڵەکان بۆ ناوەوە نەك بگۆڕێ بـۆ دەرەوە، کاتێك لە دیمەنەکانی تابلۆکـەم دەڕوانم بـیرم کـردەوە هونەرمەنـد دەتـوانێ هەمووشتێك بەکار بهێنێ.. پنت، هێمای تەقلیدیی، هێمای غەیرە تەقلیدیی.

بەم جۆرە تابلۆی (بەڕووتی) هەنگاوی ڕاستەوخۆم بوو بۆ سەرەتای کـارکردنم لـە (گەورە شووشە)دا و کارەکانی پاشتری وەك (شاوشاژن) کەدوای ئەو بەجێم هێنـا بـە ماوەیەکی کەم فۆرمی مرۆڤ یان ئیـشارەتکردن بـۆ تویێکـاریی لەشـی مـرۆڤ بـەدی ناکرێت، بەلاّم فۆرم هەیە ئەو فۆرمانە لـە کوێـدا دادەنرێـت... لەبەرئـەم فاکتـەری دابەزینو گۆڕانکاریانەی فۆرم تابلۆکانم ناونانێم تابلۆی ئەبستراکتی.

موسـتەقبەلیەکان دیـدێکی جیاوازیـان بەخـشیە هونـەر، بـەلاّم بزوتنەوەکـەیان بەردەوامیەکی بزوتنەوەی ئینتباعیەکان بوو، من نامەوێت بەو چەشنەبم، دەمـەوێت دوربکەومەوە لە ڕواڵەتی ڕوکەشی تابلۆی هونەریی، دەمـەوێت بیرۆکـە لـە تـابلۆی هونەریدا دابنێم، هەمیشە گرنگیم داوە بە ناونیشانی تابلۆ و ئـارەزووم بـووە تـابلۆ

بکێشم تا خزمەتی فیکر و مەبەستەکانم بکات.

کۆربیە (هونەرمەندی فەرەنسی و دامەزرێنەری قوتابخانەی واقیعی) هەمیشە جەختی لەسەر دیتنەوەی تابلۆ هونەرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەکردەوە، بەڵام من ئارەزووی فیکرەیەك بوم نەك تەنها بینینی تابلۆکان، دەمویست تابلۆدابنێم لە خزمەتی عەقڵدابێت، کارەکانم کاری فیکری و عەقڵێن دەمەوێت فیکری خۆم بڵاوبکەمەوە زیاتر لە تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ و سەرنج ڕاکێش. ئەم ڕەهەندە بەئاشکرا دەبینرێ لە کاری (شا و شاژن)دا و هەمان شای یاری شەترەنجە.

بەدرێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو تێکڕای چیرۆکی تابلۆی کێشراوەکان چیرۆکی ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی بوون، وەزیفەی تابلۆکان فێرکاری بوون بە مەبەستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، تێکڕای ئەم تابلۆیانە لە خزمەتی عەقڵدابوون... ئەم تایبەتمەندییەی باسم کرد بوەتە درێژکراوەی ئەم ماوەیەی دوایی و بەتایبەتی لەگەڵ سەرەتای سەدەی ڕابردوو.

لێرەدا مارسیل ڕەخنە لە بول سیزان و هونەرمەندانی تر دەگرێت کە دوای ئەم ستایلە کەوتون وەك (هنری ماتیس، ڕوبرت دیلونی...) تا دەگاتە هونەرمەندە تەکعیبیەکان، دەیسەلمێنێ ئەم کارانە تەنها بۆ ڕازاندنەوەن، بەڵام بە شێوەیەکی پێشکەوتوو، ئەوەی جیایان دەکاتەوە تەنها جیاکاری فۆرمە.

کاتێك بینەر بەرامبەر ئەم کارانە ڕادەوەستێت، ڕەنگە جوانەکان جادووی لێدەکەن، بیرکردنەوە و مێشك دەوەستێنن، بۆیە ئەم کارانە پێش ناکەون.

## ٧-٢:٤ جەخت كردن لەسەر دادایزم:

دیوشان لەو هەڤپەیڤینەدا بەردەوام دەبێت و لایەنگیری بۆ ئەو بزوتنەوەیە دەردەبڕێت كە یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی و دەڵێت:"بزوتنەوەی دادایی یەكەم بزوتنەوەیە دژی كاریگەریی دیتەنی تابلۆی هونەریی وەستاوەتەوە، هەڵوێستی دادایی هەڵوێستێكی میتافیزیكیە، دادا بەبەهێزی مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەكات و جۆرێكە لە عەدەمیەت، ئەمە دەرچونە لە فیكری پەستێونراو و جێی باوەڕكردن نیە، دوركەوتنەوەیە لە كاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو ژینگەیەی چواردەوری هونەرمەندی تەنیوە، ژینگەی كۆن هونەرمەندی بەندكردبوو ئەو دوركەوتنەوەیە دوركەوتنەوەبوو لە فیكر و داڕشتنە بێبەها و بێ نرخەكان، ئەوە ڕێگەیە بۆ ئازادی، دادایزم بەهایەكی هونەریی بەسودە... ئەوپێت دەڵێت... لەبیری نەكەیت تۆ بەتاڵ نیت وەك ئەوەی بیری لێدەكەیتەوە، هەمیشە وێنەكێشەكان یان هونەرمەندان دان بەوەدا دەنێن مامۆستایان هەیە و پاشان دەچنە لای مامۆستای دیكە، لەڕاستیدا ئەو جۆرە هونەرمەندانە دەبنە غولامی مامۆستا.. نامەوێت ببمە غولامی هیچ مامۆستایەك هەرچەندە ئەو مامۆستایەش هاوچەرخ بێت.

خاڵی پۆزەتیڤ لە بزوتنەوەی دادایدا تێگەیشتنە بە ئاسانی، پێم وایە لەو كاتەدا كەسێكی هوشیاربووم، مامەڵەم لەگەڵ شتەكاندا بە ئاسانی كردووە بێ هیچ گرانیەك. بیرمە زۆر دانوستانم لەگەڵ (فرانسیس بیكابیا) دەكرد، بیكابیا وێنەكێشێكی تەكعیبی بوو، زۆر زیرەك و عاقڵبوو لە هاوچەرخەكانی ئەوكاتەی، ئەو هونەرمەندانەی مابونەوە یان لەگەڵ سیزاندابوون یان دژی بوون. ئیدی هیچ

فیکرەیەکی نویٚ نەبوو جەنجاڵیان بکات تا لە کاریگەریی تابلۆ دیتەنیەکان قوڵترو دورت بیربکەنەوە. هیچ باوەڕێکیان نەبوو بۆ ئازادی، دیدی فەلسەفیان لە کارەکاندا بەرهەم نەدەهێنا... بێگومان ئەوکاتە تەکعیبیەکان هەوڵی بلاّوکردنەوەی فیکریی خۆیان دەدا، زۆر شتیان بەدەست بوو، بەلاّم کاتیان نەبوو گرنگی بە میتۆدە فەلسەفیەکان بدەن.

لەلایەکی ترەوە تەکعیبیەکان لە بواری شیکاری فۆرم لە تابلۆدا زۆرێك لە فیکریان بەخشی و بلاّوکردەوە، ئەوکاتە هونەرم بە فراوانتر دەبینی، گفتوگۆش لەسەر چوار ڕەهەندی فۆرم زۆربوو.

بەهۆی ئەم جیاوازی و هەڵە تێگەیشتنەوە بەباشم زانی دووربکەومەوە لە گفتوگۆ تەقلیدییەکان.

## ٨-٢:٤ گوزارشتکردنی ئەنتلجنسی:

(جین بریس بریست) و (ریموند ڕوسل) لەوکاتەدا دووکەسایەتی بوون گرنگیان بەفیکردەدا، بریست زانای ڕێزمان و شیکردنەوەبوو، بەلاّم ڕیموند کاری شانۆیی پێشکەش دەکرد، زۆر پەرۆشی بینینی کارەکانی بووم، هۆکاری ئەم پەرۆشیەشم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام کاری نوێی پێشکەش دەکرد پێشتر نەمبینیبوو. (ئەبولینیر) بەکارەکانی ڕوسلی ناساندم و پێکەوە وامان دەزانی ئەو زانایەکی زمانەوانی یان فەیلەسوف یان زانایەکە لە میتافیزیکا، بەلاّم ڕوسل لای ئێمە هەر ئەو شاعیرە مەزنەبوو، بەواتایەکی دی ڕوسل لێپرسراوی بەرهەمی (گەورە

شووشە)بوو چونکە لە ئەنجامی دیمەنێکی شانۆیی بەناونیشانی (بۆچونی ئەفەریقی) لەگەڵ ئەبولونیر بینیمان ئەو بیرۆکەیەم بۆهات.

بەشێوەیەکی گشتی زۆر کاریگەربووم بەنووسین و دیمەنە شانۆییەکانی، هەمیشە بیرم دەکردەوە وەك وێنەکێشێك کاریگەربم بە نوسەرێك نەك بە وێنەکێش، هەموو توانای خۆم خستەگەڕ بۆ ناسینی کارەکانی (ڕوسل، جین بریست، لوتریامون، لافورجو، مالارمیە...) مالارمیە کەسایەتیەکی زۆرمەزن بوو.

ئەمە ئەو ڕوکارەیەو پێویستە هونەر ڕووی تێبکات... ڕووبکاتە گوزارشتکردنی فیکریی... (گوزارشتکردنی ئەنتلجنسی) لە جیاتی گوزارشتکردنی حەیوانی... من نەخۆشکەوتم لە گوزارشتکردنی (ڕازاندنەوەی دیتەنی).. نامەوێت ببمە حەیوان(٣٥).

## ٤:٣-١ ڕۆبەرت مۆریس:

مۆریس دەڵێت:"کاری هونەری ئەزمونێکی ئاشکرایە و بە ئاشکرا دەمانباتە ناو فیکرەوە".

ساڵی (١٩٦١) سندوقێکی دارین بە قەبارەی (١٢×١٢×١٢) ئینج دروست دەکات پاشان هەڵدەستێ بە تۆمارکردنی دەنگی مشار و چەکوش و بزمار، ئەم دەنگانە بە تۆمارکراوی دەخاتە ناو سندوقەکەوە. مەبەست لەم کارەی بەگژداچونەوەی ئەبستراکتە تەعبیرییەکان بوو بە بەردەوامی ڕەخنەیان لێدەگرت.

ئەم بەگژداچونەوەیە بوە فاکتەرێك وای لە مۆریس کرد شتێك دروست بکات بکەوێتە ئەودیو ئەبستراکت و نواندنەوە بۆ ئەوەی بینەر لە ڕێگەی میتافیزیکیەوە

خۆی نەبینێ لەکاری هونەریدا. ڕەخنەگران مۆریس بەوە تاوانباردەکەن خۆی لە ناوەڕۆکی ئینسانی دەدزێتەوە بۆ ئەوەی بەیەکجاری بیانسڕێتەوە. لە ڕاستیدا کارەکانی لە ناوەڕۆکی ئینسانی نەدەسڕییەوە بەڵکو ئەو ناوەڕۆکەی دەگوێزایەوە بۆ شوێنێکی تر. ئەم ناوەڕۆکە پەیوەندی بە جوڵەی بینەرەوە هەیە، واتە خودی بینەر ئەم ناوەڕۆکە دادەمەزرێنێ نەك ناوەڕۆك ئامادەبێ لە بەرهەمەکەدا. مۆریس ناوەڕۆکی ئینسانی لەکاری هونەریەوە دەگوێزایەوە بۆ بینەر، واتە گوێزانەوە بۆ ئەودیوی نویێ. ئامادەگی بونی بینەر و جوڵەو گەڕان بەدەوری ئەو شتانەی ناو پێشانگە جەختکردنەوەیە لەسەربوونی ئەم ناوەڕۆکە.

مۆریس لەکاری هونەریدا هەوڵی تێکشکانی هەڵخەڵەتاندنی چاوی دەدا، ئەم هەوڵە ئەو کەلێنەی نێوان (وەرگرتن، شت)، (چەمك، بەرهەمهێنەر)ی داخست، بەم کارەی هیچی بۆ بینەر نەهێشتەوە تابونی هەبێ لە کاری هونەریدا. پێش سەد ساڵێك بینەر هەڵخەڵەتابوو، وای دەزانی کەلێنێك لە نێوان خۆیی و کاری هونەریدا هەیە.

تەفسیر و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرد تا هونەرمەند (رینیەماگرێت) ئەو پێوەندەی شکاند و تابلۆ بە ناوبانگەکەی (ئەوە کولاّندن نیە)ی کردە وەلاّم. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی مۆریس هاندان بوو بۆ بەشداریکردن لە شانۆ و دانسدا.

ساڵی (١٩٦١) شانۆگەری (بور فورمنس)ی بۆ ماوەی حەوت خولەك نومایشکرد، ئەم کارە بریتی بوو لە سندوقێکی دارین (داری بلایوود) درێژیەکەی (٦,٥) پێ بوون سندوقەکە بەستونی بابەتی نومایشەکەبوو.

مۆریس لە ناو سندوقەکە بۆ ماوەی سێ چرکە و نیو مایەوە، پاشـان سـندوقەکە هەڵگەڕایەوە و کەوتە سەر زەوی، لەباری ئاسـۆیدا سـێ چـرکە و نیـوی ترمایـەوە، پاشـان پـەردە دادرابیـەوە و شـانۆ کۆتـایی پێهـات. ئـەو کەسـەی سـندوقەکەی هەڵگەڕاندەوە خودی مۆریس بوو، ئەم سندوقە بووە کارێکی هونـەری (شـتێك) پـڕ مەبەست لە ڕووکەشدا بەجێهێنانی ئەم کارە سادەو ساکارە، بەڵام لە ناوەڕۆکـدا پـڕ لـەواتای لـە خۆگرتـووە، وەك کەمکردنـەوەی بزواندنـە بەردەوامیـە یـەك لـەدوای یەکەکان، واتە ئەو بزوتنەوە درامیە تەقلیدیانەی گونجاوبوون بۆسەر تەختـەی شـانۆ، کەمکردنەوەی زەمەنی نومایشکردن بۆ حەوت خولەك.

(بێ ناونیشان) کارێکی دیکەی مۆریسە ساڵی (١٩٦٦) بە ئەنجامی گەیاند، ئەم کارە بریتیە لە سندوقێکی داریـن (داری بلایـوود) بـە ڕەنگـی سـپی چـەورکراوو و قەبارەی (٨×٨×٤) پێ. بینەر هەست بە داڕمان دەکات کاتێك چاوەڕێی کەشفبونی واتایەك دەکات لەم کارە، ئەمە بەرهەمی هەستە، زۆرجێی متمانە نیـە، پێدەچـێت لێکدانەوەی ئەم کارە، واتە چاوەڕێکردنی بینەر لەبەردەم سـندوقێکدا، گـەڕان بێـت بەدوای مانادا بەو واتایەی ئەمە کارکردنە.

ئەم زنجیرە بەرهەمانەی هونەرمەند ئاسانکاریە لـە فۆرمـدا و لـە هـەمان کاتـدا کارێکی نەگەتیڤانەش نیشان دەدات چونکە کاری هونـەری قـوڵترە لـەوەی هەسـتی پێدەکرێت. کارەکانی مۆریس سارد و بێ فرەوێژن، بێدەنگن، ئەو سـندوقە بـە تاڵـە هۆشی بینەر دەجولێنێ تابزانێ چی لە ناواخنیدا بەپەنهانی شاردراوەتەوە، هەرچەندە لە کۆتایدا هەرهەمان سندوقە بەتاڵەکەیە و هیچی دی، بـەڵام بینـەر ناچـار دەبێـت دەربارەی چەمکەکانی هونەر بدوێت. ساڵی (١٩٦٣) بـەیانێك بڵاودەکاتـەوە چـیدی

کاری جوانکاری ناکات و پاشەکشەی لێدەکات.

ساڵی (١٩٦٧) کارێك پێشکەش دەکات هیچ ناوەڕۆکێکی جوانی لە خۆنەگرتبوو بەڵکو کارامەیی هونەریی جێی گرتبووەوە. (ناونیشان) ساڵی (١٩٦٨) بەرهەمی هێنا، ئەم کارەی پێکهاتبوو لە سێ پارچە لبادی ڕەش، ئەستوری هەر پارچەیەك ئینجێك بوو، سێ پارچە لبادەکەی بێ پەروایانە فڕێدا بەبێ هیچ زیادەیەك بەمەبەستی تێکدانی سنورە تەقلیدییەکان، جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی هونەرمەند دەتوانێ و پێویستە سنورێکی قبوڵنەکراو و نەناسراو دابنێ بۆ کارەکەی.

## ٤:٣-٢ نوسینەکانی:

ساڵی (١٩٨٤) بابەتێکی نوسی بەناونیشانی (تێبینییەکان لەسەر فینۆمینۆلۆژیای کارکردن) واتە گەڕان بەدوای داینەمۆ ئەمەی خوارەوە چەند بەشێکی جیاجیای ئەوبابەتەیە.

لە شەستەکاندا بە پەیکەر دەستم پێکرد و تائێستاش بەردەوامم.. ئەم پەیکەرە لەیەکچوانە توانای دیراسەکردنی ڕەوشتی بینەرە و لە کارێکی هونەریی دەڕوانێ. پتەوی و گرانی پەیکەرەکان هەستێك بەبینەر دەدات ئایا دەتوانێ ئەو بارستەیە بلندەکاتەوە یان نا. ئەم هەڵسەنگاندنی کارە والە بینەر دەکات دەتوانێ کارەکە بگرێ و بیجوڵێنێ، ئەمانە ئەگەری جوڵە گەورەتر دەکات وەك دەرخستنی ئەگەری جوڵە جۆرێکە لەیەکچون یان نواندنی ورد بەپێی بارودۆخ، بەڵام بەخشینی فیکرە یان بۆچون دەربارەی جوڵە گێڕانەوەی زەمەنە. هەستی تێگەیشتن پێکهاتەیەکی بەرزی ئاوێتەییە بەمەرجێ بوار بۆ ئەگەرەکان بکاتەوە کە پەیوەستن ئامانج و جیهانەوە،

ڕەگوڕیشەی ئەم واتاو ئامانجانەی جیهان دەکەوێتە دوای هۆشەوە، دەکەوێتــە نێــوان سنوری پێکهاتەی هێزی ڕۆشنبیری و هەست و هۆشی کۆن یان پێگەیــشتوو کــە لــە قۆناغی (پێش قسەکاندا) یان (پێش وتنم) دەردەکەوێت.

زەمەن ئاڕاستەو ئەتمۆ سفیری خۆی هەیــە بەســەر ئــەو شــتە نزیــك و دورانــەدا، هەستەکان بەستراونەتەوە بە ناخمانەوە، دەربارەی قورسایی و هاوسەنگی لە خــوارەوە بۆ سەرەوە، دەربارەی جوڵــە و جێگیریــی، هەســتی گــشتی بێکۆتــایی... ڕەوشــتی جەستەمان پەیوەندی هەیە بەو هەستانەوە.

هونەری مۆدێرن تێوەگلا چونکە نەیتوانی ئەزمونی ڕاستەوخۆ دابماڵێ بــۆ واتــای تایبەتی، هونەری (مۆدێرن) ناتوانێ بگاتە ئەو شتە بێدەنگانە، بەڵام هونەری (نوێ) دەتوانێ بگات لە ڕێگەی ئەزمونی کارلەیەککردن لە نێوان تێگەیــشتنی جەســتەیی یان هەستکردن لە ڕێگەی جەستەو جیهانەوە.

ئەم ئەزمونە کە هونەری نوێ باوەڕی پێــدەکات ئــەزمونێکی کــار لەیەککردنــە، بەســتراوەتەوە بەزەمەنــەوە لەبەرئــەوەی کاتیــە لــە هــەمان کاتــدا بەشوێنیــشەوە بەستراوەتەوە. بوون بەواتای بوونی شــتی هونــەری چارەســەرکردنی شــتە لــە کــاتی دروستکردندا، کەواتە هونەر فۆرمێکە لە فۆرمەکانی ڕەوشت و بەپێویستی دادەنــێ پەیوەست بێن بە جیهانەوە، بەڵام بەداخەوە لەگەمەکاندا نغرۆبووین ئەو گەمانەی لــە هونەردابڕاون. لەسەرەتای شەستەکاندا کێشەیەك بــەرپابوو ئــەویش گــەڕان بــوو بــە شوێن جێگرەوەی سیستەمی ئەبستراکت.

هونــەری مینیمــال چارەســەرێکی گونجــاوی پێــشکەش کــرد (**MINIMAL**) لــە شەستەکاندا ئەم زاراوەیە بڕا بە لایەنێکی قوتابخانــەی هونــەری بــەواتای کــەمتریان

نزمتردێت، سەبارەت بەکاری هونەری واتای کەمکردنـەوە و بەهێزیـە سـەبارەت بـە تابلۆ پرۆسەیەکی سڕینەوەیە. کارەکانی بـەوە جیادەکرێتـەوە دورە لـە بـەکارهێنانی هەموفۆرمێکی ڕازاندنەوە و لە جیاتی دانان بۆ ئەم کـارەش فۆرمـە ئەندازەییـەکان جێی دەگرێتـەوە وەك چوارگۆشـەو لاکێـشە). ئـەو چارەسـەرە گونجـاوەی مینیمـاڵ دروستکردن و دامەزراندن بوو لەجیاتی ڕێکخستن و ڕیزکردن.

پاشان ئاڕاستەیەکی نوێ دەرکەوت دژی ڕێگەی (ڕێکخستن /دروستکردن) بوو بـە ئاڕاستەی دوای مینیمال کاریکرد، بەڕێگەی جەدەلی چارەسەری کێشەکانی دەکرد.

## ٣:٤-٣ ژياننامە:

ساڵی (١٩٣١) لە شاری کانساسی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دایـك بـووە، بەشـی ئەندازەی خوێندووە، هونەری لە دامەزراوەی کانساسی هونەری خوێنـدووە و پاشـان چوەتە کۆلیژی ڕیدی هونەریی لە کالیفۆرنیا. لەسەرەتادا لە شانۆکاری کردووە، چەند کورتە فیلمێکی بەرهەم هێناوە لەگەڵ چەند تابلۆیەك و کاریگەربووە بـە قوتابخانـەی ئینشایی. یەکەم کاری پەیکەری ساڵی (١٩٦١) پێشکەش کردووە.

ساڵی (١٩٦٢) مێژووی هونەری لە کۆلێژی (هفتد) لە نیۆیۆرك خوێندوە.

ساڵی (١٩٦٣) یەکەم پێشانگەی بۆ کارە پەیکـەرەکانی لەگەلـەری (گـرین) لـە نیۆیۆرك کردوەتەوە.

ساڵی (١٩٦٦) نوسینە ڕەخنەییەکانی دەربارەی پەیکەر لە گۆڤاری ئـارت فـۆرم بڵاوکردووەتەوە.

ساڵی(١٩٦٩-١٩٧٠) لە زۆربەی پایتەختەکانی جیهاندا پەیکەرەکانی نومـایش کردووە.

ساڵی(١٩٧٠) بڕیاری داخستنی پێشانگە تایبەتیەکەی لە مـوزەی (وینتـی) لـە نیۆیۆرك دەدا بۆ نارەزایی دەربـڕین بەرامبـەر سیاسـەتی ئەمـەریکا و داگیرکردنـی کەمبۆدیا لەلایەن ئەمەریکاوە(٣٦).

## سەرچاوەكان

١- مفاهيم نقدية.

٢- المدخل الي نظرية النقد النفسي/ زين الدين المختاري-١٩٩٨

٣- حركة النقد /دز حوريه محمد حمو- ١٩٩٨

٤- دەرونزانی/ یوسف عوسمان حەمەد/٢٠٠٤

٥- بنەماكانی فەلسەفەی شیكردنەوەی مەنتیقی/ د. حمید عەزیز-٢٠٠٥

٦- في الرحاب الفكر والأدب/ د. علي المصري-١٩٩٨

٧- نقد الفنون/ د. محسن محمد عطية

٨- مشكلة النقد/ فيصل لعيبى- مجلة المدار

٩- الفن التشكيلي في الأردن/ د. احسان عدسان الرباعى- مجلة التشكيلى-الكويتية.

١٠- مشكلةالنقد/ فيصل لعيبى - مجلة المدار

١١- النقد الفني المعاصر/ طارق بكر عثمان قزاز ٢٠٠٢/١٢/٤

١٢- الابداع/ سعاد جبر/ مجلة التجديد العربي ٢٠٠٥/٩/٢١

١٣- حول عملية الخلق و الأبداع في الفن و الأدب/ د. مصدق الحبيب.

١٤- ادب الأطفال و ثقافتهم/ د. سمر روحي الفيصل-١٩٩٧

١٥- الأبداع في الفن و العلم / د. حسن احمد عيسى.

١٦- الايروتيكا و السوريالية/ هيربرت بيكر/ و. رشيد بو طيب/ مجلة الكرمل ٧٦-٧٧ -٢٠٠٣.

١٧- الأبداع و الشخصية/ د. عبدالحليم محمود السيد/ دراسة سايكولوجية- قاهرة- دارالمعارف.

١٨- جمالية الفن العربي/ د. عفيف بهنسي/١٩٧٩

١٩- تساؤل مطروح حول مفهوم (الأصالة و المعاصرة)/ علي عمر أرميص/ مجلة الميراث/ ١٩٧٩/١٢/١٠

٢٠- الثقافة العربية و عصر المعلومات /د. نبيل علي/ يانوار-٢٠٠٦

٢١- الأدب المقارن مشكلات و آفاق/ د. عبده عبود / ١٩٩٩.

٢٢- أدب المقارن (اسم و طبيعة)

٢٣- جمالية الفن العربي/ د. عفيف بهنسي/١٩٧٩

٢٤- الأمبريالية و الأشتراكية/ إدوارد سعيد/١٩٩٥

٢٥- الابروتيكا و السوريالية /هيربرت بيكر/ و. رشيد بوطبيب/ مجلة الكرمل عدد٧٦-٧٧-٢٠٠١

٢٦- جمالية الفن العربي/ د. عفيف بهنسي-١٩٧٩..

٢٧- التفضيل الجمالي/ د. شاكر عبدالحميد - مارس ٢٠٠١

٢٨- الثقافة العربية و عصر المعلومات/ د. نبيل علي/ يناير٢٠٠٦

٢٩- الفن بأعتباره دراما إنسانية/ هفال يوسف-٢٠٠٦.

٣٠- لماذا التربية الفنية/ حميد الروقي/ مجلس الوطني للثقافة (الكويت) ٥-٢-٢٠٠٥

٣١- مشكلة النقد/ فيصل لعيبي/ مجلة المدار.

٣٢- انا فنان العمل الواحد/ حسن شريف/ جريدة البيان ٢٦ يوليو ١٩٨٩.

٣٣- لايقين في الفن/ محمد كاظم/ دائرة الثقافة الاماراتية/٢٠٠٤
٣٤- لــيس كــل مــن يرســم خطــا فنانــا مفاهيميــا/ د. عبــدالكريم الــسيد
www.alrabetta.ae
٣٥- ئامادەكراوە لە بەشێکی کتێبی/ حسن شريف/ الفن الحديث- ١٩٩٥.
٣٦- لەهەمان سەرچاوەی پێشوو ئامادەکراوە.
٣٧- الفن الاسلامي الالتزام و ابتداع/ صالح احمد الشامي/ مجلة التـشكيلى- الكويت- الانترنيت.